حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

# زمانی جەستە

## لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە

نامەیەکە پێشکەش بە ئە نجوومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا- زمانەوانی

لە لایەن
**شنە ئەبوبەکر ئەحمەد**
بەکالۆریۆس/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر/ 2001

بە سەرپەرشتی
**پ.ی.د. یوسف شەریف سەعید**


| | | |
|---|---|---|
| 2008 زایینی | 1428 کۆچی | 2707 کوردی |
| ( کانوونی دووەم ) | ( زولحیجە ) | ( بەفرانبار ) |

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ئامادە کراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ. ی. د. یوسف شەریف سەعید
سەرپەرشتیار
مێژوو: / /2007

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم
سەرۆکی لیژنەی خوێندنی بالا
کۆلیژی زمان / زانکۆی سەلاحەددین
مێژوو: / /2007

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ قوتابیەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی ترییەوە کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( . . . . . . . . . ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی لە زمانی کوردیدا پێ بدرێ.

واژۆ:
ناو: د. قیس کاکل توفیق
ئەندام
مێژوو: / 1 / 2008

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. طالب حسین علی
سەرۆکی لیژنە
مێژوو: / 1 / 2008

واژۆ:
ناو: د. ساجدە عبداللە فرهادی
ئەندام
مێژوو: / 1 / 2008

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. یوسف شریف سعید
ئەندام و سەرپەرشتیار
مێژوو: / 1 / 2008

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسند کرا.

واژۆ:
ناو:
راگری کۆلێژی زمان
مێژوو: / / 2008

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾

سورة النور: آية ( ﴿﴾ )

# سوپاس و پێزانین

به پێویستی دەزانم سوپاسی ئەم بەڕێز و لایەنانەی خوارەوە بکەم:

- ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان و سەرۆکایەتی بەشی کوردی.
- بەڕێز مامۆستا و سەرپەرشتیارم (پ.ی.د. یوسف شەریف) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینییە وردەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەوڵەمەند کرد.
- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن فێری زانست و زانیارییان کردم، بە تایبەتی مامۆستاکانم لە کۆرسی ماستەر.
- بەڕێز د. عەلی مەحمود جوکل لە پێدانی هەندێك سەرچاوەی بەسود.
- باوکی بەڕێز و مامۆستای یەکەمم (مامۆستا ئەبوبەکری مەلای ڕەش)
- هاوسەری بەڕێزم (علی یوسف) لە وەرگێڕانی دەقە فارسی و ئینگلیزییەکاندا زۆر ماندووم کرد.
- ئەو هاوڕێ بەڕێزانەی لە بە دەست خستنی سەرچاوەدا هاوکارییان کردم، بە تایبەتی (کاك شێرزاد، کاك دلێر، کاك سەنگەر)
- بەرێز (حوسێن یوسف عەزیز) بۆ یارمەتیدانم لە هەندێ کاری کۆمپیوتەردا.

ئەم نامەیەم پێشکەشە بە :

- باوکی ئازیـــزم
- دایکـــی خۆشەویستم
- هاوسەری بەڕێزم
- خوشکەکانم: هاڤـــان و خەنـــدە
- براکانم: کـــارزان و لیّـــزان
- یــــــارا

# لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| Gesture | ئاماژە |
| Iconic Gesture | ئاماژەی ئایکۆنیکی |
| Technical Gesture | ئاماژەی تەکنیکی |
| Autistic Gesture | ئاماژەی خەیاڵی |
| Lexical Gesture | ئاماژەی لێکسیکی |
| Folk Gesture | ئاماژەی نەتەوەیی |
| Body smell | بۆنکردنی جەستەیی |
| The Simple Smile | بـزە |
| Body hearing | بیستنی جەستەیی |
| Voice hearing | بیستنی دەنگ |
| Kinemorph | تاکە جووڵە، جووڵـە |
| Paralinguistic features | تایبەتـمەندییەکانی پەرەزمانەوانی |
| Complementing | تەواوکەری |
| Paralanguage | پەرەزمانی |
| Message | پەیام |
| Normal Communication | پەیوەندی گشتی |
| Communication | پەیوەندیکردن |
| Contradicting | پێچەوانەیی |
| Smiling | پێکەنین |
| The Upper Smile | پێکەنینی سادە |
| The Broad Smile | پێکەنینی بەدەنگ |
| Accenting | جەخت کردنەوە |
| Kinegraph | جووڵە پێو |
| Kinesicist | جووڵە ناس |
| Flow of affect | جووڵەی کاریگەر |
| Micromomentaly | جووڵەی وردی چرکەیی |

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Facial expression | حالأتی رووخسار |
| posture | حالّەتی جەستە |
| Body touch | دەست لێدان |
| Face touch | دەست لێدانی رووخسار |
| Context | دەورروبەر |
| Repetition of verbal by non verbal Communication | دووبارە کردنەوەی پەیوەندیکردنی زمانی بە نازمانی |
| Repeating | دووبارەکردنەوە |
| Postural Echo | رەنگدانەوەی جەستەیی |
| Regulating | رێکخستن |
| Kinesics | زانستی جووڵەوانی |
| Eye contact | زمانی چاو |
| Source | سەرچاوە |
| Body vision | شێوەی جەستە |
| Face vision | شێوەی رووخسار |
| Eye vision | شێوەی چاو |
| Feed back | کاردانەوە |
| Communication Channel | کەناڵی پەیوەندیکردن |
| Substituting | لە جیاتی |
| Kine | لەرزین |
| Proximics | ماوەی نێوان کەسەکان |
| Sender | نێرەر |
| Kineme | نیمچە جووڵە |
| Symbol | هێما |
| Automatic signals | هێمای ئۆتۆماتیك |
| Receiver | وەرگر |

# ناوەڕۆك


**پێشەکی....... ....... .......... ........... ................................ 4-1**

1- ناونیشانی باسەکە ...... ................................................. 2

2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە ....... ................................... 2

3- سنوور و کەرستەی لێکۆڵینەوەکە...... ........................................ 2

4- گرنگی کارەکە ....... ....................................................... 3

5- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە...... ............................................. 3

6- گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە......... .......................................... 3

7- ناوەڕۆکی بابەتەکە .......... .......................................... 4

**بەشی یەکەم ( پەیوەندیکردن )........... .... ..... .... ......... .. ... 5-31**

1-1 چەمك و پێناسەی پەیوەندیکردن ........................................ 5

1-2 ئامانجەکانی پەیوەندیکردن ............................................ 13

1-3 تو خمەکانی پەیوەندیکردن ............................................ 18-15

1-3-1 نێرەر...... ...... .... .... 15

1-3-2 پەیام ............................................ 15

1-3-3 وەرگر........................................... .... 16

1-3-4 کەناڵی پەیوەندی کردن .......................................... 16

1-3-5 کاردانەوە ( هەڵسەنگاندن ) .......................................... 17

1-4 جۆرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕووی دەربڕینەوە ............................ 19

1-4-1 پەیوەندیکردنی زمانی ............................................ 21

1-4-2 پەیوەندیکردنی نازمانی ............................................ 22

1-2-4-1 هۆکارەکانی گواستنەوەی واتا لە پەیوەندیکردنی نازمانی .................. 26

3-2-4-1 سیستەمی پەیوەندیکردنی نازمانی ................................ 28

5-1 جیاوازی نێوان پەیوەندی زمانی و نازمانی ............................... 30

**بەشی دووەم (زانستی جووڵەوانی) .. .. .. .. .. ................. ................ 82-32**

2-1- سەرەتا ..................................................................... 32

2-2- زانستی جووڵەوانی ....................................................... 35

2-2-1- ئاماژە ....................................................................... 45

2-2-1-1 جۆرەکانی ئاماژە ........... .............................. .... 53

2-2-2- حاڵەتی جەستە .................................................................57

2-2-3- حاڵەتی ڕووخسار...................................................................64

2-2-4- زمانی چاو ...........................................................................70

2-3- رۆڵی زانستی جووڵەوانی ............................................ .........74

2-4- گشتێتی زانستی جووڵەوانی ................................................76

2-5- ئاماژە بەکارهاتووەکان لە زمانی کوردیدا ......... ..................... 80-77

2-5-1- ئاماژەکانی سەر ............................................................. 78

2-5-2- ئاماژەکانی دەم و چاو ........................................................ 78

2-5-3- ئاماژەکانی دەست.............................................................. 80

**بەشی سێیەم (کاری مەیدانی)................................................ 83 -94**

ئە نجامی لێکۆڵینەوەکە .............................................................95 -98

لیستی سەرچاوەکان .............................. ........................... 99-102

# پێشەکی

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە کوردیدا لە هەندێك لایەن زۆر هەژارە و تاکو ئێستا باس نەکراوە، ئەو لایەنەی کە زیاتر ئاوڕی لێدراوەتەوە لایەنە زمانییەکەیە کە بریتیە لە دەنگ و وشە و ڕستە، لایەنە نازمانییەکە کەمتر باس کراوە، بە تایبەتی زمانی جەستە، چونکە ئێمە لەکاتی قسەکردندا زۆر دەجووڵێین و ئەوەی کە بە زمان دەیڵێین بە جووڵەو ئاماژەی دیاریکراوی جەستەیی دەربڕین، ئەو جووڵانەش زۆرجار ئاگایانە و زۆرجاریش نائاگایانە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین ئەنجامیان دەدەین. زۆر ئەستەمە و ناکرێ کاتێك قسە بکەین و هیچ جووڵەیەکی جەستە بەکار نەهێنین، بۆیە پسپۆڕان ئەوە دەردەخەن کە هەموو جووڵە و ئاماژەکانی زمانی جەستە وەك زمانی ئاخاوتن واتای دیاریکراویان هەیە. پەیوەندیکردنی نازمانی تاکە زمانە کە لەسەرانسەری جیهاندا بەکار دەهێنرێت، زانایان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە یەك گفتوگۆدا کە لە نێوان دوو کەس ئەنجام دەدرێت (30٪) واتاکەی بەشێوەی زمانی و (70٪) واتاکەی بەشێوەی نازمانی دەبێت.

دەربارەی گرنگی پەیوەندیکردنی نازمانی ئاماژە بە شیعری چەند شاعیرێك دەکەین، کە لە شیعرەکانیاندا چەندین نموونە بەدیار دەکەوێت:

**ـ مەحوی دەڵێت :**

برۆ داگرتنت عوشاقی پێ چوونە شەرارەی مەرگ

دەها مەرگ ئینتظارێکن بە ئەمرێکی برۆ ڕۆیین

**ـ نالی دەڵێت :**

گوتم:ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من ؟

برۆی هێنایە یەك، وەك شکڵی (لا) یەعنی کە بێ زارم

ئەم نامەیەش هەوڵێکە بۆ گرنگی دان بە هەندێك لایەنی نازمانی ـیە تایـبەتی زمانی جەستە لـە کوردیدا، لـە خوارەوەش مەبەست و گرنگی و هۆکاری ئەم نامەیە دەردەخەین:

## 1- ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی ( زمانی جەستە ـ لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە)، کە بە بەشێك لـە پەیوەندیکردنی نازمانی دەژمێردرێت و یارمەتیدەری زمانی ئاخاوتنیشە لـە پەیوەندیکردنـدا، ئەم بابەتە لـە زمانەکانی تردا بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی لـەسەر کراوە، بەڵام لـە زمانی کوردیدا تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لـەسەر نەکراوە، بۆیە گرنگی و بایەخی بابەتەکە ئەوەندە دەهێنێت کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیـمی لـەسەر بکرێت.

## 2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

لـەبەر نەبوونی هیچ لێکۆڵینەوە و بابەتێکی زانستی لـەم بارەوە، تەنانەت ناونیشانی باسەکەش لـە کوردیدا نەبوو، تەنیا بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلـیزی لێکۆڵـینەوە و کتـێبم بەر چاو کەوتبوو، هەر بۆیە ئەو بابەتە سەرنجی راکێشام و هەوڵمدا لێکۆڵینەوەی لـەسەر ئەنجام بـدەم، ئەم کارەش هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی لایەنە پڕ بایەخ و گرنگەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی بەتایـبەتی زمانی جەستە لـە کوردیدا.

## 3- سنوور و کەرستەی لێکۆڵینەوەکە

سنووری لێکۆڵینەوەکە لـە چوارچێوەی ئەو هێماو ئاماژە گشتییانەن کە لـە زمانی کوردیـدا رۆژانە بە تەنیا یان لـەگەڵ قسەکردندا بەکار دەهێـنرێن، کەرستەکانیش لـە چوار چێوەی چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی دان، کە بە شێوەی کارێکی مەیدانی ئامادەکراوە.

## 4- گرنگی کارەکە

گرنگی کارەکە لەوەدایە کە هەوڵدراوە ئەم زمانە ئاشکرا بکرێ، چونکە ئەو ڕۆڵەی کە ئەو زمانە دەیبینێ کەمتر نییە لە زمانی قسەکردن، هەروەها هاوشانی زمانی قسەکردنە و قسەکردنیش بەبێ زمانی جەستە سەرنج و گرنگی نابێت، تەناتەت بە تەنیا واتایەکی ناتەواوی دەبێت، چونکە ئەو واتایەی کە زمانی جەستە هەڵیدەگرێت کاریگەرتر و باوەڕ پێکراوترە لە زمانی قسەکردن.

## 5- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ڕێبازی (وەسفی)یە و کارەکەش کارێکی مەیدانییە، بە شێوەیەك لە شیکردنەوەی زمانی جەستەدا زیاتر بایەخ بە نموونەی بەکارهاتوو لە ژیانی ڕۆژانەدا دراوە، کارە مەیدانییەکەش ڕۆڵی زمانی جەستە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

## 6- گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە

لەو گیروگرفتانەی کە لە کاتی ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەکە هاتۆتە پێش، کەمی سەر چاوەی زانستییە بە تایبەتی بە زمانی کوردی، کە بەدەگمەن سەرچاوەی زانیستیم لەم بابەتەیە زمانی کوردی دەست کەوت، سەرچاوەکان زیاتر عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بوون، کە ئەمەش کاتێکی زۆری دەویست بۆ وەرگێڕانیان، هەروەها گرفتێکی تر لەکاتی بەکارهێنانی زاراوەکاندا، چونکە لە زمانی کوردیدا بەکار نەهاتوون بۆیە زاراوە بیانییەکانم لەناو کەوانەدا لە تەنیشت کوردییە کە نووسیوە، هەندێك جاریش تەنیا زاراوە جیهانییەکەم وەك خۆی بەکار هێناوە.

## 7- ناوەڕۆکی بابەتەکە

نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێك هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە پێشەکییەکەدا ناونیشانی نامەکە و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە و سنووری لێکۆڵینەوەکە و گرنگی و ڕێباز و گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە باس کراوە.

**بەشی یەکەم** : بەشێکی تیۆرییە و لە چەند سەرە باسێك پێك هاتووە، بە شێوەیەکی گشتی لەم بەشەدا باس لە چەمك و پێناسە و ئامانج و توخمەکانی پەیوەندیکردن کراوە، هەروەها ئاماژە بە جۆرەکانی پەیوەندیکردن لە ڕووی دەربڕینەوە (زمانی و نازمانی ) کراوە، لەگەڵ باس کردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی واتا و گرنگی و سیستەمی پەیوەندیکردنی نازمانی.

**بەشی دووەم** : بەشێکی تیۆری پراکتیکییە و تایبەتە بە باسی زمانی جەستە، کە پێناسە و بەشەکانی و ڕۆڵ و گرنگی زمانی جەستە لە پەیوەندیکردندا خراوەتە ڕوو، کە تیایدا نموونەی جۆراوجۆر لە کلتوری جیاواز و بە تایبەتی لە کلتوری کوردیدا هێنراوەتەوە، لەگەڵ ئاماژەکردن بە چەند وێنەیەکی ڕوونکراوەیی (توضیحی) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی نموونەکان. لە کۆتایی ئەم بەشەشدا ئاماژە بە چەندین نموونە و ئاماژەی بەکارهاتوو لە زمانی کوردیدا کراوە، کە ئاماژەی تایبەت بە حاڵەتی جەستە و ڕووخسار و ئاماژەی چاو و دەستەکان دەگرێتەوە.

**بەشی سێیەم** : ئەم بەشە بەشێکی مەیدانییە، کە بریتیە لە (10) وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە شێوەکانی زمانی جەستە، کە لە نێوان (50) کەس ئەنجام دراوە، لەگەڵ دەرخستنی ئەنجامی کارە مەیدانییەکە.

لە کۆتاییشدا نامەکە لە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆی تایبەت بە کارە مەیدانییەکە و کورتەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێك هاتووە.

# بەشی یەکەم: پەیوەندیکردن

## 1-1 چەمك و پێناسەی پەیوەندیکردن

هەر لەو کاتەی کە مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییەدا دەژی، پەیوەندیکردن کۆڵەگەیەکی گرنگ بووە لە ژیانیدا، بە شێوەیەکی بەردەوام و رۆژ بە رۆژ پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینیوە، چونکە هەر لە دێرین زەمانەوە پەیوەندیکردن وەك هۆکارێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا رۆڵی بینیوە. مرۆڤیش بە بەردەوامی لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنیدا لە دەوروبەریەوە شت فێردەبێت و زانیاری و شارەزایی و کارامەیی زیاد دەکات، بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڵوێست و کەسانەی کە لە ژیانیدا هەیە بکات.

پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی سەرەکییە لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤدا، کە لە رێگایەوە مرۆڤ تێدەگات و هەست دەکات ژینگەی دەوروبەری چی تێدایە، هەروەها وا تای ترو دیاریکراو لەسەریان زیاد دەکات، ئەمەش وادەکات مرۆڤ سەرکەوتوو بێت لە هەڵس و کەوتی لە گەڵ کەسانی دەوروبەری، یان کاریگەر بێت بە سەریانەوەو ئەوانیش کاریگەر بن بە سەریەوە، ئەو کاریگەریەش تەنیا لە رێگای ئەو پرۆسە سەرەکییەوە جێ بەجێ دەبێ کە پەیوەندیکردنە. ( ما جدە سید عبید :2001 : 216)

پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کۆمەڵێك هۆکار حوکمی لەسەر دەکات، لەوانە هۆکاری دەروونی، کۆمەڵایەتی یان شارستانی، هەروەك چۆن ئەو هۆکارانە لە گەڵ بارودۆخ و سەردەمدا هاوشانن، کەواتە پەیوەندیکردن زۆر تایبەتمەندی هەڵدەگرێ کە تەنیا لە رِوانگەی بیرو باوەڕو پێودانگ و داب و نەریتەکەی نەبێ چەمکەکەی لێکنادرێتەوە.

مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بە هۆی کارتێکردن و پەیوەندی بە کەسانی دەوروبەرییەوە پەیوەندیکردن بۆتە پێویستییەکی ژیانی، چونکە پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاماجدەرو پێویستە بۆ بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی کلتورو شارستانییەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. ( جودە بنی جابر : 2004 :169 )

وشەی پەیوەندیکردن (Communication) لە لاتینی وەر گیراوە (communis) واتە بەشداریکردن لە بیرو ڕاو قسەکردن، یان راوێژکردن، یان دیاریکردنی بڕیار.(Harms :1974:38) هەروەها پەیوەندیکردن واتە هاوبەشی کردن و بەشداریکردن لە زانیاری یان گۆڕینەوەی زانیاری و هەست و سۆز و ئاراستە. (محمد الصیرفی : 2006 :14 )

وشەی پەیوەندیکردن بە زۆر واتای جیاواز بەکار هاتووە، چۆتە ناو زۆربەی مەیدانەکانی ژیان و واتاکەی فراوان بووە، بەڵام باوترین پێناسەی بریتییە لە گوا ستنەوەی بیرو ڕا و زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. هەروەها پەیوەندیکردن گەلێك رۆڵ و مەبەست و ئەرکی گرنگی زمان دەگێڕێ کە بە هۆیەوە مرۆڤ زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، کاری گەری دەخەنە سەر یەکتر، یان گوزارشت لە هەڵوێست و هەست و سۆزیان دەکەن.

ئەگەر پەیوەندیکردن پەیوەست بێت بە دروست بوونی ژیانی مرۆ ڤ و پێکهێنانی کۆ مەڵگای مرۆڤایەتی، ئەوا واتایەکی جۆراوجۆر وەردەگرێت لەلای خاوەن تایبەتمەندییە جیاجیا کان، ئە مە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە دەگمەن لێکۆڵەرەوان لەسەر واتایەکی دیاریکراوی پەیوەندیکردن ڕ ێك بکەون، هەر ئەمەش وایکرد هەندێك لە لێکۆڵەرەوان بڵێن پەیوەندیکردن لە ڕوویێکەوە ئا شکراو لە ڕوویێکەوە نائاشکرایە، ئەگەر بێتو ئاشکرا بێت ئەوەیان ڕەنگدانەوەیەکی بە پەلەیە و خوێنەرمان خستە پێش پێناسە تەقلیدییە باوەکە، ئەگەر هاتو هەوڵماندا چوارچێوە فراوانەکەی سنووردار ب کەین و بواری بەکارهێنانەکەی دیاری بکەین، دەبینین لایەنە ئا شکراکەی دەردە کەوێت و لایەنە کەی تریشی بە نائاشکرایی دەمێنێتەوە.

بەکارهێنانی چەمکی پەیوەندیکردن هەندێکجار لە نێوان تەسك بوونەوەو فراوانبوونێکی بەهێز دێت و دەچێت، هەندێك لە لێکۆڵەرەوان پەیوەندیکردن بە بواری پەیوەندیکردنی مرۆڤی دادە نێن، ئەم بەکارهێنانەش لە لای هەندێکی تر درێژەی پێدەدرێ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی هەموو شێوە چالاکییەکان بگرێتەوە، لە نێوانیشیاندا پەیوەندیکردنی نێوان ئاژەڵ بگرە هەندێك جار تا دەگا تە ئامێرەکانیش. ( مصطفى عبدالسميع : 2005 : 60)

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی پەیوەندیکردن بە واتایەکی زانستی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ چەند پێناسەیەك، تا یارمەتیدەر بێت بۆ دەستکەوتنی وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ واتای پەیوەندیکردن:-

- (کارل هۆفلاند) دەڵێت: پەیوەندیکردن پرۆسەیەکە کەسێك (نێرەر) پێی هەڵدەستێ بە ناردنی پەیامێك بە مەبەستی ڕاستکردنەوە یان گۆڕینی ڕەفتاری کەسێکی تر ( وەرگر ).

- (شانون و ویفەر) دەڵێت: پەیوەندیکردن نمایشی ئەو هەموو هۆکارو ڕێگایانە دەکات کە کاریگەری عەقڵێك بەسەر عەقڵێکی تر دەبیێت بە بەکارهێنانی ڕەمزی جیاواز.

- (لیلاند براون) دەڵێت: پەیوەندیکردن بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەو ناردنی بیروڕاو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و کارامەیی بۆ کاریگەربوون بەسەر کەسانی تر. (جودە بنی جابر: 2004 : 170 )

- (کرۆنکت) دەڵێت: پەیوەندیکردن کاتێك لەنێوان مرۆڤ پێك دێت کە وەڵامێك بێت بۆ ڕەمزێك.

- (چارلز کولی) دەڵێت: پەیوەندیکردن واتە ئەو میکانیزمەی کە بە هۆیەوە پەیوەندی مرۆڤایەتی دەدۆزرێتەوە. ( ماجدە سید عبید : 2001 : 215 )

- (کۆنتز) دەڵێت: پەیوەندیکردن بریتیە لە ناردن وگواستنەوەی زانیاری لە نێرەرەوە بۆ وەرگر لەگەڵ پێویستی تێگەیشتنی زانیارییەکان لە لایەن وەرگرەوە. (محمد الصیرفی: 2006: 5)

- پەیوەندیکردن ئەو پرۆسەکۆمەڵایەتییەیە کە ئەو واتاو بیرو بۆچوونانەی لە نێرەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر کاریگەرە. ( محمد عودە : 1983 : 7 )

- پەیوەندیکردن پرۆسەی گواستنەوەی واتایە لە ڕێگای ڕەمزەوە، هەر کاتێك تاکەکانی کۆمەڵ بە هۆی ئەو ڕەمزانەوە مامەڵە لەگەڵ یەك بکەن ئەوا بە پرۆسەی پەیوەندیکردن هەڵدەستن. ( حسین محمد خیرالدین : 1970 : 230 )

– لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیش بەم شێوەیە پێناسەی پەیوەندیکردن کراوە : بریتییە لە پرۆسەی دەربڕینی بیرو هەست، یان پێدانی زانیارییە بە خەڵك، بە قسە یان بە نووسین یان بە ئاماژە . (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد : 2001 : 243)

پرۆسەی پەیوەندیکردن ڕێگایەکی دوو جەمسەرییە، کە بریتین لە ( نێرەر و وەرگر )، واتە لە پەیوەندیکردندا پێویست بە دوولا دەکات، یەکێکیان بە مەبەست هەوڵی جوولاندنی ڕەفتار دەدات بۆ لاکەی تریان، کە ئەمەش بەهۆی پرۆسەی پەیوەندیکردن بە دەست دێت کە چەند شێوەیەك و پێکهاتەیەکی هەیە، پەیوەندیکردنیش وا وەسف دەکرێت کە ئاڵوگۆڕێکی ڕووبەڕووی کاریگەرە، ئەمەش بە گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو زانیارییە دەست پێدەکات بۆ کەسی بەرامبەرو کار لە ڕەفتارو هەڵس وکەوتی دەکات بە گۆڕین و باشترکردنی و ئاراستە کردنی بەرەو بە ئامانج گەیشتن. ( نبیهە صالح السامرائی : 2003 : 164 )

پەیوەندیکردن لە چەند پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پتەو پێکهاتووە، کە تیایدا سەرچاوەیەك یان کەسێك، نیشانەیەك یان پەیامێك دەگوازێتەوە لە ڕێگای کەناڵێك یان ناوەندێك بۆ شوێنێکی دیاریکراو یان وەرگر. هەروەها پەیوەندیکردن ڕێگایەکە لەو ڕێگایەوە زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە، تاوەکو لە نێوانیان هاوبەش دەبێت و ببێتە مایەی تێگەیشتن لە نێوان ئەو دووکەسە. بۆ ئەم پرۆسەیەش توخم و پێکهاتەو ئاراستەی دیاریکراو هەیە، هەروەها هەو لێدانێکیش هەیە بۆگەیشتن بە ڕاستییەکەی و ماوەیەکیش هەیە کاری تێبکاو کاریگەری لە سەرهەبێ. (عبدالحافظ محمد سلامە : 2001 : 13)

ئەو زانیارییەی کە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەگوازرێتەوە پێش ناردنی بۆ وەرگر (لای دووەم) پێکهاتووە لە بیرۆکەیەك لە مێشکی نێرەر ( لای یەکەم )، بەڵام ئەو شێوەیەی کە دەست نیشانی ئەم زانیارییە دەکات لە کاتی گواستنەوەکەدا و شێوەی گۆکراو، نووسراو، ڕەمز، وێنە، یان نیشانەکانی ڕوونکردنەوەیە ( وەکو مەبەست و ئاماژەکردن ) بە دەست یان بە سەر، یان بە

حاڵەتەکانی ڕووخسار وەك ( ڕووگرژکردن یان پێکەنین ). (فخری جاسم سلمان : 1981 : 141 )

هەروەها ئەو کاریگەرییەی کە لە پەیوەندیکردندا لە نێوان تاکەکان ( نێرەر و وەرگر ) ڕوودەدات پەیوەندی بە مەیل و ئارەزوو و ئاڕاستەی تاکەکانەوە هەیە، چونکە بە گشتی تاکەکان لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی بیر و بۆچوونیان یان کاریگەرییان بەسەر یەکەوە کار لە یەکتر دەکەن. دەتوانین بڵێین واتای کارتێکردن لە پەیوەندیکردندا بریتیە لە توانای نێرەر لەسەر کاریگەری خستنە سەر بیرو ئاڕاستەی وەرگر، لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی و کاریگەری عەقڵیی. لێرەوە گرنگی کارتێکردنمان لە پەیوەندیکردندا بۆ دەردەکەوێت کە دەبێتە هۆی کاریگەربوونی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان نێرەر و وەرگر پەیدا دەبێ، جا ئەمە یە کاریگەری و وەڵامدانەوە یان ڕوودانی کارێك لای نێرەر و وەڵامدانەوە یان کاردانەوەیەکیش لای وەرگر، ئەو بەردەوامییەش لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ( کاریگەری و وەڵامدانەوە ) یان ( کارو کاردانەوە) پێی دەوترێ کارتێکردن.

لەبەر ئەوەی پەیوەندیکردن پرۆسەیەکە لە ئەنجامی کارتێکردنی نێوان هەست و سۆزو بیروباوەڕی هەریەك لە نێرەر و وەرگر پەیدا دەبێت کە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوشت، بۆیە لایەنی ویژدانی گرنگییەکی زۆری هەیە لە پەیوەندیکردندا. زانایانی دەروونناسی ئاماژەیان بە گرنگی توخمی ویژدانی کردووە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا لە کاتی هەڵوێستە هەڵچوونەکان و گرنگی لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان، بۆیە پەیوەندیکردن کاریگەر نابێت ئەگەر قووڵبوونەوەیەکی ویژدانی لە ڕووی کردار و واقیعەوە لەگەڵدا نەبێت، چونکە لایەنی ویژدانی گەیشتنە بە ئامانجی سەرەکی لە پەیوەندیکردندا، بۆ نموونە: کاتێك کەسێك هەست بە تووڕەیی دەکات (هەر سۆزێکی وروژاندن و ویژدانی) سەبارەت بابەتێکی تایبەت، ئەوکەسە وەڵامێکی گونجاو دەداتەوە بۆ ئەوەی هۆکارێکی ئاگادارکردنەوە بە کارلێککردنی دوولایەنەی ویژدانی و عەقڵی پێك بهێنێت. ( ماجده سید عبید : 2001 : 218,219 )

هەر بۆیە ( مریهیو ) پێی وایە پەیوەندیکردن بریتیە لە هەر ڕەفتارێکی وێ ستراو کە لە لایەن نێرەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر، وەرگریش هەڵدەستێ بە وەڵام دانەوەی ڕەفتاری پێویست.

( محمد الصیرفی : 2006 : 15 )

بە گشتی لەو پێناسانەی کە خرانە ڕوو پێویستە لە پەیوەندیکردندا ئەو واتایانە کۆببێتەوە:

1- چەمکی کردار، واتە پێدانی زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

2- پەیوەندیکردن لە نێوان تاك و کۆمەڵ ، ئەمەش بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە دەستە بەرکردنی دوو کەس هەیە، کە یەکێکیان نێرەر و ئەویتریان وەرگرە.

3- پەیوەندیکردن لە نێوان نێرەر و وەرگر کۆتایی پێ نایەت هەتاوەکو وەر گر بە تەواوی زانیارییەکان یان بیروڕاکان وەرنەگرێ و تێیان نەگات، تەنیا وەرگرتن یان گوێگرتنی پەیامەکە واتای تێگەیشتن نادات، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان وەرگرتن و گوێگرتنی پەیامەکەو تێگەیشتنی.

4- مەبەست لە پەیوەندیکردن بریتیە لە کاریگەری خستنە سەر وەر گر، تاوەکو ئەوەی نێرەر مەبەستییەتی ڕوو بدات.

ئەم هێلکارییەی خوارەوە هەموو ئەو واتایانەی کە لە پەیوەندیکردندا پێویستە هەبێت ڕووندەکاتەوە:



یان بە واتایەکی تر :




کێیە....؟ چ دەڵێ ؟ بە چ هۆکارێك ؟ بۆ کێ ؟

(محمد فتحی : 2001 : 152-153)

بە گشتی دەتوانین ئەو تایبەتییانە بۆ پەیوەندیکردن کورت بکەینەوە :

## 1- پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی دینامیکییە :

لێرەدا پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی کارتێکردنی کۆمەڵایەتییە، کە لە میانەیدا دەستەبەری ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕا لە نێوان مرۆڤدا دەکرێت، ئێمە لە پەیوەندیکردندا بە پەیامی هاتوو کاریگەر دەبین کە لە کەسانی دەوروبەرمانەوە پێمان دەگات، بەمەش زانیاری و ڕەفتارمان دەگۆڕێت، هەروەها بەرامبەر بەمەش ئێمە کار لەکەسانی دەوروبەرمان دەکەین بە وەڵامدانەوەو ئاڵوگۆڕکردنی پەیام و پەیوەندیکردن پێیان، بە مەبەستی ئەوەی کە کار بکەینە سەر زانیاری و ڕەفتاریان.

## 2- پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی بەردەوامە :

پەیوەندیکردن ڕاستییەکە لە ڕاستییەکانی بەردەوامی بوونەوەر تا کۆتایی ژیان، بۆیە سەرەتاو کۆتایی نییە. ئێمە لە پەیوەندیکردنێکی بەردەوام داین لەگەڵ خۆمان و کۆمەڵگاو دەوروبەرمان دا، پەیوەندیکردنیش بەردەوام دەبێت لەگەڵ بەردەوامی ژیانی دونیا و ژیانی کۆتایی.

## 3- پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی بازنەییە :




پەیوەندیکردن تەنیا لەسەر یەك هێڵ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناڕوات، بەڵکو بە شێوەیەکی بازنەیی دەڕوات کە ناردن، وەرگرتن، کارتێکردن و کاریگەربوونی تێدایە و پشتیە وەڵامدانەوەی نێرەر و وەرگر دەبەستێت.

## 4- پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی چەسپاو نییە:

پەیامی پەیوەندیکردن بە گۆڕانی کات و شوێن و جەماوەری وەرگر گۆڕانی بە سەردادێت، هەروەها واتاکەشی گۆڕانی بەسەر دادێت، بۆ نموونە پەیامی دوێنێ وەکو ئەمڕۆ و بەیانی نییە.

## 5- پەیامی پەیوەندیکردن ناگەڕێندرێتەوە :

وا ئاسان نییە ئەو کاریگەرییەی کە لە پەیامی پەیوەندیکردندا ڕوویداوە هەڵبوەشێندرێتەوە هەرچەندە بێ مەبەستیش بێت، وەکو هەڵەی زمان یان هەڵە لە هەڵبژاردنی کات و شوێنی قسەکردن یان هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی ....هتد، لێرەدا داوای لێبوردن و پۆزش هێنانەوە دەست پێدەکات، بەڵام زۆر ئەستەمە ئەو قسەیەی یان ئەو پەیامەی کە کۆتایی بە بڵاوکردنەوەی هاتووە، بگەڕێنرێتەوە .

**6- پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە :**

پەیوەندیکردن کۆمەڵێك هۆکار حوکمی لەسەر دەکات وەك هۆکاری دەروونی و کۆمەلاّ یەتی و شارستانی هەروەها چەند توخم و شێوەو جۆر و مەرج لەخۆ دەگرێت، بەلاّم پێویستە هەڵبژاردنی بە شێوەیەکی ورد و بە بایەخ و بە چاودێری بێت، ئەگەر نا پەیوەندییە کە سەرکەوتوو نابێت.( محمد هاشم الهاشمی :2001 : 15-16 )

## 2-1 ئامانجەکانی پەیوەندیکردن

پەیوەندیکردن پێویستییەکی دەروونی و کۆمەلاّیەتی سەرەکییە بۆ مرۆڤ ، کە لە سەرەتاکانی ژیانییەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ بەردەوامی ژیانی بەردەوام دەبێت، دەکرێت لەم خالاّنەی خوارەوە ئامانجەکانی پەیوەندیکردن کورت بکەینەوە :

**1- فێر کردن:** پەیوەندیکردن کاردەکات لە پێناو بلاّوکردنەوەی زانیاری ئامانجدەر و گشتگیرکردنی، چونکە بلاّوکردنەوەی زانیاری عەقڵ و کەسایەتی دەوڵەمەند دەکات و یارمەتی دەرە بۆ بەرزترکردنی کارامەییەکانی مرۆڤ ، هەروەها تواناکانی مرۆڤی پێ زیاد دەکات بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی و یارمەتیدەرە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەو سەرکەوتن بەسەریدا.

**2- پەروەردەکردن:** پەیوەندیکردن کاردەکات بۆ بلاّوکردنەوەی داهێنانی هونەری و ڕۆشنبیری و پاراستنی کلتورو گەشەپێدانی، هەروەها بۆ فراوانکردنی ئاسۆی زانیاری تاك و بۆ بە ئاگا هێنانەوەی ئارەزوو و داهێنان و گواستنەوەی زانیاری و بیروڕای گەلێکی دیاریکراو بۆ گەلێکی تر و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

**3- لەیەك نزیك بوونەوەی کۆمەلاّیەتی:** پەیوەندیکردن هەلێك بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بەکەسانی ترەوە پەیوەندی بکات لە ڕووی کۆمەلاّیەتی و مرۆڤایەتی، بەمەش هەلی ئاشنایەتی کۆمەلاّیەتی زۆر دەبێت، هەروەها پەیوەندیکردن دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەو تێگەیشتن لە بارو دۆخی کەسانی ترو ....هتد.

**4– گەشەی کۆمەڵایەتی:** گەشەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە کردارێکی بەردەوام بە درێژایی ژیان، کە لە میانەیدا مرۆڤ بەهاو ڕەفتاری قبوولکراوی کۆمەڵایەتی دەست دەکەوێ .

**5– پێویستیی بۆ سەلماندنی خود:** سەلماندنی خود لە میانەی کارتێکردنی تاك بەسەر کەسانی ـترو کاریگەری کەسیش بەسەر تاکەوە بە دەست دێت، مرۆڤیش پێویستییەتی کە کار ـلە کە سانی ـتر بکات و سەرکەوتن بە دەست بێنێت، هەروەها ئەوەی ـلە ناخیدا ـیە دەریبڕ ـێت و ـهیچ بوار ـێك نەهێڵێتەوە بۆ کاریگەربوونی بە کە سانی ـتر، پەیوە ـندیکردنیش ـهانی کە سانی ـتر دەدات ـبۆ بەشداریکردن لەو کاروبارانەی کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی. هەربۆیە لە پەیوەندیکرد ـندا ـهەردوولا (نێرەر و وەرگر ) بە یەکتر کاریگەر دەبن.

**6– هـــانــــدان:** بەو سیفەتەی کە پەیوەندیکردن هەیەتی ـلە گفتو ـگۆکردنێکی ئاما نجدەر، ـئەو ئامانجەش لە ڕێگای توانای مرۆڤەوە بەدەست هاتووە، هەروەها ڕوونکردنەوەی هۆکارو ـهۆی ـئەو سەرکەوتنەو هاندانی تاکەکان، تاوەکو پەیوەندیکردن ئامانجی خۆی بپێکێت.

**7– ئاسودەیی:** پەیوەندیکردن کاردەکات لە پێناو کەمکردنەوەی مەینەتی کات و ئەو ئاڵۆزییانەی کە مرۆڤ لە ئەنجامی هۆکارو پاڵنەرەکانی ژیانیدا هاتۆتە پێشی. (جوده بنی جابر : 2004: 171)

مانەوەو بەردەوام بوونی کۆمەڵگا ئاکامی گواستنەوەی داب و نەریت و کار و بیر و بۆچوون و هەست و سۆزە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەروەها بەردەوامی کۆ ـمەڵگا بە ـستراوەتەوە ـبە گواستنەوەی زانیاری و پەیوەندیکردنی تاکەکانی ـناو کۆ ـمەڵگا، ـمرۆڤیش ـیە کۆ ـمەڵ دەژی و بەیەکەوە هاوبەشی دەکەن ـلە بەدە ـست هێ ـنانی ئا ـمانج و ـبیرو ـباوەڕ و زا ـنیاری و...هـ ـتد، پەیوەندیکردنیش هۆکاری بەدەست خستنی ئەو ئامانج و بیرو باوەڕو زانیارییانەیە، لـ ـێرەوە دە ـبینین پەیوەندیکردن توخمێکی چەندە پێویستە بۆ ژیان، چونکە بە ـبێ پەیوە ـندیکردن کۆ ـمەڵ ناتوا ـنێت هەڵسێ بە گواستنەوەی کلتورو شارستانی خۆی، مرۆڤیش لەگەڵ پەیوە ـندیکردن تێ ـکەڵ ـبووەو ناتوانێت بە بێ پەیوەندیکردن ژیانی بەردەوام بێت، هەتا ئەگەر توانیبێتی بە تەنیا دوور لە مرۆ ـڤ و گیانەوەر ژیابێت، ئەوا پەیوەندی بە دیاردە سروشتییەکانەوە کردوە و شیکردۆتەوە، بۆ نـمونە باران بارین و جوولەی با و ڕەنگی ئاسمان و هەورو بەرووبوومی درەخـ ـتی ـیە ڕە ـنگ و ـبۆن و ـتام و

قەبارەکەی زانیوە، بەم شێوەیە مرۆڤ لە ژیانیدا شتەکانی دەوروبەری لە ڕێ گای هە ستەکانییەوە وەرگرتوە و شیکردۆتەوەو کاریتێکردووە.

## 3-1 توخمەکانی پەیوەندیکردن

بۆ ئەوەی پەیوەندیکردن ڕووبدات پێویستی بە چەند توخمێکی سەرەکی هە یە، هە ندێك لە لێکۆڵەرەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە چوار توخم پێك د یت، پرۆ سەی پەیوەندیکردنیش پێك نایەت ئەگەر ئەو چوار توخمەی لەگەڵدا نەبێت کە بریتین لە: ( نێرەر، پەیام، کەناڵی پەیوەندیکردن، وەرگر ) .( حسين حمدى : 1405 ھ : 28 )

بەڵام هەندێکیان توخمێکی تر بۆ ئەو چوار توخمە زیاد دەکەن، کە بە توخمێکی گرنگی دادە نێن لە پەیوەندیکردندا ئەویش هەڵسەنگاندن( التغذية الراجعة )ە. ( هشام بكر حريرى : 1420 ھ : 85-86 ) بەم شێوەیەی خوارەوە :

**1-3-1 نێرەر (Sender )**: پرۆسەی پەیوەندیکردن ئەوە دەگەیەنێت کە یەکێك هە یە کاری پەیوەندیکردن ئەنجام دەدات ئەویش نێرەرە، ئەو کەسە لەوانەیە کەسێکی ئا سایی یان مەع نەوی (دەستگا ، دامەزراوە ، وەزارەت ،...هتد ) بێت. نێرەر توخمی یەکەمە لە توخمەکانی پەیوەندیکردن، هەروەها سەرچاوە ( source )شی پێدەگوترێ، ئەو کەسەیە یان ئەو لایەنەیە کە دەیەوێت کار لەکەسانی تر بکات، واتە هەڵدەستێ بە ناردنی پەیام بۆ کەسێکی تر یە ئا مانجێکی د یاریکراو، پرۆسەی پەیوەندیکردنیش لەلای نێرەرەوە بە بیرۆکە یەك ( Idea ) دە ست پ ێدەکات و پا شان گۆڕینی بۆ پەیامێك کە بە شێوەی ( وشە، نیشانە، جووڵە یان ئاماژەی جەستە ) دەریدەبڕێت، وا تە بەشێوەی ڕەمزی دەنگی یان نادەنگی دەریدەبڕێت .

**2-3-1 پەیام ( Message )**: بریتیە لەو بابەتەی کە نێرەر مەبەستییەتی بیگوازێتەوە بۆ وەرگر، واتە ئەو زانیاری و هەست و سۆز و بیروبۆچوونانەیە کە نێرەر لە ڕێگای ڕەمزەکا نەوە حەز یە گواستنەوەیان دەکات بۆ کەسانی تر، بە گشتی ئەو ڕەمزانە لەوانەیە لە شێوەی ڕەمزی دەنگی ین

وەکو ئاخاوتن، یان وێنەیی بن وەکو نووسین، یان جوولەیی بن وەکو ئاماژەکردن، یانیش تێکەڵاو بن لە هەموو ئەو شێوانە. (ئازاد رەمەزان : 2005 : 55 )

بۆنـمونە ئێمە کاتێك کە قسە دەکەین قسەکانـمان پەیامە، کاتێکیش دەنووسین ئەوەی کە پ یێ هەڵدەستین بە نووسین پەیامە، یان وێنە یەك دەکێ شین ئەو وێنە یەش پەیا مە، یان کات یێك یە دەستەکانـمان ئاماژە دەکەین واتای جووڵەی دەستەکانـمان پەیامە :

کاتێك کە قسە دەکەین ← قسەکردن ← بریتیە لە پەیام

کاتێك کە دەنووسین ← نووسین ← بریتیە لە پەیام

کاتێك کە وێنە دەکێشین ← وێنە کێشان ← بریتیە لە پەیام

کاتێك کە ئاماژەیەك دەکەین ← ئاماژەکردن ← بریتیە لە پەیام

کەواتە پەیام نامەی نێرەرە بۆ وەرگر کە هەڵگری واتاو مەبەستێکە. ( عبدالواحد مشیر : 2006 : 56 )

**1-3-3 وەر گر ( Receiver ):** ئا مانجی سەرەکییە لە پەیوەندیکرد ندا، کارابوونی پەیوەندییەکەش لەسەر وەرگر وەستاوە کاتێك ئەو پەیامە وەردەگرێت بەو شێوەیەی کە ن یرەر مەبەستیەتی. وەرگر کەسێکە یان کۆمەڵە کەسێکە، کە پەیامەکە لە رێگای یەکێك یان هەموو هەستە جیاوازەکانی وەردەگرێت پاشان رەمزەکان شیدەکاتەوە و هەوڵی تێگەی شتن لە واتا کانی دەدات.

**1-3-4 کەناڵی پەیوەندیکردن (Commiunication Chanel):** بریتیە لەو هۆکارەی یان ئەو ناوەندە ماددییەی کە بەکاردێت بۆ گەیاندنی رەمزە بە واتا بارکراوەکان، کە پەیامە کە پێ کی دێنێت. هۆکارە بەکارهاتووەکانی دەستگا لە جێبەجێ کردنی پرۆسەی پەیوەندیکردندا زۆرە لەوانە:

أ- کەناڵی دەنگی: کە دەنگ تیایدا بەکاردەهێنرێت، جا چ گۆکراو یان نووسراو بێت .

ب- كەناڵی نووسراو: كە تیایدا زمانی نووسراو بەكاردەهێنرێت بۆ گوا ستنەوەی ڕە مز و وا تا، وەك:( ڕۆژنامە ، گۆڤار ، كتێب و چاپەمەنییەكان ).

ج- كەناڵی وێنەیی: كە تیایدا نووسراوە هەڵواسراوەكانی دیوار و تابلۆی ئا گاداری و ...هـ تد دەگرێتەوە .

د- كەناڵی جووڵەیی: كە تیایدا زمان بە بێ گۆكردنی دە نگ بەكاردەهێنرێت، ئە مەش چەند جۆرێك لە خۆدەگرێت، گرنگترینیان : (ئاماژەكردن، نیشانەكان، ئا ماژەی دە ست و پە نجەكان، شێوەی ڕۆیشتن، شێوەی ڕاوەستان)، هەروەها زمانی هەڵچوونە فسیۆلۆژییەكان وەك: (ڕووخسار و شێوە و لۆچەكانی ڕوو، سەیركردن، تووڕەیی، پێكەنین، گرژی برۆیەكان،....هتد). (محمد الصیرفی : 2006 : 43 )

هەڵبژاردنی كەناڵیش لەسەر نێرەر وەستاوە، هەروەها لەسەر سرو شتی پەیامە كەو باروودۆخی كەسی وەرگریش بەندە، بەڵام وا باشتر و كاریگەری زیاتر دەبێت لە كاتێكدا زیاتر لە یەك كەناڵ بەكاربهێنرێت. سیستەمی پەیوەندیكردنیش كاتێ سەركەوتو دەبێ ئەگەر (وەرگر) لە مەبەستی نێرەر بگات و شارەزایی كلتوری یەكتر بن و پەیامەكەیان ڕاستەوخۆو مەبەستدار بێ و تەم و مژاوی نەبێ. ( عبدالواحد مشیر : 2006 : 56-57 )

**5-3-1 كاردانەوە (هەڵسەنگاندن) (Feed back )**: بریتیە لە وەڵامدانەوەی وەرگر لە سەر پەیامی نێرەر، كە كاریگەرترین هۆكارە لە سەركەوتنی پرۆ سەی پەیوە ندیكردن و هۆكارێ كە بۆئەوەی نێرەر لە مەبەستی وەرگر تێبگات لەو پەیامەی كە پێشتر بۆی ناردوە، هەروەها جەخت كردنە سەر ئەوەی كە تاچەند لە پەیامەكە گەیشتووە، لەو حاڵەتەدا نێرەر تێبینی ڕازی بوون یان ڕازی نەبوونی ناواخنی پەیامەكە دەكات .

دەبێ ئاماژە بەوە بكرێت كە خێرایی ڕوودانی كاردانەوەی پەیامە كە بە جیاوازی هەڵوێ ستی قسەكردنەكە جیاوازی تێدەكەوێت، بۆنـمونە لە گفتوگۆی نێوان دووكەس بەرهەمی كاردانەوەكەو وەڵامدانەوەكە لە هەمان كاتدا بەدەست دێت، بەڵام كاردانەوە بۆ هەڵمەتێكی ڕاگەیاندن لەوانە یە

دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا ڕوودەدات. پرۆسەی کاردانەوە زۆرگرنگە لە پەیوەندیکردندا، چونکە ئەوە دەردەخات ئایا پەیوەندییەکە بە ڕێگایەکی باش لە هەموو قۆناغەکانی کۆتایی هاتوە یان نا، چونکە (کاردانەوە) گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەردەخات. ( هشام بکر حریری 1420 ه : 221 )

زۆر شێوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی پەیوەندیکردن هەیە و لە پێشکەوتندایە، کە چەند توخمی تری بۆ زیاد کراوە هەرچەندە پشت بە توخمەکانی سەرەوە دەبەستێ، لە باوترین ئەو نموونانەش نمونەی ( دیفز )ە کە پرۆسەی پەیوەندیکردن بۆ شەش هەنگاوی یەك لە دوای یەك دابەش دەكات. (ناصر العدیلی : 1416 ه : 457-458 ) بەم شێوەیەی خوارەوە :

پێکهێنانی بیرێك لەلایەن نێرەر ← گۆڕینی بیرەکە بۆ ڕەمز ← گواستنەوەی بیرەکە لە ڕێگای کەناڵی پەیوەندیکردن ← پێدانی پەیامەکە ← شیکردنەوەی ڕەمزەکان ← تێگەیشتن لە پەیامەکە ← ڕەفتارکردن

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن بگەین :




( نبیهە صالح السامرائی : 2003 : 166 )

## 1-4- جۆرەكانی پەیوەندیكردن لە ڕووی دەربڕینەوە :

پەیوەندیکردن تەنیا ئەرکێکی بایۆلۆژی نییە کە مرۆڤ جێبەجێی دەکات، هەروەك چۆن ئەرکەکانی تری جێبەجێ دەکات، بەڵکو لە کۆمەڵگاوە وەریدەگرێت، ئەو پەیوەندیکردنەش یان لە ڕێگای هۆکاری زمانی یان نازمانییەوە دەریدەبڕێت. ئێمە تەنیا بە زمانی گۆکراو پەیوەندی نا کەین، بەڵکو لە ڕێگای چەند کردەوەیەکیش پەیوەندی دەکەین، بۆنموونە زۆرجار دەڵێین (ئەو شێوازەی کە فلانە کەس قسەی پێدەکات وای لێکردم هەست بەو شتە بکەم ) واتە پلەی دەنگی، شێوەی ڕووخساری یان گرژبوونی هەندێك لە ئەندامانی جەستەی....هتد، هەروەها قسەکردنیش بەگوێرەی ئاوازە و ئاماژەکانی جەستەی مرۆڤ مانایەکی جیا لەو مانایە دەدات کە وشەکان هەڵیانگرتووە، هەروەها ئێمە قسە لەسەر سەیرکردنێکی ئەفسووناوییانە، ئاماژەیەکی پەیمانەدەر، ئاماژەیەکی ترسێنەر، یان شێوازێکی کاریگەرانە و زۆر شتی تر دەکەین، کە چەند حوکمێك هەیە هەندێك لە میللەتان لە کاتی قسەکردن بەکاری دەهێنن، بۆنموونە یابانییەکان لە کاتی دیارینەکراو و بێ جێ پێدەکەنن، یان فەرەنسییەکان بە دەستەکانیان قسە دەکەن، یان هیندییە سوورەکان ڕووخسارێکی توندیان هەیە. (عبده الراجحی:2004: 33-34)

ئێمە لە کاتی قسەکردندا لەگەڵ ئەو کەسەی بەرامبەرمان زۆر جار وا وەسفی دەکەین و دەڵێین (پییاوانەیە) یان (ساردوسڕە) یان (کچانەیە) یان (نەرم و نیانە) یان هەر جۆرێك لەو سیفەتانە. یان تێگەیشتن بە هۆی (پێکەنین، خۆگرژ کردن  مۆڕ بوونەوە-، دەم و چاو بەیەکدادان، جوولەی سەر، تەوقەکردن، باوەش بەیەکتردادان، ناوبژی کردن،...هتد )، هەروەها لە ڕێگای چەند هۆکارێکی ترەوە پەیوەندی دەکەین وەك جۆر و مۆدەی جل و بەرگ و...هتد. ئەوانە هەمووی جۆرێکن لە شێوازی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤ کە لە کۆمەڵگاوە وەریدەگرێت، هەروەها جیاوازیشی تێدەکەوێت بە پێی ڕۆشنبیری هەر کۆمەڵگایەك.

هەر لەو کاتەی کۆمەڵگای مرۆڤ پێکهاتووە، مرۆڤ وای بینیوە پێویستە لەسەری لەگەڵ کەسانی تر بژی و بتوانن کار لەیەکتر بکەن، پێویستی پەیوەندیکردن وایکردووە کە پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت هەر لەسەرتای بوونییەوە نیشانە دەنگییەکان و جووڵەییەکانی پەیوەستیە بونیەی جەستەی بەکاربهێنێت، بەڵام گەشەی زمان وای کرد کە پەیوەندیکردنی مرۆڤایەتی بەهێز و فراوان بێت وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، لێکۆڵینەوەی زمانیش بایەخ یە هەموو ئەو لایەنانە دەدات، چونکە کاریگەری بەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە، هەروەها بۆ مامەڵەکردن لە ژیان و تێگەیشتن لەگەڵ کەسانی تر و بۆ گوزارشت کردن لە بیروڕاو هەست و سۆزی یەکتر تەنیا زمانی گۆکراو تاکە شێوازی پەیوەندیکردنی مرۆڤ نییە، بەڵکو پشت بە کۆمەڵێك شێواز و هۆکاری تر دەبەستێت بۆ پتەوکردن وکارابوونی پەیوەندییەکەی، کە ئەویش زمانی گۆنەکراوە یان پەیامە نازمانییەکانە، چونکە ئەگەر زمانی گۆکراو (ئاخاوتن) گرنگترین هۆکاری پەیوەندیکردن بێت پێویستە ئێمە چاوپۆشی لەو هۆکارانەی تر نەکەین کە یارمەتیدەرن بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤ، پێویستە ئەوەش بزانین کە لێکۆڵینەوەی زمان ڕوونی کردۆتەوە کە ئێمە ناتوانین بە تێگەیشتنێکی دروست لە زمان بگەین تەنیا لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە دەنگ و وشەو پێکهاتەکانی، بەڵکو پێویستە ڕێگاکانی تری پەیوەندیکردنی مرۆڤ بزانین کە هاوشانی زمانە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە پەیوەندیکردندا. لێکۆڵینەوەی نوێ بە شێوەیەکی زانستی دەریخستووە کە لە پەیوەندیکردنی ڕووبەڕوودا زمانی گۆکراو ڕاستەوخۆ تەنیا 30٪ ی واتامان دەداتێ، لە کاتێکدا زمانی گۆنەکراو ( جۆنیەتی یاری جەستە ، شێوەی ڕووخسار، نیگای چاوەکان، ئاوازەی دەنگ، ...هتد) 70٪ ی واتامان دەداتێ.

ئەم هێلکارییەی خوارەوەش نموونەیەکمان لە پەیوەندیکردنی مرۆڤ دەداتی :




(محمد هاشم الهاشمی : 2001 :14 )

## 1-4-1- پەیوەندیکردنی زمانی

ئەو پەیوەندییەیە کە لە ڕێگای دەنگەکانەوە ئەنجام دەدرێت، واتە لە ڕێگای وشەی گۆکراوەوە کە بریتین لە کۆمەڵێك ڕەمز کە دەربڕی هەڵوێستێکن لە پەیوەندیکردندا. لێرەدا مەرجی بوونی نێرەر و وەرگر پێویستە، واتە پەیامە دەنگییەکە لە دەمی نێرەرەوە بۆ گوێی گوێگر دەگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندیکردنەکە بە شێوەیەکی ڕاست ئەنجام بدرێت و کرداری وەر گرتن و تێگەیشتنەکە ڕووبدات.

پەیوەندیکردنی زمانی بە یەکێك لە تایبەتمەندییە نایابەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە دەکرێ وشەکان لە کۆمەڵێك واتا یار بکەین، ئەمەش بە توانایەکی مرۆڤ دادەنرێت لە بواری پەیوەندیکردندا، وشەکانیش یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆئەوەی بە وردی و بە ڕوونی گوزارشت لە بیرە ئاڵۆزەکانیان بکەن، هەروەها یارمەتی گواستنەوەی بیرو بۆچوون و هەست و سۆز دەدەن. (محمد الحاج خلیل : 1993 : 71-72 )

وەك دیارە زمان ئامرازی پەیوەندیکردنە لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەروەها هۆکاری تێگەیشتنە لە نێوانیان، تێگەیشتنیش واتە کارتێکردنی نێوان دووکەس یان دوولا، ئەویش نێرەر و وەرگرە، بۆ قسەکەر ئامرازێکی سروشتی هەیە کە زمانە و بۆ وەرگریش ئامرازێکی سروشتی هەیە کە گوێیە. لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتن بەم ڕێگایە سنووردارە، چونکە بەستراوە بە کات و شوێنی دیاریکراو. پەیوەندیکردنی زمانی واتایەکی فراوان و بەربلاو بەخۆیەوە دەگرێت، چونکە زمانی ئاخاوتن لە کاتی بەکارهێناندا بەهۆی پلەی دەنگ و چۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە بارکردنی پەیامەکە بە واتای تر. پەیوەندیکردنی زمانیش چوار بنەمای سەرەکی هەیە :

1- ڕەوانی دەنگ.

2- دووبارەکردنەوە.

3- خۆشدوانی و هاندان و ڕەزامەندی.

4- کاردانەوە.

## 1-4-2- پەیوەندیکردنی نازمانی

بریتیە لە گواستنەوەی پەیام بێ ئەوەی زمان بەکار بهێنرێت، واتە وشەو دەنگ تیایدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو پەنا دەبرێتە بەر شێوازی ئاماژەو هێماکاری و زمانی چاو و جەستەیە کە دوور لە دەربڕینی زمانی کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا مەبەست لەم جۆرە بەکار هێنانە ڕاپەڕاندنی هەمان ئەو ئەرکانەیە کە زمانی ئاخاوتن ئەنجامیان دەدات.

وەك دیارە مرۆڤ جگە لە شێوازی پەیوەندیکردنی زمانی دەتوانێت شێوازی تر بەکار بهێنێت بۆ پەیوەندیکردن، وەك پەیوەندیکردنی نازمانی کە بریتیە لە ئاماژەو هێماو سیمای دەم و چاو و جووڵەی جەستە و ..هتد، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك هەستی جیاوازین، لەسایەی ئەم هەستە جیاوازانە دەتوانین ببیستین و ببینین و بۆن بکەین، ئەم فرە هەستییە وامان لێدەکات کۆدە ئاڕاستە کراوەکان وەرگرین ئەگەر کۆدی زمانییش نەبن، واتە ئەوانەی بریتین لە ئاماژە و هێمای جەستەیی یان ئاماژەی سروشتی، کەواتە جگە لە پەیوەندیکردنی زمانی لە سایەی

هەستەکانـمانەوە توانای پەیوەندیکردنی نازمانیشمان هەیە، لەبەرئەوە مرۆڤ زۆرجار لە کاتی لە دەست دانی ئامرازی ئاخاوتن پەنا دەباتە بەر ئامرازی ئاماژەی جەستەیی. (رێبین رەسول و دیار ئەحمەد : 2004 : 202 )

ئەم شێوازەی پەیوەندیکردن ( زمانی بێدەنگ )ی شی پێدەوترێ، لێکۆڵینەوە زانستییەکانی پەیوەندیکردن ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو نیشانە و ئاماژە جەستەییانەی کە لە پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنرێن هەڵدەستن بە دووبارەکردنەوەی ڕۆڵی پەیامی زمانی، کە پێی دەوترێت دووبارە کردنەوەی پەیوەندیکردنی زمانی بە نازمانی -Repetiton of verbal by non verbal) (communication، پەیوەندیکردنی نازمانیش ئەم شێوانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

**أ- ئاماژە و زمانی جەستە:** ئاماژەکان بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن دەژمێردرێن، هەندێك جووڵەو ئاماژە هەیە وەك جووڵەی لەش و حاڵەتەکانی ڕووخسار و دەم و چاو ...هتد بە زمان دادەنرێن، چونکە دەبێتە مایەی تێگەیشتن لە هەڵوێستێکی دیاریکراو لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، زۆر لێکۆڵینەوە و باسی زانستی لەو بوارەدا ئەنجام دراوە لە ژێر ناونیشانی (Body Language) واتە پەیوەندیکردن بە هۆی جووڵەی ئەندامەکانی جەستە.

**ب- ماوە ( ماوەی نێوان دووکەس لە قسەکردندا ):** ئەمەش بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی دادەنرێت کە پێی دەوترێ (Proximics) .

**ج- هۆکاری دروستکراو (ناسروشتی):** وەك جۆرو ڕەنگی جل و بەرگ، کەرستەکانی جوانکاری ، جۆرو مۆدێلی ئوتومبێل و...هتد، ئەم کەرستانەش پلەو پایەی تاك و پلە کۆمەڵایەتییەکەی و کەسایەتییەکەی نیشان دەدات. ( نبیل عبدالهادی : 2006 : 23 )

**د- کۆدەکانی ڕاگەیاندن:** لە کاتی بەکارهێنانی کۆدەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامی تواناو تەکنیکیان بەهۆی هەڵبژاردن و ڕێکخستن، بۆ نـمونە: سەرنووسەر دەتوانێ وێنەیەکی ڕەش و سپی یان ڕەنگاوڕەنگ یان دەستکرد هەڵبژێرێ، یان لە سینەمادا دەرهێنەر دەتوانێت گرتەیەك (لقطة)ی نزیك یان دوور هەڵبژێرێت، هەروەها دەتوانێ مۆسیقا و کاریگەرە دەنگییەکانی بۆ زیاد بکات.

**هـ- کۆدەکانی بارودۆخ:** لە ئەنجامی بەکارهێنانی شوێن و کات هەندێك ئاماژەی نازمانی ڕوودەدات، (لە نموونەی کاتدا) وا لە یەکێك بکەیت بۆماوەیەکی درێژ چاوەڕێت بکات، لە (نموونەی شوێنیش) یەکێك دەناسی، بەڵام لە دووری ئەو دابنیشیت و پشتی تێ بکەیت، یان ڕیزکردنی کەسانێك لە شوێنێك بە پێی پلە و پایەیان. ( ئازاد ڕەمەزان : 2006 : 62-63 )

بێجگە لەو دابەشکردنانەش دابەشکردنێکی تر هەیە کە ( میهرابیان ) پێی وایە نیشانەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی لەو سەرچاوانەی خوارەوە بەدەست دێت:

1- دەربڕینی دەنگی.

2- گوزارشتکردن بە دەستەکان یان بەکارهێنانی دەستەکان لەکاتی قسەکردن.

3- گوزارشتکردن بە ڕووخسار، کە چاوەکان و دەم و ڕووخسار بەگشتی دەگرێتەوە.

4- چۆنیەتی باری جەستە.

5- جووڵە. (موفق الحمدانی: 2004 : 223 )

پەیامی نازمانی ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لە پەیوەندیکردنی مرۆڤدا، بۆ ناسینی پەیوەندیکردنی نازمانی چەند ڕوونکردنەوەیەك دەخەینە ڕوو:

( بوس ماجیان ) بۆ پێناسەی پەیوەندیکردنی نازمانی دەڵێ: (( چەمکی پەیوەندیکردنی نازمانی بە کۆمەڵێك دیاردە دەوترێ کە پانتاییەکی زۆر دادەپۆشن، لە نمایشی دەم و چاو، ئاماژە، لە بارودۆخی نمایشی سەما، شانۆگەری، مۆسیقا و پانتۆمایم، لە جووڵەی کاریگەر- flow of affect ، لە territoriality ، تا ڕێ وڕەسمی دیبلۆماسی، لە تێگەیشتنەکانی سەرووی هەست، تا کۆمپیوتەرە نموونەییەکان و لە واتاسازی تایبەت بە توندو تیژی تا واتاسازی تایبەت بە سەما سەرەتاییەکان)). هەروەها (هاریسۆن) لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی پەیوەندیکردنی نازمانی دەڵێ: تاوتوێکردنی پەیوەندیکردنی نازمانی لەم چەند ساڵەی دواییدا یەکێکە لە نوێترین بابەتەکانی لێکۆڵینەوە، لەم لێکۆڵینەوانەدا نەك تەنیا ئەم بابەتە لەژێر لێکۆڵینەوەیە، بەڵکو داهێنانی چەندین شێوەی نوێ بۆ توێژینەوە لەو بارەوە دەکرێت. ( مهدی محسنیان راد : 1384 هـ :243-244 )

( شولـەن ) بابەتی پەیوەندیکردنی نازمانیمان بە ئاماژە پێکردنی جوولەکانی (چارلی چاپلین) لە فیلمە بێدەنگەکان بە بیردێنێتەوە و دەنوسێت، کە (چارلی چاپلین) توانی بەبێ قسەکردن لە گەڵ دەوروبەریدا پەیوەندی بکات، دەستەکانی، دەم و چاوی، ڕۆیشتنە خەندە ئامێزەکەی و جل و بەرگی، بە هەموویان پەیامەکانی ئەویان دەگواستەوە، هەروەها ( شولـەن ) دەڵێ: ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە بەردەوامی گشت شێوەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی بەکاردەهێنین بۆ نمونە: چاوەکانـمان دەتروکێنین، شێوەی جۆراوجۆر دەنوێنین، دەستەکانـمان دەجووڵێنین و ئاماژە دەدەین، ئەم پەیامە نازمانییانە لـە ڕەفتاری بەرامبەریی مرۆڤـ دەتوانن زۆر گرنگتربن لـەو متمانەیەی کە بۆیان هەمانە. هەروەها (شولـەن) و هاوکارانی پێیان وایە زمانی قسەکردن هێمایەکە لـە هۆشیاری مرۆڤـ ، بە هەمان شێوە پەیوەندیکردنی نازمانیش جوولـە و ئاماژەی خۆویست دەگرێتەوە، لـەگەڵ ئەوەشدا جوولـەی خۆنەویستی وەك: گۆڕان لـە ئەندازەی بیلبیلـەی چاو دەگرێتەوە، کە پێیان دەوترێت هێمای ئۆتۆماتیك ( automatic signals )، هەروەها ئەو جوولانەی کە تەنیا تارادەیەك لـە ژێر سەرپەرشتی و ویستی ئێمەدان، وەك: ئەو ئاماژانەی کە لـە دەم و چاو، ئاوازەی دەنگ، شێوەی وەستان و ماوەی نێوان کەسەکان لـەکاتی قسەکردندا پێمان دەڵێن.( علی توکلی: 1378ھ : 86)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندیکردنی زمانی بە تەنیا ناتوانێت دەربڕی پەیوەندییەکی تەواو و پتەو بێت لـە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بەڵکو پێویستە گرنگی بە لایەنەکانی پەیوەندیکردنی نازمانیش بدرێت، هەروەها دەبینین کە پەیوەندیکردنی نازمانی چ پانتاییەکی لە کلتور داگیرکردووە، چونکە بۆ مامەڵـەکردن لـەگەڵ ژیان و تێگەیشتن لە کەسانی دەوروبەری خۆمان و بۆ گوزارشتکردن لـە بیروڕاو هەست و سۆزی یەکتر تەنیا زمانی قسەکردن ناتوانێت تا کە شێوازی پەیوەندیکردنی مرۆڤـ بێت، بەڵکو پشتی بە کۆمەڵێك هۆکار بەستووە کە بریتین لـە هۆکارە نازمانییەکان، هەرچەندە پەیوەندیکردنی نازمانی بەردەوام هەبووە، بەڵام تەنیا لـەم چەند ساڵەی دواییدا گرنگی پێدراوە، ئەمەش پێویستی بە ڕێگاو شێواز و یاساو نـمونە هەیە تا بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی لـەسەر بکرێت.

## 1-4-2-1- هۆكارەكانی گواستنەوەی واتا لە پەیوەندیكردنی نازمانیدا :

لە گرنگترین ئەو هۆكارانەی كە لە گواستنەوەی واتادا لە پەیوەندیكردنی نازمانی بەكاردەهێنرێن بریتین لەمانەی خوارەوە :

**1- بێدەنگی ( الصمت ):** بە ڕەفتارێكی چالاك دادەنرێت بۆ گواستنەوەی واتا، بۆ نموونە بەرزكردنەوەی ئالاَ لە ڕەنگی تایبەت بە مەبەستی كۆكردنەوەی یارمەتی و كۆمەك، كە واتای دیاریكراو بە كەشتیوانی پاپۆڕ دەبەخشێت، هەروەها بەكارهێنانی نیشانەكانی هاتوچۆ واتای تایبەتی هەیە كە خاوەن ئوتومبێل تێیدەگات، لەگەڵ گوزارشتەكانی ڕووخسارو جووڵەی دەستەكان و ئاماژەی سەر و...هتد، هەروەها هەموو ئەو هۆكارە نازمانییانەی كە واتای دیاریكراو و ئاشكرایان هەیە.

**2- ئاماژە ( الايماءات ):** بریتیە لە بەكارهێنانی جووڵە و دەربڕینی جیاواز بۆ گوزارشتكردن لەوەی كە تاك دەیەوێت، لێرەدا ئەو كەسە پشت بە ( قسە ) نابەستێ لە گەیاندنی ئەوەی كەدەیەوێت. زمانی ئاماژەش بە زمانێكی قوڕس دەژمێردرێت، بەلاَم دەكرێ ئەو كەسە لە ڕێگای زانیاری و ڕاهاتن و فێربوون و ڕێككەوتن فێری ببێت.

**3- كردەوەكان ( الافعال ):** دەكرێ واتا بە ڕێگای كردەوەكانیش بگوازرێنەوە، لێكۆڵینەوەكان ئەوەیان دەرخستووە كە كردەوەكان بە شێوەیەكی باشتر لە قسە كاریگەرییان هەیە، چونكە هەموو كەسێك ئارەزووی ڕاستی كردەوەكانی كەسێك دەكات زیاتر لە قسە.

**4- وێنە ( الصور ):** لێرەدا وێنە وەكو یەكێك لە هۆكارەكانی گواستنەوەی واتا بەكاردەهێنرێت، بە بەكارهێنانی نەخشەی جوگرافی یان شێوە بەیانییەكان یان نەخشەی ڕێكخراو، ئەو نەخشانە لە لای وەرگر پێویستیان بە هەوڵی زۆر نییە بۆ تێگەیشتن لە واتاكەی، تەنیا بەیەك سەیركردن لە واتاكەی تێدەگات. ( محمد الصيرفي : 2007 : 167-168 )

نیشانەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی بۆ زۆر مەبەست بەکاردێن، لەم بارەوە ( ئەرگایل ) چوار مەبەستی دیاریکردووە:

1- بۆ یارمەتی دانی قسەکەر لە گوزارشتکردنی ئەو مەبەستەی کە دەیەوێ دەریببڕێت، بۆ نمونە جەخت کردنە سەر هەندێ وشە لە کاتی قسەکردندا، کە ئاوازەکەی بەرز یان نزم دەکرێتەوە، بە بەراورد لەگەڵ وشەکانی تر.

2- بۆ جێ گرتنەوەی ئەو قسەیەی کە مەبەستە بگوترێت، بۆ نمونە جولاندنی شان بۆ گوزارشتکردن لە گوێنەدان بە شتێك، یان جوولاندنی سەر بۆ سەرەوە و خوارەوەو بەم لاو بەم لادا بۆ گوزارشتکردن بە نەکردن یان رازیبوون بە کارێك.

3- بۆگوزارشتکردن لە بارودۆخە دەروونییەکان، وەك ئەوەی کە لەسەر ڕووخسار دەردەکەوێ لە کاتێکدا ئەو کەسە تووشی بێزاری هاتووە.

4- بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆز و هەڵچوونەکان، بۆنمونە لە باوەش کردنی برادەرێکی خۆشەویست کە ماوەیەکی زۆرە نەمانبینیوە بۆ دەربڕینی خۆشییەکی بێ وێنە بە بینینی ئەو برادەرە. ( موفق الحمدانی : 2004 : 222 )

ئەو گرنگییەی کە پەیوەندیکردنی نازمانی ئەنجامی دەدات لە ڕێگەی پەیوەندیی بە پەیوەندیکردنی زمانییەوە، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە :

**1- دووبارەکردنەوە ( Repeating ):** پەیوەندیکردنی نازمانی ئەو شتە دووبارە دەکاتەوە کە بە زمان دەگوترێ، بۆنمونە کاتێك یەکێك بۆ دیاریکردنی شوێنی شتێك (لێرە یان لەوێ) بە کەسێك دەڵێ، لەگەڵیشیدا بە پەنجە ئاماژە بۆ شوێنی شتەکە دەکات.

**2- پێچەوانەیی ( Contradicting ):** ڕەفتاری نازمانی پێچەوانەی ڕەفتاری زمانییە، بۆ نمونە بەڕێوەبەرێك لە بەرامبەر خاوەنکارێك بە سکرتێرەکەی دەڵێ مامەڵەی ئەو خاوەنکارە بێنێ، لە کاتێکدا بە چاوەکانی ئاماژەی پێدەکات کە نەیهێنێ، سکرتێرەکەش دەگەڕێتەوەو دەڵێ

مامەڵەکەی دیارنییە، لێرەدا سکرتێرەکە لە یەك کاتدا دوو پەیامی وەرگرت، یەکێکیان زمانی و ئەویتریان نازمانی، کە ئەوەی دووەمیان ڕاستتر و باوەڕ پێکراوتر بوو. کاتێك پێچەوانەیی لە نێوان پەیوەندیکردنی زمانی و نازمانی هەیە ئەوەی کاریگەری زیاترە پەیامە نازمانییەکەیە نەك زمانییەکە.

**3- لەجیاتی** (**Substituting** ): پەیوەندیکردنی نازمانی لەجیاتی پەیوەندیکردنی زمانی بەکاردەهێنرێت، بۆنموونە پیاوێك کە بەردەوام هاو سەرو باوکێکی ڕووگەشە، بەیانییەك بە ڕووخسارێکی نارەحەت و گومانااوییەوە دێتە سەر مێزی نان خواردن، سەیری ئەندامانی خێزانەکەی دەکات، خێزانەکەی لەوە تێدەگەن کە باوکیان لە بارەی شتێکەوە پەرێشان و شڵەژاوە.

**4- تەواوکەریی** ( **Complementing** ): پەیوەندیکردنی نازمانی تەواوکەری پەیوەندیکردنی زمانییە، بۆنموونە پێش ئەوەی داوای شتێك بکەی لە یەکێك پێکەنینێك یان بزەیەك دەکەین، یان دەست لێدان لە مێزێك پاش ئەوەی قسەیەك دەکەین.

**5- جەخت کردنەوە** ( **Accenting** ): پەیوەندیکردنی نازمانی جەخت دەکاتە سەر ئەو پەیامەی کە بە وشە دەردەبڕدرێت، بۆنموونە یەکێك لەکاتی قسەکردن دەنگی توند دەکات لە سەر ئەو وشانەی کە مەبەستییەتی بۆ دەرخستنی گرنگییەکەی.

**6- ڕێکخستن** ( **Regulating** ): پەیوەندیکردنی نازمانی ڕێکخستن و پتەوکردنی پەیوەندیکردن لە نێوان بەشداربووان ئەنجام دەدات، بۆنموونە جووڵەی سەر، چاوەکان، یان گۆڕینی شوێن بۆ شوێنێکی تر، یان ئاماژە کردن بۆ کەسێك بۆ تەواو کردنی قسەکەی یان وەستانی، ئەمانە هەمووی ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندیکردنی نازمانییە لە پەیوەندیکردندا. (John : 1983 : 118-117 Masterson )

## 1-4-2-2- سیستەمی پەیوەندیکردنی نازمانی

( شولمەن ) سەبارەت بە دیاریکردنی سیستەمی پەیوەندیکردنی نازمانی ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێ لە کەناڵی نێرەرەوە دەست پێ بکەین، هەر نێرەرێك بە لایەنی کەمەوە چوار کەناڵی سەرەکی

هەیە ، وەك: ( ڕووخسار، چاوەکان، جەستە و دەنگ )، بۆنـمونە سەبارەت بە چاوەکان، ئاڕاستەی چاو و گۆڕان لـە ئەندازەی بیلـبیلـەی چاو دەکرێ هێما بێت، سەبارەت بە جە ستەو چۆنیەتی و شوێنی دەست و پێیەکان و دیاریکردنی ماوە و شوێن سەبارەت بە کەسانی تر لـەم شێوە پەیوەندییە نازمانییانە دەژمێردرێ، لایەنەکانی نازمانی دەنگیش، وەك هێز و ئاوازە کە گ یان یە ق سیە دەدەن. ئەوەی کە لـە وەرگری پەیام تێبینی دەکرێت خاوەنی پێنج هەستی ( بینین، بیستن، چە شتن، دە ست لێدان و بۆن کردن )ە ، زیاتر لـە بیست پێکهاتەی تیۆریی دێتە بەردەست. (علی توکلی : 1378ھ : 96 )

ئێمە دەتوانین پێنج کەناڵی سەرەکی و بە لایەنی کەم سێ کەناڵی ناسەرەکی لە پەیوەندییەکی گشتی ( normal communication ) پێك بهێنین، کەناڵە سەرەکییەکان بریتین لـە :

1. شێوەی ڕووخسار ( Face - vision ) .
2. شێوەی چاو ( Eye – vision ) .
3. بیستنی دەنگ ( Voice – hearing ) .
4. شێوەی جەستە ( Body - vision ) .
5. دەست لێدان ( Body - touch ) .

هەروەها سێ کەناڵە ناسەرەکییەکەش بریتین لـە :

1. بیستنی جەستەیی ( Body - hearing ) .
2. بۆن کردنی جەستەیی ( Body - smell ) .
3. دەست لێدانی ڕووخسار ( Face – touch ).

هەڵبەتە ئەم کەناڵانە بە شێوەی جیا لـە یەکتر و تاك تاك بەکار نایەن، بەڵکو کۆمەڵێك پەیام لە کەناڵە جیاجیاکان لـە یەك کاتدا دەگوازێتەوە. ( مهدی محسنیان راد : 1384ھ : 250 )

ئەگەر سیستەمەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی دیاری بکرێن و شیبکرێنەوە دە توانرێ فێربکرێن، هەروەك چۆن زمانێکی بێگانە فێردەکرێ، بە بێ ئەم فێرکردنە ئێمە لـە پەیوەندیکردنی نازمانیدا بە گوێرەی کلتوری خۆمان کاردانەوەمان دەبێت، ئێمە ڕەفتاری هەر کە سێك بەو شێوەیە لێك دەدەینەوە کە گوایە ئەو کەسە لـە خۆمانە، بەم شێوەیە لەوانەیە لێکدانەوە و تێگەیشتنمان وا

نەبێت. زمان ڕەفتارێکی لە ڕادە بەدەر ئاڵۆزە و لەبەر ئاڵۆزییەکەشی هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی بەشە بچووکەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی و گشتاندنی کارێکی بێ سوود و بێ ئەنجامە. زمانی جووڵەکانی جەستە شتێك نییە لە کەسەکە جیا بێت، سیستەمەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی لە یەك گرێدراون، ئەمەش لە سروشتی کەسایەتی و لە ناو کۆمەڵگاوە دروست بووە، لە ڕێگای پەیوەندیکردنی نازمانییەوە کەسایەتی و هەستی کەسی بەرامبەر سەبارەت بە کەسانی تر ئاشکرا دەبێت.

## 1-5- جیاوازی نێوان پەیوەندیکردنی زمانی و نازمانی

| پەیوەندیکردنی زمانی | پەیوەندیکردنی نازمانی |
|---|---|
| 1- ڕێزمانی زمانەکە تەحەکومی لەسەر دەکات. | 1- لایەنی دەروونی و هەندێ هۆکاری بایۆلۆژی تەحەکومی لەسەر دەکات. |
| 2- پوختکراوی سەر تاکە ڕۆشنبیرییەکە، هەر زمانەو خاوەنی کۆمەڵێك دەنگ و موفرەداتی جیاوازە. | 2- زمانی پەیوەندیکردنی نازمانی جیهانییە، بۆنموونە پێکەنین لە لای هەموو کەسێك لە جیهاندا هەمان واتا دەگەیەنێت، بەڵام هەندێ ئاماژە هەیە واتاکەی جیاواز دەبێت لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر. |
| 3- لە قۆناغێکی درەنگتر لە ژیاندا فێری دەبین، لەگەڵ گەشەی کۆمەڵایەتیدا. | 3- لە قۆناغێکی زووتر لە ژیاندا فێری دەبین، ڕاستەوخۆ پاش لە دایك بوون لە گەڵ گەشەی کۆمەڵایەتیدا، بۆنموونە منداڵ فێری هەندێك ئاماژە و نیشانە دەبێت وەك (پێکەنین) و (ڕووگرژکردن) پێش ئەوەی قسە بکات و فێری نووسین بێت، لەبەر ئەوە پەیوەندیکردنی نازمانی پێش پەیوەندیکردنی زمانی دەکەوێ لە پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتیدا. |
| 4- زۆر لە زانایان لەو باوەڕەدان کە پەیوەندیکردنی زمانی سۆز و هەست دەخوێنێتەوە. | 4- زانایان لەو باوەڕەدان کە پەیوەندیکردنی نازمانی پڕە لە هەست و سۆز، بۆیە هەست و سۆز بە شێوەیەکی بەهێزتر دەخوێنێتەوە و دەربڕینەکانی باوەڕپێکراوترە لە دەربڕینەکانی پەیوەندیکردنی زمانی. |
| 5-کەرستەکانی بریتین لە ( دەنگ و وشە و رستە ). | 5- کەرستەکانی بریتین لە ( زمانی جەستە، ئاماژە جۆراو جۆرەکان، ماوەی نێوان کەسەکان لەکاتی قسەکردندا، هۆکاری دەستکرد،...هتد ). |

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بەراوردکردنی نێوانیان هەیە لە چۆنیەتی ڕێگای ئەنجام دان و بەکارهێنانی ڕەمزەکان بۆ دەربڕینی پەیامەکە، ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە :

| جۆری پەیوەندیکردن لەچۆنیەتی ڕێگای ئەنجامدانی | ئەرکەکەی | ڕەمز و ئامرازە بەکارهاتووەکان بۆ دەربڕینی پەیامەکە | نموونە |
|---|---|---|---|
| پەیوەندیکردنی زمانی | پەیوەندیکردن بە قسە (وشە) | ڕەمزەکانی زمانی گۆکراوە | قسەکردن لە نێوان دووکەس |
| پەیوەندیکردنی نازمانی | 1- دووبارە کردنەوە جێبەجێ دەکات/ لە جیاتی/ جەخت کردنەوە/ڕێکخستن (بە سیستەم کردن) . | ڕەمزەکانی بریتیە لە نیشانە نازمانییەکان(گۆنەکراو)، جا یان جوولەیە یان وێنەیە. | جوولەی جەستەو چاوەکان، حاڵەتەکانی رووخسار . |
| | 2- پەیوەندییەکی ڕاگەیاندراو | لە ڕێگای هەڵبژاردن و گونجان لە بەکارهێنانی هۆکاری ڕاگەیاندن بەدەست دێت . | گرتەکانی سینەما و تەلەفزیۆن لە بەکارهێنانی کارێگەرە دەنگییەکان لە بڵندگۆ، یان بەکارهێنانی ڕەنگ لە ئێستگە . |
| | 3- پەیوەندییەکی تەواوکەر | بەکارهێنانی جل و بەرگ/ ئامادەکراوەکانی جوانکاری . | جل و بەرگی ڕەسمی و تایبەت بە دەرچوونی قوتابییانی زانکۆ لە ڕۆژی دەرچوونیان . |
| | 4- پەیوەندیەکی شوێنکات/ ڕێکخراو | بەکارهێنانی کات و شوێن (بۆشایی ـ الحیز) . | ڕێکخستنی ژووری میوان لە کورسی و تابلۆو...هتد<br>هەروەها مامەڵەکردنمان یەکات لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی تر . |
| | 5- پەیوەندیەکی سۆزدار پڕ(سۆز) | چاوتێبڕین (نیگای چاو بۆ یەکتر) /حاڵەتەکانی رووخسار/ دەست لە دەست دان یان گوشینی دەست کە ئاماژەیەکی تایبەتە. | دەربڕینی هەست و سۆزمان بەرامبەر بە کەسانی تر لە کاتی قسە کردندا. |

( محمد الصیرفی : 2006 : 180-181 )

# بەشی دووەم : زانستی جووڵەوانی

## 1-2 سـەرەتـا

حاڵەتی فسیۆلۆژی رۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەگێڕێت، مەبەستیش لە حا ڵەتی فسیۆلۆژی بریتیە لە چۆنیەتی و شێوەو بەکارهێنانی هەموو ئەندا مەکانی جە ستە و کاریگەرە دەنگییەکان لەکاتی پرۆسەی پەیوەندیکردندا، ئێمە لە حاڵەتی پەیوەندیکردنـمان لەگەڵ یەکتر ( لە کاتی ئاخاوتن) چەندین جوو ڵە و ئا ماژەی جە ستەیی بەکاردەهێنین، بەڵام پێوی ستە ئا گاداری بەکارهێنانی ئەو جووڵانە بین، چونکە زۆرجار وشەکان واتایەکی جیاوازمان دەداتێ لەوەی کە زمانی جەستە دەمانداتێ. بۆ نـمونە کەسێك دەیەوێت گوزارشت لە سوپاس و رێزی بکات لە کاتێ کدا ڕوخساری گرژ دەردەکەوێت و چاوەکانیشی سەیری لایەکی تر دەکات، ئەمەش ئەوە دەردە خات کە کاریگەری وشەکان لاواز و فەوتاوە.

زمانی جەستە، زمانی قسەکردن پێچەوانە دەکاتەوە، ئە گەر حا ڵەتی قـ سەکردنەکە (و شەکان) گونجاو نەبوو لەگەڵ حاڵەتی جەستە، ئەوا گومان دەکەوێتە ناو قـ سەکردنەکە و کاریگەرییەکە شی لاواز دەبێت. زمانی جەستە هەرچ هەستێکی شاراوە هەبێت لە ناخی قسەکەر دەردەخات، هەرچەندە قسەکەر لە زمانی جەستەی ئاگادار بێت و لە پەیوەندیکردندا بەکاری بهێنێت ئەوا پەیوەندییە کەی کاریگەرتر دەبێت.

لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی ڕووبەڕوودا گرنگترین لایەن تیایدا لایەنی زمانی جووڵەکانی جەستە یان زانستی جووڵەوانی( Kinesics )[1]یە، کە بە شێوەی نازمانی دەژمێردر ێت. هەروەك چۆن توخمەکانی (دەنگ) وەك ئاوازە و بەرزی و نزمی دەنگ زان یاری کۆمەڵا یەتی و هە ست و سۆز دەگەیەنن، بەهەمان شێوە جووڵەو شێوەکانی جەستەش بە شێوەیەکی نائاگایا نە وەڵا می کاردا نەوە کۆمەڵایەتییەکان دەدەنەوە. قسەکردن بەبێ جووڵەکانی جەستە تا ڕادەیەك ئاسان نییە، چونکە ئێ مە

[1] (Kinesics) واتە: علم الحركه الجسميه، کە لە فارسیشدا (علم حرکت شناسی) لە بەرامبەر دانراوە ، ئێمە لە کوردیدا وامان بەباش زانی کە زاراوەی ( زانستی جووڵەوانی ) لە بەرامبەر بەکاربهێنین.

ڕۆژانە لە کاتی قسەکردندا ئاگایانە و نائاگایانە چەندین جوولەی جەستەیی بەکار دەهێنین، بۆ نـمونە زۆربەی جار ئەگەر ئێمە هەڵەیەك بکەین یان هەست بکەین کە شتێکی هەڵەمان ئەنجام داوە، ـیە ـیێ زانینی هۆیەکەی هەست بە نارەحەتی دەکەین.

زانستی جوولەوانی زاراوەیەکی هونەرییە گشت لایەنەکانی زمانی بێدەنگی دەگرێتەوە، هەروەها ئەو توخمانەی کە لە ناو ئەم زانستەدایە سیستەمی پەرە زمانی (Paralanguage)[2] پێك دەهێنن، کە لەگەڵ سیستەمی زمانی بە جووتە بەیەکەوە دێن. زانستی جوولەوانی هەروەك خودی زمان پێدە چێ هەم دەروونی و هەم لایەنی کلتوری دیاریکراو بێت، چونکە لەوانەیە جوولەی جەستەیی د ـیاریکراو هەبێت کە لە هەموو کلتورەکاندا یەك واتا بگەیەنێت، پەیامی جوولەیی تریش هەیە کە واتای تایبەتی و دیاریکراویان لە کلتورێکی تردا هەیە، هەرچەندە ئەم جوولانە لە زۆر ـیەی کلتورەکا ـندا ـیەدی دەکرێن، چونکە لە زمانی جیاجیا و کلتورە جیاجیاکاندا بەکاردێن.

زمانی جوولەکانی جەستە یان زانستی جوولەوانی لەسەر بنەما و شێوازی رەڤـتاری پەیوە ـندیی نازمانی دامەزراوە، بەڵام ئەم زانستە تاکو ئێستا ئەوەندە نوێیە کە ژ ـمارەی خاوەن ڕا ـکانی بە ـقەد ژمارەی پەنجەکانی دەستە. زمانی جوولەکانی جەستە دەکرێ هەر جوولەیەکی ڕەنگدانەوەی ـیان ـنا ڕەنگدانەوەی لە یەك بەش یان لەگشت جەستە بـ ـێت، ـکە ـیەهۆی کە سێکەوە ـبۆ گوا ستنەوەی پەیامێکی هەستیی بۆ جیهانی دەرەوە بەکار دێت. بۆ تێگەیشتن لە زمانی جەستە، پـ سپۆڕانی زانـ ستی جوولەوانی بەزۆری با ـیەخ ـیە جیاوازیـ ـیە کلـ ـتوری و ناو چەییەکان دەدەن. کە سێکی ئا سایی نەخوێندەوار لە جیاوازییە وردەکانی کلتوریی ئەوەی کە دەیبینێت زۆربەی جار ـیە خرا ـپی لـ ـێی تێدەگات.

زانستی جوولەوانی شێوەی زۆرە، کە هەندێکیان بە ویست و ئارەزوو و هەندێکیان بێ ویـ ـست و ئارەزوو دیارن، بە شێوەیەکی گشتی ئەم جوولانە دەتوانن پەیامێکی ئاشکراترو ڕاستەوخۆتر لە دەیان وشە بگەیەنن، کە کاریگەرییەکەی زۆر زیاترە لەو کاریگەرییەی کە وشەکان هەیانە لە قـ ـسەکردندا.

---

2 بەکارهێنانی توخمی ناگوتەیی لە قسەکردندا وەکو ئاوازە، دەربڕینەکان و ئاماژەکان بە شێوەیەك کە کاریگەری لەسەر واتا دروست بکات، دەگرێتەوە. (Trask, 1993: 197)

لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەی زمان تێکەڵە لە جووڵە بە ویست و ئارەزووەکان و جووڵە بێ ویستەکان و ئارەزووەکان، لەوانەی کە لە یەك کلتور بەکاردێن تا ئەوانەی کە هیچ سنورێکی کلتوری نانا سین. بۆئەوەی کە بڵێین زمانی جەستە لە هەر سیستەمێکی پەیوەندیکردندا تا چ ڕادەیەك بۆماوەییە و چەندیش بە فێربوون و بەدەست هێنانە، کارێکی سەختە، بۆیە گشت ڕەفتارەکان یە فێربوون وەرناگیرێن واتە (تعلیمی) نییە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئێمە خاوەنی یەك شێوازی بۆماوەیین؟ (داروین) پێی وایە کە حاڵەتەکانی ڕوخسار(Facial expression) لەبارەی هەستەکان لە نێوان مرۆڤدا وەکو یەکەو پەیوەندی بە کلتورەوە نییە، بەڵام هەندێك کاردانەوەی جەستەیی دیاریکراو بە شێوەی بۆماوەییە، چونکە لە ڕاستیدا ئێمە بە توخمەکانی پەیوەندیکردنی نازمانییەوە دێینە سەر دونیا، ئێمە دەتوانین نەفرەت، ترس، غەم، ...هتد کە لای هەموو مرۆڤێك دیارە و دەکرێ دروست بکەین، بە بێ ئەوەی فێرکردنی تێدا بێت. دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە زۆربەی ئەو نیشانانەی کە لە کۆمەڵگایەکدا واتاو مەبەستێکیان هەیە، لە کۆمەڵگایەکی تردا واتاو مەبەستێکی تر دەگەیەنن، بۆ نموونە: ئێمە بە جووڵاندنی سەر بەم لاو بەم لادا واتای (نەخێر) دەگەیەنین، بە بەرزکردن و نزمکردنی سەر بۆ سەرەوەو خوارەوە واتای (بەڵێ) دەگەیەنین، بەڵام لە هیند چەند کۆمەڵگایەك هەیە پێچەوانەی ئەم جووڵەیە بۆ (بەڵێ) و (نەخێر) بەکاردەهێنن، واتە جووڵەی بەرز و نزمکردنی سەر بۆ (نەخێر) و جووڵەی سەر بەم لاو بەم لادا بۆ (بەڵێ) بەکاردەهێنن. بەم پێیە زمانی گۆنەکراو بە شێوەیەك بەشێکی غەریزی و بەشێکیش نا غەریزییە.

(بێردویستل) کە دامەزرێنەری زانستی جووڵەوانییە، لە لێکۆڵینەوەی ئەم زانستەدا ئەوە شیدەکاتەوە کە هەر نیشانەیەك بۆ چی بەکاردێت و چ پەیامێك دەگەیەنێت، یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی ئەوەیە کە هەر ئەمریکییەك لە کاتی قسەکردندا چەندین جار سەری دەجووڵێنێت، ئەگەر لە قسەکردنی نێوان دوو ئەمریکی فیلمێك دروست بکرێت و ئەم فیلمەش بە شێوەیەکی

هێواش پیشان بدرێت، دەبینرێ کە جوولەی سەر بۆ وەلاَ مى پر سیار چەندە یەکاردێت. (ع لى توکلى: 1378 :102-103)

ئەمەش یەکێکە لەو شێوانەی کە بەهۆیەوە لە گفتوگۆیەکدا قسەکەمانی پێ دەردە بڕین، هەروەك چۆن ئاوازە لەو ڕستانەی کە دەریدەبڕین بە شێوەی بەرزی و نزمی کاردەکات، جوولەکانی سەریش بەم شێوەیە کاردەکەن، لە کۆتایی هەر پرسیارێکیش سەر بەرەو سەرەوە جوو لە دە کات و بەرز دەبێتەوە، پێلوی چاویش بە گۆکردنی وشەی کۆتایی پرسیارەکە دەکرێتەوە. بۆ نموونە کاتێك ژنێك لەگەڵ پیاوێك قسە دەکات دەبینین سەیری ڕاست و چەپ و سەرەوە و خوارەوە دە کات و چاوی دەکاتەوە و برۆیەکانی بەرەو سەرەوە دەبات و لێوەکانی دەگەزێت و لووتی دەخورێنێ، یە گ شتی جوولەکانی جەستەی زۆر گونجاون لەگەڵ ئەوەی کە دەیڵێت، بەڵام لە بەر جۆراوجۆر یەتی جوولەکانی جەستەی مرۆڤ زۆربەی جار پەیوەست کردنی جوولە یەکی د یاریکراو بە پەیامێکی دیاریکراو کێشە دروست دەکات.

## 2-2 زانستی جووڵەوانی

پێش ئەوەی بچینە ناو باسی ئەم زانستەوە، پێویستە ئا گاداری چەند پێنا سەیەك بین، لە نێو پێناسەکانی کە بۆ ئەم زانستە کراوە، ئەم چەند پێناسەیەمان هەڵبژارد:

لە فەرهەنگی زمانناسیدا بەم شێوەیە پێناسەی کراوە: ((جۆرێ کە لە پەیوە ندیکردن، کە بەهۆی بەکارهێنانی جوولەکانی جەستە، حالەتەکانی جەستە، جوو لەکانی دەم و چاو وەك: حالە تەکانی ڕوخسار، ئاماژەکانی دەست و ماوەی نێوان کەسەکان لە کاتی قسەکردندا، ئەنجام دەدرێت، کە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا پێی دەوترێ پەیوەندیکردنی نازمانی)).(David Crystal:1989:48)

چەمکی زمان لێرەدا وەك بەکارهێنانی لە قسەکردن و نوو سین و ئاماژە کان نی یە، چونکە ئەو هێمایانەی کە بەم شێوەیە دەگوازرێنەوە تایبەتە بە زمانی قسەکردن.

هەروەها لە فەرهەنگی زماناسی کارەکیدا بەم شێوەیە پێناسەی کراوە: ((لێکۆڵینەوە یان بەکارهێنانی دیاردەی نازمانی وەك: حاڵەتەکانی ڕوخسار، جووڵەکانی سەر و چاو و ئاماژەکان (gestures) کە لە ئاڵوگۆڕی گفتوگۆ بەکاردێن، هەروەها جەخت لەسەر ئەو شتە دەکەنەوە کە باسی لێوە دەکرێت، یان مانای زیاتر دەخەنە سەر ئەو شتەی کە دەگوترێت)). لەم فەرهەنگەدا ئەم دیاردەیە بە تایبەتمەندییەکانی پەرەزمانی (Paralinguistic features)ش ناودەبرێت. (Richardis :1985 : 206)

زانستی جووڵەوانی دەکرێتە چەند بەشێکەوە، ئەو توخمانەی کە دەکەونە ناو ئەم بەشەوە بریتین لە حاڵەتەکانی ڕوخسار، ئاماژەی چاوەکان، ئاماژە و حاڵەتەکانی جەستە (posture)، هەریەکێك لەم بەشانە ڕۆڵێکی بەرفراوان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا نیشان دەدەن. جووڵەکانی ڕوخسار و جەستە زانیاری لەسەر کەسایەتی حاڵاتی هەستی مرۆڤ دەبەخشن، لە نێوان ئەمانەش بەتایبەتی (دەم و چاو) نیشانەی بەرفراوان لە هەستی وەك: ترس، شادومانی، دڵتەنگی، تووڕەیی، سەرسوڕمان، مەیل و ڕق و کینە دەگرنە خۆ. زۆربەی ئەم حاڵەتانە واتای جۆراوجۆر دەبەخشن کە لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر جیاوازن. دەم و چاو و جەستە لە کاتی پەیوەندیکردندا چەند هێمایەك دەنێرن، نمونەی ئاماژەی چاوەکان پیشان دەدەن کە کێ لەگەڵ کێ قسەدەکات، حاڵەتەکانی ڕوخسار بارودۆخێك بۆ قسەکەر دەرەخسێنێت کە هۆکاری گەیاندنی واتای وەك سەرسوڕمان و بێ بڕوایی و لەم جۆرەن، حاڵاتی جەستە ڕەفتاری مرۆڤ سەبارەت بەکەسی بەرامبەر دەگوازێتەوە، وەك: ...هتد مەیل ، ماندوبوون و پشوودان. شێوازی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەڵس و کەوتی ڕوخساری و جەستەیی پەیوەندییەکی تایبەتییان هەیە، وەك : هەڵتەکاندنی دەست لەکاتی ڕۆیشتن یان خۆخوارکردنەوە وچۆنیەتی ڕاوەستان لە ڕێ و ڕەسم و بۆنە تایبەتییەکاندا وەك ڕێزێك بۆ کەسی بەرامبەر.

هەر گوێگرێك نزیکەی دووجار سەیری قسەکەر دەکات لە هەر جارێك کە قسەکەر سەیری گوێگر دەکات، قسەکەر و گوێگر بە نیشانەکردنی پێکهاتەی گفتوگۆ یارمەتی یەکتر دەدەن، بۆ نمونە قسەکەران کە دەگەنە کۆتایی قسەکەیان، سەیری سەرەوە دەکەن و ئاگاداری گوێگر

دەکەنەوە کە دەرفەتی قسەکردن خەریکە تەواو دەبێت. لەوانەیە هەندێك لە بیرۆکەکانی ئەم زانستە جیهانی بێت، بەڵام هەندێك لە زاناکان لەم ساڵانەی دواییدا جەختییان لە سەر جیاوازی کلتوری کردۆتەوە کە لە جووڵەکانی ڕوخسار و جەستەدا دەبینرێن، هەندێك لە کۆمەڵگاکان زۆر ئاماژە و حاڵاتی ڕوخساری بەکار دەهێنن، وەك ئیتاڵییەکان، هەندێکی تر نیشانە و حاڵاتی ڕوخساری زۆر کەم بەکاردەهێنن، وەك یابانییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە یەك حاڵەتی جەستەیی لە نێوان کۆمەڵگاکاندا هاوبەش بێت، بەڵام واتای زۆر جیاواز بگەیەنێت، بۆنموونە لە فەڕەنسا ئەگەر کەسێك پێڵوی چاوی خۆی بە پەنجە بنوقێنێت، واتا قسەکەر ئاگادارە لەو شتەی کە ڕوودەدات، لە کاتێکدا هەر ئەو جووڵەیە لە ئیتاڵیا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە گوێگر لەو شتەی کە ڕوودەدات پێویستە ئاگادار بێت. (مهدی محسنیان راد: 1384ھ :106 )

جۆراوجۆرییەتی کلتوری هەر میللەتێك لەبارەی زمانی جەستە بەرامبەر بە کەسێکی بیانی یەکەم شتە کە لەو زمانەدا هەستی پێدەکات، بەڵام تێگەیشتن لە واتایان کارێکی ئاسان نییە، سەختتریش ئەوەیە کە بیبەوێت ئەو ئاماژانە بەکاربهێنێت، بۆ نموونە دەتوانین چاودێری ئەو کەسە بکەین کە دوو زمان (عەرەبی و ئینگلیزی) دەزانێت، دەبینین جووڵەکانی جەستەی لە کاتی قسەکردنی بە زمانی عەرەبی جیاوازە لە جووڵەکانی لە کاتی قسەکردنی بە زمانی ئینگلیزی. لەم بارەوە (بێردویستل) لێکۆڵینەوەی شریتێکی وێنەی جووڵاو( صور متحرکە) ی لە کاتی قسەکردن بە ئینگلیزی پێشکەش کردووە، کە پێی دەوترێ هەواڵی وێنەدار لەسەر یەکێك لە ئەندام پەرلەمانەکانی نیویۆرك، کە ناوی (Fiorel la Juardia) بوو، ئەم ئەندام پەرلەمانە زمانی ئیتاڵی و جولەکە و ئینگلیزیی ئەمریکی دەزانی، لێکۆڵینەوەکە دەڵێت هەر مرۆڤێك ئەم سێ ڕۆشنبیرییە بزانێت، دەتوانێت لە کاتی لابردنی (دەنگ) لە ڕێگای زمانی جەستەیدا بزانێت کە بەکام زمان قسە دەکات، بە واتا ئەم نوێنەرە دەیزانی چۆن وا دەربکەوێت کە ببێت بە ئیتاڵی یان یەهودی یان ئەمریکی، ئەویش نەك تەنیا بە زانینی ئەم سێ زمانە، بەڵکو توانای هەبوو لە بەکار هێنانی ئەو جووڵە جەستەییانەی کە هەر یەکەو بەپێی شێوازە

تایبەتییەکانیان لە کلتور و رۆشنبیری هەر زمانێك لە زمانەکاندا هەیە. ( عبده الراجحي: 2004: 45)

کاتێك کەسانێك هەواڵ پرسی یەکتری دەکەن و پێیان خۆشە ئەرکی بەیەك گەیشتنی کۆمەلاَیەتی ئەنجام بدەن، دەبینین برۆکانیان بە یەك جووڵەی خێرا بۆ سەرەوە بەرز دەکەنەوە بۆ ماوەی 6/1 ی چرکە بەو شێوەیە ڕایدەگرن، ئەم ڕەفتارە لە زۆربەی بەشەکانی جیهان بینراوە، بۆیە بە ڕەفتارێکی جیهانی دەژمێردرێت، ئێمە لەزۆربەی کاتدا لەبەکارهێنانی ئەم جووڵەیە ئاگادار نین، بەلاَم ئەم ڕەفتارە کاردانەوەیەکی بەهێز لەکاتی هەواڵ پرسین دروست دەکات و هەمان کاردانەوەی بەرامبەری دەبێت. هەروەها ئاماژەکردن بە دەست بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ناو لەپی دەست ڕوو لەسەرەوە دەبێت یان ڕوو لە خوارەوە دەبێت، جا ئەگەر کەسانێك لە جۆری جووڵەی یەکەم بەکار بهێنن مەبەستیان ئەوەیە کە کەسێك بۆ لای خۆیان بانگ بکەن و جووڵەی دووەم کە ناو لەپی دەست بەرەو خوارەوەیە مەبەستیان ئەوەیە کە ئەو کەسە دوور بکەوێتەوە. (David Crystal:1989: 402)

زانستی جووڵەوانی وەك زانستێك لە لایەن ( رای بێردویستل ) پرۆگرامەکەی بەرجەستەکراو بە ئاڕاستەی چەند هێلێك کە لە زمانناسی دۆزیبوویەوە، پێشکەش کرا، ناوی ئەم زانستەشی بە زاراوەی (Kinesics)[٣] دەربڕی، کە مەبەستی لە پێرەدا ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی جووڵەکانی جەستەی مرۆڤ لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بکات، بۆ سوود وەرگرتن لە تێگەیشتنی پرۆسەی زمان و زانین و تێگەیشتنی لە دیاردەی بنیاتنانی کۆمەلاَیەتیدا. (عبده الراجحی : 2006 : 41)

(بێردویستل) زۆر لێکۆڵینەوەی ئەنجام دا، بەلاَم لێکۆڵینەوەی جووڵەکانی جەستەی مرۆڤ لای ئەو پایەیەکی زۆر گرنگی هەبووە لە نێوان زانستەکانی پەیوەندیکردن بە گشتی و لێکۆڵینەوەی

---

3 Kinesics یەکێکە لە هەرە گرنگترین شێوەکانی پێکهاتەی نازمانی، بایەخی ئەم بەشە لەوەدایە کە ڕوو بەرێکی زۆر لە Paralinguistics داگیر دەکات، کە پێی دەوترێت پێکهاتەکانی (kinesics) . (فریق علی حسن : 1999:12)

زمانیش به تایبەتی، هەروەها وا مەزەندەی کردووە کە لەیەك گفتوگۆی ئاسایی لە نێوان دوو کەس، توخمەکانی زمانی شتێك کەمتر لە 35٪ واتای کۆمەلآیەتی ئەو بارودۆخە دەگەیەنێت، لە کاتێکدا کە زیاتر لە 65٪ی (واتا) لە ڕێگای نازمانییەوە دەگەیەنێت. ( علی توکلی :1378ه :107 )

لە لێکۆلێنەوەیەکی تریشدا کە (ئەلبرت میهرابیان) ئەنجامی داوە، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین پسپۆڕ لە بواری پەیوەندیکردنی تاکە کەسیدا، لێکۆلێنەوەی لە سێ توخمی پەیوەندیکردن کردووە کە ئێمە لە پەیوەندیکردندا بەکاری دەهێنین، هەروەها لێکۆلێنەوەی لەسەر جیاوازی هەرسێ توخم کرد کە کامەیان زیاتر جێی باوەڕە لە (دەنگ و وشە و زمانی جەستە)، لەم بارەوە یا سایەك بە دەستەوە دەدات، بەم شێوەیەی خوارەوە :

1- وشەیی 7٪

2- دەنگی 38٪

3- جەستەیی 55٪




(محمد عبدالغنی :2006 :121)

لەو حالەتەدا ئەو سێ توخمە بەیەکەوە بەشێوەیەکی یەکسان کاردەکەن بۆ گوا ستنەوەی پەیام، بەرزی و توندی دەنگ و کاریگەرییەکەی لەگەڵ حالەتی ڕوخسار و جوولەکانی جە ستە بەیە کەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی پێچەوانەی باوەڕبوون و ڕاستگۆیی ئەو شتەی کە دەگوترێ، بگەیەنرێ. بەلآم لێرەدا حالەتێکی جیاواز هەیە، بۆ نموونە ئەو کاتەی یەکێك تووڕە دەبێت لە ژێر کاری گەری

شتێکەوە یان لە هەر حاڵەتێکدا بێت، ئەو کەسە دەیەوێت ئەو شتەی کە لە ناخیدایە بیشارێتەوە، لەو کاتەدا پەیامێکی تر دەدات کە جیاوازە لەو پەیامەی کە دەیەوێت بیڵێت، یان یەکێك لە نێوان کۆمەڵێك کەسی تر دایە و سەیری سەرەوە دەکات و بە دەنگێکی پچڕ پچڕ و پەنجەی تێك ئاڵاوەوە دەڵێت (هەست بە دڵخۆشی دەکەم، چونکە لە نێوان ئێوەدام) دیسان واتایەکی جیا دەدات لەوەی کە دەیڵێت. ( هانی السلیمان : 2005: 47-48 )

لە باسی پەیوەندیکردندا ئاماژەمان بەوە دا، کە ئەو واتایەی مرۆڤ دەیگوازێتەوە تەنیا و شەکان نییە، واتە تەنیا زمانی گۆکراو نییە، بەڵکو هۆکاری تریش بە شداری تێدا دە کات وەك (گ شت جووڵەکانی جەستەی مرۆڤ)، کە هەندێك جار واتاکان دژی خودی وشە دەربڕاوەکانە، کەواتە ئەو ئاماژانەی کە لە ڕێگای زمانی جەستەوە دەگوازرێنەوە هاوشان لەگەڵ زمانی قسەکردندا واتای زیاتر دەبەخشنە سەر ئەو قسەیەی کە دەگوترێت. دەبێت ئەوەش بزانین کە ز مانی جە ستە مە سەلەیەکی ئەندامی نییە، کە مرۆڤ چۆن بۆی بکر یت بەکاری بهێن یت، بەڵکو (سی ستەمێکە) مرۆ ڤ لە کۆمەڵگادا فێری دەبێت، هەروەها خاوەنی شێوازی تایبەت بە ڕۆشنبیرییە.

زانایانی فسیۆلۆژیا دەڵێن: ئەندامەکانی دەم و چاو دەشێ بیست هەزار گوزار شتی ڕوخ ساری پێشکەش بە مرۆڤ بکەن، کە هەر یەکێکیان جیاوازە لەویتریان، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم بەکار دێنێت بە پێی پێویستی بونیاتی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوەی فێر بوون پرۆ سەیەکە لە چەندین شێواز پێکهاتوە، بۆیە فێربوونی زمانی جەستە بەو پێیەی کە حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی پەیوەندیکردن ئەویش بە پێی شێوازەکانی بایەخە کۆمەڵایەتییەکەی دەردەکەوێت، هەر لێرەشدا ئاراستەکە دەبێتە (سی ستەم) و دەکرێ شیبکرێتەوە بۆ توخمەکان و لێکۆڵینەوەی پرۆگرامانەی بۆ بکرێت. بێگومان جیاوازی یەکی زۆر هەیە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا لەسەر بەکارهێنانی زمانی جەستە، بۆ نموونە (لوبنانی و سوری و فەلەستینییەکان) کە سەر بۆسەرەوە بەرز دەکەنەوە واتای (ڕەفز) دەگەیەنێت، یان جووڵانی برۆکانیان

یەك جار بۆ سەرەوە ئەمەشیان واتای (ڕەفز) دەگەیەنێت، کە لای ئێمەش ئەم دوو جۆرە جوولەیە هەمان واتای هەیە، بەڵام جووڵاندنی برۆکان لای میسرییەکان واتای تر دەبەخشێت. هەروەها جیاوازییەکی زۆر دەبینین لە نێوان میللەتان لە بەکار هێنانی جوولەی سەر و دەم و چاو و شان و دەست و پەنجە و پێیەکان، تەنانەت زمانی جەستە لە ناو یەك کۆمەڵگاشدا جیاوازی هەیە بە پێی پێوەری چینایەتی و پێوەری کارەکانیان، هەروەها جیاوازی لە چۆنیەتی بەکار هێنانی زمانی جەستە لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا (پیاو و ئافرەت) هەیە، کە هەر یەکەیان بە شێوازی جیاواز دەڕۆن و دادەنیشن و ڕادەوەستن، هەروەها لە تروکاندن و کردنەوەو داخستنی چاو جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیادا هەیە. ( عبده الراجحی : 2004 : 42 )

(بێردویستل) بە مەبەستی وەسفی زانستی جوولەوانی زاراوەی تایبەتی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە بەرامبەر (ئاوازە) کە بۆ تۆخمەکانی دەنگ بەکاردێت زاراوەی (لەرزین  Kine ) و لە بەرامبەر ( فۆنیم ) زاراوەی ( نیمچە جوولە  Kineme ) و لە بەرامبەر ( مۆرف ) زاراوەی (تاکە جوولە Kinemorph ) و لە بەرامبەر (مۆرفیم) زاراوەی( جوولە  Kinemorph ) ی بەکار هێناوە. هەروەها ئەم جوولە ناسە[4] بۆ وەسف کردنی جوولەکانی جەستە، سیستەمێکی ئالۆزی لە جوولە پێوەکان ( Kinegraph ) بەکار هێناوە، هەروەها سیستەمێکی بەرفراوانی بۆ تۆمارکردنی جوولەکانی دەم و چاو و جەستە دروست کردووە، کە لە یەك شێوەی لەیەک چوو (هاو شێوە) پەیڕەوی دەکات وەك چۆن زماناناس کە بۆ تۆخمەکانی قسەکردن بەکاری دەهێنێت، هەروەها هەشت بەشی بنەڕەتی جەستە کە لە گواستنەوەی پەیام کاریگەرن و ڕۆڵیان هەیە، یەدەریان دەخات، ئەم هەشت بەشەش بریتین لە:

1- هەموو سەر.

2- دەم و چاو.

---

[4] ( Kinesicist )

3- گەردەن.

4- جەستە.

5- شان و دەستەکان.

6- دەست، کە جوولەی پەنجەکان دەگرێتەوە.

7- ڕان هەتا گۆزنگی پێ.

8- پێ، کە پەنجەی پێ و پاژنەش دەگرێتەوە.

پەیامە جوولەییەکان لە ڕێگای زۆرێك لە ئاماژەکان دەگوازرێنەوە، بۆ نموونە بۆ دەربڕینی (گومان) شێوەی جۆراوجۆری جەستەیی بەکاردێنین، وەك: گەستنی لێو، برۆ هێنانەوە یەك، ڕاکێشانی گوێ، ڕاکێشانی لووت، خوراندنی چەناگە و ڕوومەت، هەروەها چەند جۆرێکی تری جوولەش هەیە کە پەیامی لەخۆوەن (فطری)، نموونەی ئەم جۆرە جوولەیەش: لە پێ خستنە سەر پێ تاکو جوولەی پەنجەکانی پێ، کە دەتوانن هەڵگری پەیام بن. (علی توکلی : 1378 : 108 )

بۆ بە زانست پیشاندانی لایەنە جیاجیاکانی زانستی جوولەوانی، ( بێردویستل ) لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام داوە، کە بۆ زمانی جوولەکانی جەستە یان زانستی جوولەوانی سیستەمێکی پێکهێناوە، گشت جوولە پەیوەندیدارەکان شیدەکاتەوە و بۆ هەر یەکێکیشیان کۆدێك دادەنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:



| | |
|---|---|
| (wide eyed) | 1. چاوی کراوە |
| (wink) | 2. ئاماژە بە چاو |
| (lateral squint) | 3. سەیرکردن بە بنە چاو لە لایەك (تیی چاو) |
| (full squint) | 4. سەیرکردنی تەواو بە تیی چاو |
| (sidewise look) | 5. سەیرکردن لە تەنیشتەوە |
| (focus on auditor) | 6. جەخت لەسەر بیسەر |
| (stare) | 7. داڵغە لێدان |
| (rolled eyes) | 8. سەیرکردنێکی بازنەیی |
| (slitted eyes) | 9. تەسك کردنەوەی چاوەکان |
| (eyes upward) | 10. چاوەکان بەرەو سەرەوە |
| (shifty eyes) | 11. سەیرکردنێکی نا ئارام |
| (set jaw) | 12. نیشاندانی ریزی شەویلاگ |
| (smile tight-loose | 13. پێکەنینی شل و توند |
| (mouth in repose) | 14. دەمی داخراو |
| (droopy mouth) | 15. دەمی بەرەو خوار |
| (tongue in cheek) | 16. زمان لە روومەت |
| (pout) | 17. لچ و لێوی شۆڕ |
| (clenched teeth | 18. ددانی توند بەیەك بەستراو |
| (toothy smile) | 19. پێکەنینی ددان دیار |
| (square smile) | 20. پێکەنینی چوارگۆشە |
| (open mouth) | 21. دەمی کراوە |

مهدی محسنیان راد: 1384 ه : 253 )

چاوەکان باوترین سەرچاوەی پەیوەندین لە زمانی جەستەدا، ( بێردوێ ستل ) نی شانەی (  ) بۆ چاوێکی کراوە و نیشانەی ( — ) بۆ چاوێکی داخراو بە کار هێناوە، کرانەوەی چاوی ڕا ست یە شێوەی (  ) و کرانەوەی چاوی چەپ بە شێوەی (  ) پی شان داوە، هەردوو چاوی کراوەشی بە شێوەی (  ) پیشان داوە. ( بێردویستل ) هەر یەکێك لەو جوولانەی بە لەرزینێك یان بچووکترین جوولەی تۆمارکراو داناوە، هەروەها دەڵێت هەموو جوو لەکانی جە ستە خاوەنی واتان و هیچ یەکێك لەمانە بە ڕێکەوت نییە.

لەگەڵ قەبوولّ کردنی ئەم تیۆرییە دەتوانین بۆ لێکۆڵینەوەی هەر جوولەیەك و گرنگییەکەی هەنگاوێك بنێین، بەلاّم بە قەبوولّ کردنی ئەم تیۆرییە هەندێك جار کێشە دروست دەبێت، بۆ نموونە خوراندنی لووت لەوانەیە ئاماژە بێت بە گومان یان درۆکردن، بەلاّم لەوانەشە ئاماژە بێت بەوەی کە لووت بەڕاستی بخورێت، یان خوراندنی سەر لەوانەیە ئاماژە بێت بەوەی کە ئەو کەسە درۆ دەکات یان شتێکی لە بیر کردووە، لەوانەشە ئاماژەش بێت بەوەی کە سەر بە هۆی نەخۆشییەکی پێستەوە بخورێ، لێردا کێشەی ڕاستەقینەی زانستی جوولەوانی لە جیاکردنەوەی نیشانەکان بەدی دەکرێت. ( عاهد حسنی: 2001 : 160 )

( بێردویستل ) ئاماژە بەوەش دەکات کە لەوانەیە جوولەیەکی جەستەیی لە شوێنێك بە تەواوی بێ واتا بێت و لە شوێنێکی تردا واتادار بێت، بۆ نموونە : ئەو توڕەبوون و گرژییەی لەگەڵ لۆچ بوونی پێستی نێوان برۆیەکان دروست دەبێت، لەوانەیە پیشاندەری خاڵێك بێت لە ڕستەیەکدا، لە شوێنێکی تر لەوانەیە واتای دلّ ڕەنجاندن بگەیەنێت، یان جاری وا هەیە ئەم جوولەیە لەوانەیە بۆ ئەوە بێت داوا لە منداڵێك بکەین بە نەکردنی کارێك، هەروەها ( بێردویستل ) لە زمانی جەستە ئەوەیە گرنگترین خاڵ دادەنێت کە هیچ جوولەیەك هەرگیز بە تەنیا نییە، بەڵکو هەر جوولەیەك هەمیشە بەشێکە لە یەك نموونە، چاو تروکاندن بە تەنیا پێی دەوترێت لەرزین کە بچووکترین یەکەی پێوانی زمانی جەستەیە، ئەم جوولە بچووکە دەکرێ بەم شێوەیە وەسف بکرێت کە یەك پێلّوی چاو دێتە خوارەوە لە کاتێکدا پێڵوەکەی تر بە بێ جوولّە دەمێنێتەوە. هەروەها ڕوخساریش حالاّت و گۆڕانکاری زۆری هەیە و تەنانەت کاتێك کە جوولەکانی سەریشی لەگەڵدا دەبێت، ئەوا کۆمەڵێکی تر لە جوولەو حالاّتی تر دێتە کایەوە، جوولەی سەر واتای هەیە بەلاّم کاتێك لەگەڵ حالەتەکانی ڕوخسار تێکەڵ دەبێت واتای جیاواز دەدات، کە بە پێی کلتورە جیاوازەکان مەبەست و واتاکەی

دەگۆڕێت. هەروەك پێشتر باسمان کرد سنوری زانستی جوولەوانی دابەش دەبێتە سەر چەند بە شێك، کە هەر بەشێك چەندین ڕۆڵ دەبینێ، ئەو بەشانەی کە لە ژێر ئەم زانستەدان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبێت و دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە:

1- ئاماژە (Gesture )

2- حالاتی جەستە (Posture )

3- حالاتی ڕوخسار ( Facial expression )

4- زمانی چاو (Eye contact )

## 1-2-2 ئـــامـــاژە ( Gesture ) :

مرۆڤـ دەتوانێت برێکی زۆری زانیاری خۆی لە ڕێگای جۆرێکی سەیر لە پەیوەندیکردنی ناز ـمانی بگوازێتەوە، ئەویش لە ڕێگای (ئاماژە)وە دەتوانێت ئەنجامی بدات. ئاماژە بریتـ ـیە ـلە جوو ـڵە ـیان جوولاندن، کە بە گشتی لە ڕێگای دەستەکان مەبەستێك دەگەیە ـندرێت، ـهەروەها ـبە ـسەر ـیان تەنانەت هەموو جەستەش گواستنەوەی ـئەو پەیا ـمە ـئەنجام دەدر ـێت، ئاماژە ـکان ـجۆرێکن ـلە پەیوەندیکردن لەوانەیە بە تەنیا بەکار بێن واتە بە بێ ئەوەی قسەی لەگەڵ دابێ، بۆنـمونە کاتێك ـلە دوورەوە دەمانەوێت سلاو لە یەکێك بکەین تەنیا دەستمان بەرز دەکەینەوە، ـبە ـبێ ـئەوەی ـهیچ قسەیەك بکەین، بەلام جاری وا هەیە ئاماژەکان قسەشیان لەگەڵ دایە، بۆ نـمونە هەر بۆ سلاو ـکردن قسەشی لەگەڵ دایە وەك (چۆنی و چاکی) ئەگەر هاتو کەسەکە لێمان نزیك بێت.

سیستەمەکانی ئاماژە لەوانەیە جێگرەوەی ڕاستەقینەی زمانی گۆکراو بن، هەندێك لەو ئاماژانە بە بێ ویست (ئۆتۆماتیکی) ڕوودەدەن، هەندێکیان ڕەسمیات و واتای زۆر تایبەتیان لەگەڵە و ـلە کلـ ـتورە جیاجیاکاندا جیاوازی زۆریان هەیە. لێك تێنەگەیشتن لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی نازمانی یەکێ ـکە ـلە

ناخۆشترین ڕوو بە ڕوو بوونەوە کە لە نێوان میللەتان دێتە کایەوە، بۆ نموونە زۆربەی ئەمریکییەکان ئاگادار نین لەوەی کە چینییەکان چەندە ڕقیان لەو کەسەیە کە دە ست لە پ شتیان بدات، یان تەوقەیان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەمریکییەك وا ئاسان نییە لەم جوولە تایبەتییانە کە بۆ ئەو نی شانەی دۆستی و نزیکییە خۆی بە دوور بگرێت. ( علی توکلی : 1378 : 112 )

چەند حاڵەتێکی دیکەی دەست هەیە، وەك: (لووت خوراندن، پەنجە هێنان بە پێ ڵوی چاو، دەم گرتن بە دەست، دەست بردن بۆ گوێ، پشت مل هەڵکڕاندن) کە ئا ماژە یەوە دە کەن کە سی بەرامبەر درۆ دەکات، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر یەکە لەو ئاماژانە لەوانەیە لە واتایەك زیاتری هەبێت هەروەك چۆن لە زمانی قسەکردندا وشەیەك لەوانەیە لە واتایەك زیاتری هەبێت، کە ئەمەش بە ئاشکرا لە ڕستەدا دەردەکەوێت، بەم جۆرەش لە ز مانی جە ستەدا هەر ئاماژە یەك واتا کەی بە پەیوەندی لەگەڵ ئاماژەکانی تر دەردەکەوێت. کەواتە لەکاتی قسەکردندا دەبینین کە سی بەرام بەر دەست بۆ لووتی دەبات و دەیخورێنێ، ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ بڵێین ئەو کەسە درۆ دەکات، بەڵکو دەبێ لووت خوراندنەکە بخەینە ڕستەوە، لەوانەیە هەست بە گەرما بکات، چونکە لووت زۆر زوو هەستی گەرمای لەسەر دەردەکەوێت، کە ئەمەش دەبێتە ئارەق کردنەوە و لە کۆتاییدا هەست کردن بە خوراندن، یان لەوانەیە ئەو کەسە بۆنی دەمی بێت و بە هۆیەوە بەرهەڵستی دەرچوونی ئەو بۆ نە بکات، سەیری (وێنەی 1) بکە. (محمد امین حسین : 2007 : 19-21 )



( وێنەی 1)

دانانی پەنجەکان بەرامبەر یەك بە جۆرێك شێوەی هەرەم وەربگرێت، ئاماژەیە بەوەی کە ئەو کە سیە باوەڕی تەواوی بەخۆی هەیە و کەسێکی خۆپەرستە، هەروەها ئاماژەشە بەوەی کە زۆر دڵنیایە لەوەی کە دەیڵێت، سەیری وێنەی (2) بکە. (محمد عبدالرحمن : 2004 : 44 )



( وێنەی 2)

ئاماژەیەکی تری دەست تەوقەکردنە، کە حاڵەتێکی باوە و هەر لە زووەوە هەبووە، کە لە کاتی بەیەك گەیشتنی مرۆڤـدا بەکارهاتووە کە چەند حاڵەتێکی هەیە:

أ- درێژکردنەوەی ناولەپ بۆ خوارەوە، بە تەوقەکردنێکی دوژمنانە دادەنرێت، ئەم جۆرەیان ڕێ گە نادات بە کەسانی تر کە پەیوەندییەکی گونجاو دروست بکەن، یان تەوقەکردن لە کاتێکدا ناو لەپی دەست بەرزبکرێتەوە ئاماژەیە بە ملکەچی بۆ کەسی بەرامبەر.

ب- تەوقەکردن لە کاتێکدا ناولەپی هەردوولا لە باریکی ستوونی داب یت، ئاماژە یە لە سەر گۆڕینەوەی هەستی ڕێزگرتن.

ج- تەوقەکردن لەکاتێکدا بە هەردوو دەست گوشینی دەستی بەرامبەری لەگەڵدا بێت، ئاماژەیە بە دەربڕینی هەستێکی قووڵ کە جێی متمانەیە، بەڵام ئەم جۆرە تەوقەکردنە لەگەڵ کەسێك کە تازە یەکتر دەناسن لەوانەیە گومان دروست بکات .

د- تەوقەکردنێکی بە ناچاری، واتە ڕازی بوون بەوەی کە تەوقە بکەی، ئاماژەیە بەوەی کە کەسەکە تووشی حاڵەتێکی نەخۆشی پێست بووە، بۆیە ئەو کەسانە وا خۆیان پیشان دەدەن کە پارێزگاری لە دەستیان دەکەن، جگە لەمەش کە دەست بە ساردی دەبینرێت لە کاتی تەوقەکرد ندا، ئاماژە یە یە لاوازی کەسایەتی، سەیری ( وێنەی 3) بکە. ( عاهد حسنی: 2001 : 161-166 )

زۆر جار ئەو ئاماژانەی کە شێوەیەکی ڕەسمی بەخۆوە دە گرن، وەك: خۆخوارکرد نەوە، تەو قە کردن، پێکەنین، چاوترووکاندن، سلاوکردنی سەربازی، ئاماژە بە پەنجە، دەست لە لووت دان، هێنانە دەرەوەی زمان و....هتد لە ڕاستیدا بە پەیوەندیکردنی زمانی دادەنرێن، بە تایبەت ئەگەر ئەو

درێژکردنەوەی ناولەپ بۆ خوارەوە



درێژکردنەوەی ناولەپ بۆ سەرەوە



ناولەپی هەردوولا لە بارێکی ستوونی



گوشینی دەستی بەرامبەر بە هەردوو دەست



(وێنەی 3)

ئاماژانە بە بێ قسە دەربڕدرێن، چونکە ڕاستە توخمێکن لە توخمەکانی پەیوەندیکردنی نازمانی بەڵام ئەم ئاماژانە جێگرەوەیەکن بۆ گواستنەوەی واتا زمانییەکان. لە گەڵ ئەوەشدا ئاماژە و جووڵەی خۆنەویستی زۆر هەیە کە نائاگایانە ئەنجام دەدرێن، کەچی زانیاری زۆریش دەگوازنەوە، بۆ نمونە ئەگەر لە کەسێك کە تووشی شەڕ و دەمەقاڵێ بووبێت، فیلمێك بگیرێت و دواتر فیلمەکە پێ شانی خۆی بدرێتەوە، خودی خۆی لە زۆربەی ئەو ئاماژە و جووڵانەی کە بەکاری هێناون دووچاری سەرسوڕمان دەبێت، باوەڕ بەوە ناکات لە حاڵەتێکی وادا ئەو کاریگەرییە وردەی کە ئەم ئاماژانە

هەیان بووە بەکاری هێنابێت. جاری وا هەیە ئەوەی کە مرۆڤ دە یەوێت لـە ڕێ گای و شەکانییەوە بیگەیەنێت تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە یە کردەوە کانی دەیگە یەنێت، د یارە ئە مەش نائاگایا نە ڕوودەدات و بێ ئەوەی ئەو کەسە هەستی پێبکات.

ئاشکرایە کە قسەکردن بە بێ ئاماژە سەرنج دا نی خۆی لـە دە ست دەدات، چونکە ئەو کاریگەرییەی کە ئاماژەکان هەڵیان گرتووە نزیکەی پێنجیەکی ئەو کاریگەرییەیە کە وشەکان هەڵیان گرتوە. یۆنانی و ڕۆمەکان پەیان بە گرنگی ئاماژە بردووە، زانا کانی وا تاو دەر بڕین قوتابیـ یەکانی خۆیان فێردەکرد کەوا ئاماژەی جوان تێکەڵ بە قسەکانیان بکەن، ئاماژە دەبێت کاتێك بەکار بێت کە یارمەتی دەربڕین بدات و بە شێوەیەکی سروشتی ئەنجام بدرێت. لـە هەر کۆمەڵگایە کدا زاراوەی جەستەیی هاوبەش لـە ڕێگای تاکەکانییەوە بەکار دەهێنرێت، وا تە هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگا یە ئاماژەیەکی جەستەیی بە یەك شێوە دەخوێنێتەوە، ئەگەر دوو کەس ئاماژە یەك بە شێوەی ج یاواز بخوێننەوە، ئەوە بۆ خۆی ئەوە دەردەخات کە ئەوان لـە دوو کلـ توری ج یاوازن. لـە ویلایە تە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتێك ویستیان وێنەی سەرۆکی زانکۆیەك بـ گرن، قا چەکانی لـە سەر م ێز دانابوو، خوێنەری ڕۆژنامە لای شتێکی ئاسایی بوو، چونکە کاتێك ئەمریکییەکان قاچی خۆیان لـەسەر کەل و پەل دادەنێن نیشانەی ئەوەیە کە ئاسودەن. (علی توکلی : 1378 : 114)

بەڵام ئەو جۆرە ڕەفتارە لـە کلتوری ئێمەدا تەواو پێچەوانەیە، چونکە واتای بێ ڕ ێزی و رق لـێ بوون بەرامبەر بەکەسانی تر دەگەیەنێت. لـە کاتێکدا هەندێك لـە ئاماژەکان لـە هەموو کلتورە کان بوونیان هەیە، بەڵام جاری وا هەیە لای هەموو کەسێك یەك واتای نییە، یان هە ندێك ئا ماژەی تر تایبەتن بە یەك کلتور و لـە کلتوری تردا نین، هەروەك پێشتر باسمان کرد زۆر یەی خەڵك وەڵا می (بەڵێ) بە جووڵاندنی سەر لـە سەرەوە بۆ خوارەوە پیشان دەدەن و بۆ وەڵامی (نەخێر)یش سەر بۆ ئەم لاو ئەم لادا دەجووڵێنن، بەڵام لـە هیند پێچەوانەی ئەم ڕەفتارە ڕاستە، واتە جووڵەی سەر بۆ سەرەوە

و خوارەوە واتای (نەخێر) دەگەیەنێت و بۆ ئەم لاو ـئەم لاش وا ـتای ( ـبەڵێ) دەگە ـیەنێت. (ع ـلی توکلی: 1378 :102-103)

ئێمە کاتێك سەرمان لە کارێك دەرناچێ شانـمان بلّند دەکەین (سەیری وێنەی 4 بکە)، یان ئەگەر راستگۆیی و کراوەیی خۆمان لە کارێك پیشان بدەین دەستەکانی خۆمان ئاوەلاّ دەکەین، ( سەیری وێنەی 5 بکە ). (محمد عبدالرحمن : 2004 : 24 )، یان ئەگەر شتێك لـەبیر بکەین ـیان هەڵە ـیەك ئەنجام بدەین لە نێو چەوانـمان دەدەین، یان ئەگەر بیرلـە شتێك بکەینەوە چاوەکانـمان ـبە ئارِا ستەی سەرەوە بەرز دەکەینەوە و بۆ ماوەیەکی کورت رِایدەگرین بۆ ـئەوەی شتەکەمان ـبە ـبیر بێ ـتەوە، هەروەها ئەگەر بـمانەوێت رِاستی قسەیەك پشتگیری بکەین، برۆکانـمان بۆ سەرەوە بلّ ـند دە کەین، کاتێکیش ئاشنایی لەگەڵ کەسێکدا دەکەین چاومان دەتروکێنین .



( وێنەی 5 )



( وێنەی 4)

ئێمە هەموو لـەسەر ئەوە رِاهاتووین کە لـە ئامانج و مەبەستی خەڵك تێبگەین ـبە ـبێ ـئەوەی هیچ قسەیەك بکەن، بۆ نـمونە کاتێك بە ئوتومبێل تووشی رێرِەوێکی قەرەباڵغ دەبین، پۆلیسی هاتوچۆ ـبە

دەستەکانی ئاماژەیەکمان دەداتیٚ بە هۆیەوە ڕادەوەستین و بە ئاماژەیەکی تر درێژە بە ڕێگای خۆ ـمان دەدەین. یان شوفێری ئەو ئوتومبێلەی کە نیازی سوڕانەوە بۆ لای چەپی هەیە، پێش سوڕانەوە دەستی چەپی دەهێنێتە دەرەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە نیازی سوڕانەوە بۆ لای چەپی هەیە، بە بێ ـئەوەی هیچ وشەیەك بگوترێت. لەوانەیە هیچ زمانێك نەبێ بۆ گواستنەوەی واتا ئاماژە بەکار ـنەهێنێت، ـلە هەندێك وەرزشدا وەك: (تۆپی پێ، کۆڵە مشت و .....هتد) کۆمەڵێك ئاماژەی دە ستی هە ـیە ـبۆ یاریزانان و بەشداری کەران لە یارییەکە لە هەر شوێنێك بن شایانی تێگەیشتنن، بۆ نـمونە کاتێك کە ناوبژیوانی پێشبڕکێی تۆپی پێ دەیەوێت کارتی زەرد یان سوور بداتە یاریزا ـێك، دە کرێ ـبەر ـلە دەرهێنانی کارتەکە جووڵەکانی پێشبینی بکرێت.

(ئیدوارد هال) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (زمانی بێدەنگی) ئاماژە بەوە دە کات، کە هەموو مرۆڤێك ئاماژە بەکار دەهێنێت هەرچەندە ئاماژەکان لە ڕووی شێوە و وا ـتا جیاوازی ـیان هە ـیە، ـبۆ نـمونە لە ئەمریکا ئەگەر جووڵەی دەست بە جۆرێك بێت کە ناولەپی دەست ڕوو لە خوارەوە بێت واتای دووربوون و خواحافیزی دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر جووڵەی دەست بە جۆرێك بێت کە ـناو لەپی دەست ڕوو لەسەرەوە بێت واتای ئەوەیە کە کەسەکە ـبانگ بکر ـێت. لە گەڵ ئەوە شدا ـلە بەشێك لە ئیتالیا ئەم ئاماژانە واتاکەیان پێچەوانەی ئەمەیە. ( علی توکلی : 1378 : 116)

ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئاماژە زیاتر لەوەی کە پێشبینی دە کرێ ـبەکاردەهێنین، ـبەڵام ئە گەر بـمانەوێت و هەوڵ بدەین کە پرۆسەی گفتوگۆکردن بە بێ هیچ جووڵەیەکی جەستەیی و ڕوخساری ئەنجام بدەین، ئەوا پەیوەندییەکەمان زۆر سەیر دەب ـێت، بۆ ـیە زۆر ـبەی ئاماژە کان ـلە سرو شتی مرۆڤەوەن، چونکە مرۆڤـ ناتوانێت لە کاتی قسەکردن ئاماژە بەکار نەهێنێت، هەر ئەو ئاماژانەیە وا لە قسەکانی دەکات سەرنج و کاریگەری خۆیان هەبێت، ئەگەرنا قسەکردن بە تەنیا گرنگی ـی ناب ـێت،

هەر بۆیە مرۆڤـ ئاگایانە یان نا ئاگایانە لـە کاتی قسەکردن چەندین ئاماژەی جەستەیی بەکار دەهێنێت. بە گشتی کاتێك کە باسی زمانی قسەکردن و زمانی ئاماژە دەکرێت ئەو پرسیارە سەر هە لّدەدات، کە بۆ زمانی ئاماژە بە شێوەیەکی سەرچاوەیی لـە جێگای زمانی قسەکردن گەشەی نەکردو نەگۆڕا ؟ (داروین) وەلاّمی ئەم پرسیارە بەمە دەداتەوە کە پێویستی زمانی ئاماژە دەستەکانە، لـەو کاتەی کە مرۆڤـ دەستەکانی بەکار دەهێنێت ناتوانێت کارێکی تر بکات، لە کاتێکدا لـە زمانی قسەکردن دەستەکان ئازادن و مرۆڤـ دەتوانێت لـەو کاتەدا کارێکی تر بکات، هەروەها زمانی ئاماژە تەنها لـە ڕووناکیدا بەکار دێت، لـە کاتێکدا دەتوانرێت گفتوگۆ ئەنجام بدرێت ئەگەر لـە تاریکیشدا بێت، هەروەها قسەکردن لـە ماوەیەکی دووریش بێت ئەنجام دەدرێت، بەلاّم زمانی ئاماژە پێویستە پەیوەندیکەران لـە بەرامبەر یەك بن، یانیش لـە ماوەیەکەوە بن بتوانن یەکتر ببینن. پەیوەندی دەستەکان چەندین کەم و کورتی هەیە کە پرۆسەی پەوەندیکردن سنووردار دەکات، لـەگەلّ ئەوەشدا دەربڕی هەندێك بیر و بیرۆکەیە کە وشەکان لـە توانایاندا نییە بیگوازنەوە. (Curtis W. Hayes. 118-119)

## 2-2-1-1- جۆرەکانی ئاماژە :

ئاماژەکان چ ئەوانەی دەبینرێن و چ ئەوانەی دەبیسترێن لـە گەلّ گفتوگۆی ئاساییدا بەکار دەهێنرێن، دابەشی دوو جۆری سەرەکی و چوار جۆری لاوەکی دەکرێن. یەکەمین جۆری ئاماژە، ئەو ئاماژانەن کە مرۆڤـ فێریان دەبێت، ئەو ئاماژانە وەك بەشێك لـە ڕۆشنبیری تاکەکەس لـە ڕێگای فێربوون وەردەگیرێن، وەك وشە و زاراوەکانی زمانێك.

یەکەم جۆری ئاماژەی لاوەکی کە دەکرێ بە ئاماژەی لێکسیکی ( Lexical ) ناو بنرێت، تا ڕادەیەك لە وشە و زاراوە دەچیٚ، کە زۆربەی خەڵك نموونە بیستراوەکانی ئاماژە بە وشەی ڕاستەقینە لە قەڵەم دەدەن. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ئاماژانە زۆربەیان خاوەنی ڕێنوو سێکی ستاندەردن، وەك: (hmm) بۆ چەمکی (سەر سوڕمان) و (tsk-tsk) بۆ چەمکی (چ  چ) کە بۆ پە سەند نەکردنی شتێك بەکار دێت. بۆ ئاماژە بینراوەکانیش لەم گرۆپە لاوەکییەدا دە توانین جوو ڵەی دە ست بۆ (ماڵئاوایی ) لە کاتی لێك جیابوونەوە، یان ڕاگرتنی هەردوو دەست بە شێوەیەك کە ناولەپی دەست بەرەو سەرەوە بێت، لە هەمان کاتدا هەڵتەکاندنی شانەکان، کە وا تای ( من نازانم) دەگە یەنێت، هەروەها بە دانانی (پەنجەی شەهادە) لەسەر لێوەکان بە شێوەیەکی ستوونی ئاماژەیە بۆ بێدەنگ بوون. لە کلتورەکانی تر سوود لە ئاماژەی لێکسیکی جیاواز یان ئاماژەی وەك یەك کە چەمکی ج یاواز دەگەیەنن، وەردەگیرێت. بۆ نموونە بۆ ئاماژەی (وەرە ئێرە) دەست بە شێوەی کوپ(فنجان) بەرەو سەرەوە دادەنێین و پەنجەکانیش بۆ پێش و پاش دەبەین، بەلاٚم لە هەندێك شوێنی تر وەك (مەکسیك) ئەو ئاماژەیە بەمە جیاوازە کە دەست لە شێوەی کوپ بەرەو خوار دەگیر یێت. ( ع لی توکلی : 1378 : 119)

دووەمین جۆری ئاماژەی لاوەکی، ئاماژەی وێنەیی یان ئایکۆنیکە (Iconic)، کە مرۆ ڤ لا سایی هەندێك لایەنی ئاماژە پێکراوەکە دەکاتەوە. هەندێك جار وێنەی ڕاستەقینە وەك سیمبولێك بۆ خۆی بەکار دێت، وەك (پرخە پرخ) لە کاتی نوستن. ئاماژەی بینراو بۆ (خڕی) بازنەیەکە کە بە پە نجە لە هەوا دروست دەکرێت، هەروەها ئاماژە بۆ (فراوانی)ی جووڵەی دەستە بە شێوەیەك کە هەردوو ناولەپی دەست لەبەرامبەر لەش ڕادەگیرێت، هەروەها کاتێك کەسێك دەڵ یێت: ( پاڵم پێوە نا) لە

هەمان کاتدا لەگەڵ قسەکردندا کردارەکە ئەنجام دەدات. ئەو ئاماژە وێنەییانە مەیلێکی ڕێژەییان هەیە، واتە بە ئاماژەی زیاتر شتێکی زیاتر و بە ئا ماژەی کەمتر شتێکی کەمتر دەگە یەنن، بۆ نموونە (shhhh) نیشانەی بێدەنگییە، لە واقیعدا ئارامتر نییە لە (shhh) بەڵکو فەرمانێکی تو ندترە بۆ هێمن بوون و بێدەنگی.

دووەمین جۆری ئاماژەی سەرەکی (غەریزی)یە، کە دوو جۆری لاوە کی ئاگایا نە و نائاگایا نە دەگرێتەوە، کەس پێویستی بەوە نییە کە فێری پێکەنین بێت یان فێری چاوتروکاندن بێت لەو کا تەی کە شتێك نزیك چاوی دەبێت، ئەم کردارانە لە لایەن سیستەمی دەماری ئۆتۆماتیکی بەڕێوە دەبرێن و تەنانەت بە مەشق کردنیش ناکرێت ڕێ لە ئەنجامدانیان بگیرێت. (Bolinger, Dwigh: 1975 : 18-20)

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە باسکرا لە زۆربەی وەسفە زمانییەکاندا گوێ نادرێتە ئاماژە، ز مانی جەستە لەپاڵ وێنەی جەستەدا بابەتێکی دوورە پەرێزکراوە ، تەنانەت زۆر کەس ڕەخنە لەو کە سانە دەگرن کە لەکاتی قسەکردن سوود لە ئاماژەی جەستەیی وەردەگرن.

لە لایەکی تر (فرانسیس هایس) ئاماژە دابەشی سەر سێ جۆر دەکات:

1- ئاماژەی خەیاڵی(وەهمی) (Autistic gesture)

2- ئاماژەی تەکنیکی ( Technical gesture)

3- ئاماژەی نەتەوەیی (Folk gesture)

ئاماژە وەهمی یان دەمارییەکان بەهۆی وەڵام دانەوە بە پەرێشانی دەروو نی کە سەکان درو ست دەبێت، بۆیە بە هیچ جۆرێك پەیوەست نین بە کلتور، وەك: (گەستنی لێو، جوینی نینۆك، جوو ڵەی پێ، توند بوونی ماسولکەکانی ڕوخسار). ئاماژە تەکنیکییەکان کە خەڵك لەسەری ڕێککەوتوون و

دەبێت لە ڕێگای فێربوون وەربگیرێت، وەك: (زمانی کەڕ و لاڵەکان[5]، ئاماژەی ناوپێڕیوانانی پێشبڕکێ وەرزشییەکان، سلاّوە سەربازییەکان، ڕێپیشاندەری چوار ڕیان و بێژەری ڕادیۆیی).

ئاماژە نەتەوەییەکانیش تایبەتمەندی کلتورێکن و بە شێوەی لاساییکردنەوە وەردەگیرێن، بۆ نمونە دانیشتوانی ئەمریکای باکوور و ئەوروپا و بەشێك لە ئاسیا بە پەنجەی شەهادە ئاماژە بۆ شتێك دەکەن و پەنجەکانی تر دەقوچێنن، هیندییە سوورەکانی ئەمریکا و هەندێك لە ئەفریقییەکان بەهۆی لێوەکانیان ئاماژە دەکەن، ئەندامانی ئەم کلتورانە بەهۆی دایك و باوکیانەوە فێری ئەم ئاماژانە نابن، بەڵکو بە بینینی خەڵکانێکی تر فێری ئەم ئاماژانە دەبن. ( علی توکلی : 1378 : 119–120 )

---

[5] لە پانتایی پەیوەندیکردندا لقێك لەژێر ناونیشانی زمانی ئاماژەی کەڕولاڵەکان هەیە، زمانی ئاماژە سیستەمێکی زمانییە کە بۆ پەیوەندی ڕووبەڕوو داڕێژراوە. زمانی ئاماژە جۆرێك لە زمانە کە بۆ گەیاندنی واتا (دەنگ) بەکار ناهێنرێت، هەروەها یەکێکە لە سەیرترین و سەرنج ڕاکێشترین دیاردەکانی سۆسیۆلۆژیای زمان، لە جیهاندا زمانی ئاماژەی جۆراوجۆر هەیە کە هەر یەکێکیان لەسەر ئەساسی سیستەم و شێوازێکی جیاواز دانراون. زمانی ئاماژە لایەنێکی ڕەفتارییە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە ، چونکە وەك قسەکردن نەك وەك نووسین و هێما ڕەمزییەکانی تر، زۆربەی نمایشەکانی بنەمایەکی سروشتی و بایۆلۆژیان هەیە، پێکهاتەی ئەم زمانە دروست کراوە و یارمەتی کەڕولاڵەکان دەدات بۆ لەیەکتر گەیشتن و پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا.

زمانی ئاماژە زمانێکی راستەقینە نییە، بەڵکو سیستەمێکە لە ئاماژە ئاڵۆزەکان و نمایشی وێنەیین لە ڕاستییەکانی دەرەوە. جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان زمانی ئاماژەی کەڕولاڵەکان و زمانی ئاماژە (Gesture)دا هەیە، لە زمانی ئاماژەی کەڕولاڵەکان دەستەکان بە شێوەیەکی ئاگایانە و بە شێوەیەکی زمانی بۆ دەربڕینی هەمان چوارچێوەی واتایی قسەکردن بەکاردێن، بەڵام ئاماژە بە شێوەیەکی تەواو سیستەماتیك نییە، لە راستیدا ژمارەی ئەو ئاماژانە کەمن و بە شێوەیەکی تایبەت بۆ دەربڕینی بیروڕا سەرەکییەکان بەکاردێن. ( David Crystal : 1989 : 220 )

هەموو مرۆڤێك ئاماژە بەکار دەهێنێت، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی کە زمانی ئاماژە بەکار دەهێنن، هەندێك لە جوولەکانی دەست تایبەت بە زمانی ئاماژە شایانی گوزارشت کردنن، چونکە تایبەتمەندی جیهانی دەرەوە دەدەنەوە. هیچ زمانێکی ئاماژە بەیەك شێوە نییە، بۆیە چەندین زمانی ئاماژە هەیە، لەوانە: ئەمریکی، فەڕەنسی، سویدی، دانیمارکی،....هتد. هەڵبەت ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی شایانی تێگەیشتن نین، چونکە نیشانەی جۆراوجۆر و ڕێزمان و پێکهاتەی رستەسازی جیاوازیان هەیە. پەیوەندیکردن لە زمانی ئاماژەدا دەبێت ڕوو بە ڕوو ئەنجام بدرێت، زۆربەی ئاماژەکانیش لە چوارچێوەی سەر و گەردەن دان، ئەگەر ئاماژەیەکیش نزیك سنگ و ناوقەد ئەنجام بدرێت، دەبێت سوود لە هەردوو دەست وەربگیرێت. (Fromkin:1978:321)

جۆرێکی تری ئاماژە هەیە کە بە ئاماژەی وەسفی لـە قەڵـەم دەدرێت و ئەو جووڵانە دەگرنە خۆ ـیان کە لـەگەڵ ڕستە بەکار دەهێنرێن، کاتێك کە دەڵـێین (پیاوێکی قەڵـەوم دیت) لـە هەمان کاتدا ـیەهۆی دەستەکانـمان حاڵـەتی قەڵـەوی پیاوەکە پیشان دەدەین.

## 2-2-2- حاڵـەتی جەستە (Posture)

زاراوەی (Posture) بەشێکە لـە (Proximics)[6]، کە بەهۆیەوە دەتوانین پەیوە ـندی ب کەین، (ئەبرو کرۆمبی) دەڵـێت: ئێمە لـە ڕێگای ئۆرگانەکانی دە ـنگ ق ـسە دە کەین، ـبەڵام ـلـە ڕا ستیدا پەیوەندییەکەی ئێمە بەهۆی هەموو بەشەکانی جەستەمانە. هەروەها سەبارەت بە پێکهاتەکانی حاڵـەتی جەستە (ستریتەر) دەڵـێت: کە (Posture) بریتیە لـە:

1- حاڵـەتی جەستە لـەکاتی ڕاوەستان.

2- ئەوجووڵـەیەی کە یەکێك بەهۆی پێیەکانی دەیکات.

3- ئەو جووڵـەیەی کە بەهۆی دەستەکانەوە دەکرێت، واتە ئەو حاڵـەتەی کە دەست دەبێت لـە کاتی قسەکردن، وەك: دەست خستنە ناو گیرفان، یان دەست لـە مل دان،....هتد. ( فر ـیق علی حسن : 1999 : 48 )

لـەبەر ئەوەی جەستەی هەموو مرۆڤ لـە ـیەك دە چێت، گو ـمانی ـئەوە دەکر ـێت کە خەڵـکی سەرتاسەری جیهان بەیەك شێوە دادەنیشن و ڕادەوەستن و پاڵ دەدەنەوە، واتە حاڵـەتی وەك ـیەکیان

---

6 بریتیە لـە لێکۆڵـینەوەی ماوەی نێوان کەسەکان لـەکاتی پەیوەندیکردندا، هەروەها لێکۆڵـینەوەیە لـە حاڵـەتەکانی جەستە بە لـەبەر چاوگرتنی تەمەن و ڕەگەز و پێشینەی کۆمەڵایەتی و کلتوری کەسەکان و هەڵـس و کەوتیان سەبارەت بە یەکتر. (Richardis :1985 :234)

یان بریتیە لـە لێکۆڵـینەوەی جۆراوجۆریەتی حاڵـەتی جەستە، ماوەی نێوان کەسەکان و لێکخشانیان لـە کاتی پەیوەندیکردندا، ئەم ڕەفتارەش لـە هەندێك کۆمەڵـگادا بیرۆکەی وەك: خۆشەویستی و سەرنجەکانی سێکسی و هەواڵ پرسی و خواحافیزی دەگرێتەوە، هەروەها لـە ئینسکلۆپیدیای زمان (Proximics) بە واتای لێکۆڵـینەوەی رۆڵـی پەیوەندی ماوە و حاڵـەتی جەستە هاتووە. (David Crystal:1992:428)

هەیە و لەم کردارانە حالاّتی یەکسانیان هەیە. لێکۆلّەرەوان بە لایەنی کەم هەزار حالاّتی جە ستەیی جیاوازیان دەست نیشان کردووە، پەسەندکردنی هەر حالّەتێك بەسەر حالّەتی تر و ئەو هەستەی کە لە لایەن حالّەتەکە دەگوازرێتەوە بەهۆی ڕۆشنبیری و کلتورەوە دەست نیشان دەکرێت. بۆ نـمونە ئێرانی و تورکەکان لەکاتی ڕێزلێنان لە کەسێك، دەستی ڕاست بەرەو خوارەوە دەبەن و بە شێوەی ئاسۆیی دەیجولّێنن، پاشان تا نزیك سەر بەرزی دەکەن و دیسان دەیهێنـنە خوارەوە. لە هەندێك شوێنی تر هەردوو دەست لەیەك نزیك دەکەنەوە و تا نێو چەوان بەرزی دەکەنەوە، یان هەردوو ناولەپی دەست دەگەیەننە یەکتری و تا نێو چاوان بەرزی دەکەنەوە، لای ئێمەش لەکاتی ڕێزلێنان لە کەسێك، دەستی ڕاست لەسەر سینگ دادەنرێت و لەگەلّ کەمێك خۆ خوارکردنەوە. بەلاّم لای هەندێك لە میللـەتان ئەو ڕێزلێنانە دەگاتە حالّەتی کڕنووش بردن، بۆیە ئەم جوولّەیە لە کلتور و ڕۆشنبیری جیاواز دەبێتە هۆی شەرمەزاری و دروست بوونی ڕق و تووڕەیی.

ئەمریکییەکان بە ڕێککەوتن لەسەر پەسەندکردنی هەندێك حالّەت ئاماژەکانیان سنووردار کردووە، چونکە زاراوەی تایبەت بە حالّەت لای ئەوان سنوورداره، ئەوان لە فراوانی حالّەتەکان لە کلتور و ڕۆشنبیری جیاوازدا تووشی کێشە دەبن، بۆ نـمونە ئەمە ڕاستییەکە کە چوارییەکی (4/1) دانیشتوانی جیهان دانیشتن لەسەر زەوی پەسەند دەکەن نەك دانیشتن لەسەر کورسی، بەلاّم دانیشتن لە سەر زەوی لای ئەمریکییەکان کارێکە لە لایەن خەلّکی کێوی و ناشارستانی ئەنجام دەدرێت. ( علی توکلی : 1378 : 125-126 )

ئاماژەی چۆنیەتی باری جەستەی مرۆڤ پەیوەستە بە یەکتر، ئێمە دەتوانین کەسانێك لە دوورەوە بە گوێرەی حالّەتی جەستەیان بناسینەوە، کە ئەمەش ئاماژە پێدانە لەسەر کەسایەتی تاك. لەوانە یە یە

چاودێری کردنی حاڵەتی جەستەی کەسێك لە دوورەوە ئاماژەیەکی تەواومان بداتێ بۆ تێگەیشتن لە حاڵەتی ئەو کەسە پێچەوانەی ئەوەی کە پێمان دەڵێ، دەکرێ ئەم چەند شتانەی لە بارەوە بزانین:

أ- زانینی حاڵەتی ویژدانی کەسی بەرامبەر، کە گەشبینن یان خاوەنی هەستێکی هێمنن، ئەو کە سانە حاڵەتی جەستەیان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و چەسپاو و خۆڕاگرە لەچاو کەسانی شەرمن و داماو .

ب- زانینی هەڵوێستی بەرامبەر، دەرخستنی هەڵوێستی ئیجابی بەرامبەر بە کەسانی تر پەیوە ستە بە ئارەزووی هەنگاو نان بەرەو پێشەوە، بە تایبەتی لەکاتی دانیشتن، لە کاتێ کدا هەڵوێ ستی سەلبی کەسێك ئارەزووی چوونە دواوە دەکات. (عاهد حسنی : 2001 : 164-165 )

بۆیە حالاتی جەستەیی هۆکارێکی گرنگە بۆ گوزارشت کردن لەو شتەی کە مرۆ ڤ هە ستی پێدەکات، بۆ نـمونە کاتێك یەکێك درۆ دەکات دەیەوێت بە جەستەشی بی سەلمێنێت، وا تە ئەوەی دەیەوێت بە زمان بیلێت بەهەمان شێوە دەیەوێت بە جەستەشی بیلێت، یان کاتێك دەڵێین: (بینیم لە خۆشیان دەفڕی.)، (کە بردیان بۆ بەندیخانە پێیەکانی بە دوای خۆی ڕادەکێ شیا.) وا تە دەتر سا لە چوونی بۆ بەندیخانە.

هەڵوێستی جەستەیی قسەکەر ڕەنگدانەوەیە بۆ گوێگر، بۆ نـمونە کاتێك ئێمە هەڵوێستێکی سست و لاوازمان لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کەسێکدا نواند، کەسەکەش هەمان هەڵوێ ست بەرام بەرمان دەنوێنێت، بەلأم کاتێك هەڵوێستێکی جەستەیی کرژ و توندمان نواند، بە هەمان شێوە کە سەکەش هەمان هەڵوێست بەرامبەرمان دەنوێنێت، ئەمەش پێی دەوترێت ڕەنگدانەوەی جەستەیی ( Postural Echo). ( عبده الراجحی : 2004 : 232- 233 )

هەروەها حالاتی جەستە وامان پیشان دەدات کە کە سێکی خاوەن دە سەلات یان کراوە و کۆمەلأیەتین، بۆ نـمونە کەسێك لەسەر کورسی دانیشتووە و پێیەکانی بە کراوەیی در ێژکردووە، وا

دەردەکەوێت کە کەسێکی خۆشەویستە و زۆر باوەڕی بەخۆی هەیە، بەڵام کاتێك دەستەکانی خستۆتە ناویەك و لەسەر سینگی داناوە و پێیەکانیشی بەیەکەوە نوو ساندوە، وا دەردەکەوێت کە کەسێکی بێدەنگ و شاراوەیە و دەیەوێت شتێك بشارێتەوە، بۆیە لە حاڵەتی پارێزگاریدایە، ( سەیری وێنەی 6 بکە) ئاماژەیە بەوەی ئەو کەسە زۆر باوەڕی بەخۆی هەیە. هەروەها (سەیری وێنەی 7 بکە) ئەو شێوە ڕاوەستانە ئاماژەیە بەوەی کە ئەو کەسە هەست بە دەسەڵات دەکات بەرامبەر بەو کە سەی کە قسەی بۆ دەکات. (محمد عبدالرحمن : 2004 : 45-46)



(وێنەی6)



(وێنەی 7)

( سەیری وێنەی 8 بکە )، کەسێك وا دەردەکەوێت وەك بڵێی خۆی ئامادە کردووە بۆ ڕەخنە گرتن یان بەرگریکردن، دەبینین دەست و پێیەکانی توند بەخۆیەوە گرتووە و سەر و چەناگەی ڕوو لە سەرەوەیە و دەمی داخستوە، وەك ئەوە وایە بڵێت: ( ئەوەی کە باسی دەکەیت ڕەزامەندیم لەسەری نییە). (عاهد حسنی : 2001 : 160-162 )



(وێنەی 8)

ئەو کەسانەی گیروگرفتیان هەیە لە کاتی ڕۆیشتنیاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرێوە دەڕۆن و سەریان ڕوو لە خوارەوەیە و دەستەکانیان لە پشتەوە گرتوە و هەنگاوی لە سەرەخۆ دەنێن، هەر شتێکیش بکەوێتە بەر پێیان پاڵی پێوە دەنێن بۆ شوێنێکی تر، ( سەیری وێنەی 9 بکە ). ( محمد عبدالرحمن : 2004 : 19 )



( وێنەی 9)

هەموو ئاماژەیەك دەبێت بە نزیك کردنەوە بڕیاری لەسەر بدرێت لەو کات و شوێنەی تێیدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە پیاوێك لە وێستگەیەکی پاسدا دانیشتووە و دەستەکانی لەسەر سینگی بە توندی کردووە بەناو یەکدا و پێیەکانی لەیەك ئاڵاندووە و چەناگەی شۆڕ کردۆتەوە، وەرزەکە شی زستانێکی ساردە، ئەم هەڵوێستە زیاتر لەوە دەچێت کە ئەو پیاوە سەرمای بێت، بەڵام کەسێکی تر بە هەمان شێوە لە بەرامبەری تۆدا دانیشتبێت و تۆش باسی شتێکی بۆ بکەیت، لێرەدا ئەو شێوە دانیشتنە بەهۆی سەرماوە نییە، بەڵکو دژی بۆچوونەکانی تۆیە و لەگەڵ بیر و ڕاکانتدا ڕێك ناکەوێت. ( محمد ئەمین حسن : 2007 : 38 )

لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە حاڵاتی جەستە لە ناو کلتوری جیاوازدا ئەوە پیشان دەدات، کە سیستەمە جووڵەییەکان لە لایەن پێوەرەکانی کلتور و ڕۆشنبیری دیاری دەکرێن، ئەو جیاوازییەی کە

**لە رۆیشتندا (پیاسە کردن) بەدی دەکرێت زۆر زەق دیارە، بۆ ـیە زۆر ـیە ئا سانی دەتوانر ـێت ـلە دووری دووسەد مەتردا شێوەی رۆیشتنی کەسەکان دەست نیشان بکرێت.**

**ئەمەی خوارەوە وێنەی جوولە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ لە زۆر ـیەی حالە ـتەکان ـپەیامی ناز ـمانی دەگەیەنێت:**



( **مهدی محسنیان راد** : 1384 **ه** : 255 )

## 3-2-2 حالأتى ڕوخسار (Facial expression)

لە ڕاستیدا ڕوخسار بە یەکێك لە هەرە چالاکترین بەشەکان دەژمێردرێت، کە بە شێداری لە پەیوەندیکردنی مرۆڤدا دەکات، ئەمەش چەندین تایبەتمەندی دەگرێتەوە، وەك: جوولەی چاو(کردنەوە و داخستنی)، جوولەی برۆ، جوولەی لێو، ....هتد. کەواتە حالأتی ڕوخسار سەرچاوەی زانیارییە و هاوشانی ئاخاوتنی مرۆڤە، لە نێو هەرە گرنگترین بەشەکانی ڕوخسار(چاوەکانە)، سەرەڕای ئەوەش وەك هەموو ئەندامەکانی تری جەستەی مرۆڤ ( چاوەکان) بەشداری لە گواستنەوەی پەیامی جۆراوجۆردا دەکەن.

حالأتی جیاوازی ڕوخسار گوزارشتی جیاواز دەدات، بۆ نمونە: هەستی خۆشی، ناخۆشی، سەرسوڕمان، تووڕەیی، ترس و بێزکردنەوە، بەهۆیەوە ئاشکرا دەبێت. ئەم هەستانە بە شەش هەستی سەرەکی ناودەبرێن، ئەم حالەتانەی ڕوخساریش لەوانەیە لەگەڵ قسەکردندا بێن و یانیش لەوانەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربێن وەك پەیوەندیەکی گۆنەکراو. ( فریق علی حسن : 1999: 14 )

( ئیکمان ) شەش حالأتی سەرەکی و گشتی بۆ هەموو مرۆڤێك دەست نیشان کردووە، کە بریتین لە: (سەرسوڕمان، ترس، بێزکردنەوە، تووڕەیی، دڵخۆشی و دڵتەنگی) کە بەهۆی ڕوخسارەوە دەردەبڕدرێن، هەروەها ئەوەشی دەرخست کە ئەگەر بێتو ئەو حالەتانە لە سەر ڕوخساری چەند کەسێك وێنە بگرین و پاشان ئەو وێنانە بەچەند کەسێك پیشان بدەین کە خاوەنی کلتوری جیاواز بن، ئەوا ئەو کەسانە لە خوێندنەوەی ئەو حالەتانە سەرکەوتو دەبن. لە لایەکی ترەوە (Plutchik) نمونەیەکی ترمان بۆ دەست نیشان دەکات کە هەشت حالەت لەخۆی دەگرێت، بێجگە لەو شەش حالەتەی کە (ئیکمان) دەست نیشانی کرد، دوو حالەتی تری سەرەکی زیادکرد ئەویش (چاوەڕوانکردن و ڕازی بوون)ە، لەگەڵ کارلێکی هەریەکێك لە دوو حالەتی لەیەك نزیك لە سەر

ڕەوڕەوەی حاڵەتەکان، حاڵەتێکی تری لێ دەبێتەوە، بەم شێوەیە هە شت حا ڵەتی تر مان دە ست دە کەوێت کە ریتین لە (خۆشەوی ستی، گە شبینی، شەڕانگێزی، ڕق لێ بوو نەوە، پاشگەزبوونەوە(پەشیمانی)، بێ هیوابوون، ملکەچ بوون، ترس )، بەم شێوەی خوارەوە :




ڕەوڕەوەی (Plutchik) بۆ دابەش کردنی حاڵەتەکان

(موفق الحمدانی: 2005: 225-227)

هەروەها (ئیبل ئیبلشلفت) چەندین گوزارشتی ڕوخساری دەرخست کە هاوبەشن لە نێوان مرۆڤـ لە کلتورە جیاوازەکاندا، وەك: بەرزکردنەوەی برۆیەکان بە خێرایی لە کاتی بینینی کەسێکی ناسراو، ئێمە کاتێك یەکێك دەبینین کە دەیناسین، برۆیەکانـمان بە خێرا یی بەرزدەکەی نەوە وەك دەربڕی نی خۆشی بەرامبەر بەو کەسە. هەروەها (فریدمان) ئەوەی دەرخست کە شێوەی ڕوخ ساری ب ێژەری هەواڵ لە تەلەفزیۆندا گۆڕانی بەسەر دادێت لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا، بۆئەوەی دەلا لەت

لەسەر ڕازی بوون و رق و خۆشی و ناخۆشی ...هتد بکات لەگەڵ سرو شتی ئەو هەوا لەی کە دەیخوێنێتەوە یان ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکات. (موفق الحمدانی: 2005: 227)

کەواتە ئەو حاڵەتانەی کە بەهۆی ڕوخسارەوە لەکاتی قسەکردن گوزار شتی لێوە دە کەین لە ئاماژە ڕوونکراوەکانە و دەتوانین چەندین حاڵەت بە ڕوخسارمان دەربڕین، بۆ نمونە تو ندکردنی شەویلاگەکان یان ڕووگرژکردن بۆ ئاماژەکردن بە تووڕەیی یان گرژکردنی نێوچاوان بۆ ئاماژەکردن بە سەرسوڕمان....هتد . سەیری (وێنەی 10 بکە)، چەند نمونەیەك لە گوزار شتەکانی ڕوخ سار لەسەر چەند حاڵەتێك دەگەیەنێت.( موفق الحمدانی : 2004 :226 )



ترس — بێزکردنەوە — سەرسوڕمان

دڵتەنگی — تورەبوون — دڵخۆشی

(وێنەی 10)

جوولەناسان لەو باوەڕەدان کە بێجگە لەو حالەتە ڕوخسارییانەی کە بە سادەیی دەبینرێت، هەندێك حالەتی تریش هەیە کە بە جوولەی وردی چرکەیی (micromomentaly) ناونراون، واتە ئەوەندە بە خێرایی ڕوودەدەن کە بە ئاگایی تەواو و بەهۆی چاوەوە نابینرێن. حالەتەکانی ڕوخسار پێویستی بە جوولە ناسێکی وەك (بێردویستل) هەیە، تا بتوانێت ئەوە شیبکاتەوە کە چۆن مرۆڤ سوود لە هەموو رووخساری وەردەگرێت بۆ پەیوەندیکردن. بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕەفتارە جوولەییە زۆر ئالۆزە بۆ ئەو کەسانەی فێری زمانی بێگانە دەبن و دەیانەوێت لە سەر سیستەمی نازمانی و کلتوری و ڕۆشنبیری زمانی دووەم زاڵ بن، کارێکە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە.

ئەگەرچی لەوانەیە پێرستی بنەڕەتی تایبەت بە حالەتەکانی ڕوخسار لە کلتورەکاندا یەك بێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی زۆر هەیە کە ئەوە پیشان دەدات کە ئەم پێرستە لە هەر کلتورو شارستانییەتێکدا جیاوازە، پێکەنین (smiling) بە نموونەیەکی چاك دادەنرێت بۆ ئەم مەبەستە. هەموو مرۆڤێك پێدەکەنێت، بەلام پێکەنین چەند جۆرێکی هەیە و لە هەر کلتورێك بە ڕێگای جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت، تەنانەت لەناو یەك کلتوریشدا زۆر جۆری هەیە. پێکەنین تەنیا یەك واتای نییە کە هەموو کات ئاماژە بە حالەتێکی خۆشی بکات، بەڵکو مەسەلەیەکی کۆمەلایەتییە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر و لە هەڵوێستێك بۆ هەڵوێستێکی تر واتاکەی جیاوازدەبێت، بۆ نموونە پێکەنینی ئافرەتێك بۆ پیاوێکی بێگانە لە کۆمەڵگایەکدا لەوانەیە ئاماژە بە واتایەکی شارستانی بدات، کەچی لە کۆمەڵگایەکی تر لەوانەیە جێی ڕەزامەندی نەبێت. پێکەنین لەوانەیە ببێتە پرسیارێك ( چی ڕوویداوە ؟) یان (بە چی پێدەکەنی ؟)، لەوانەشە ئاماژە بە کارێکی ڕاست یان ناڕاست بکات، لەوانەشە بۆ (دڵخۆشی) یان (بێزاری) یان (نەفامی و تێنەگەیشتن) بێت، یان لەوانەیە ئاماژە بێت بە ڕۆح سووکی و ڕاستگۆیی و ڕەوشت بەرزی کەسەکە، یان ئاماژە بێت بە (گومان) یان

(قەبوولکردن) یان هەست کردن بە یەکسانی، یان ( لووت بەرزی) و (ملکە چی)، یانیش بۆ سوکایەتی کردن و زۆر مەبەستی تر بێت. پێکەنین تەنیا جوولەیەکی بایۆلۆژی نییە کە لێوەکان ئەنجامی دەدەن، بەڵکو کردارێکی تەواوە دەبێتە هۆی زانینی پەیوەندی نێوان لێو و ڕوومەت و پێ لێو و برژانگ و برۆیەکان و نێو چاوان، پێ کەنین بە شێکە لە سیستەمێك، تەنیا لە چوار چێوە کۆمەلایەتییەکەی نەبێت لێی ناکۆلرێتەوە. ( عبده الراجحی : 2004 : 43 )

بەلام بە گشتی بۆ حالەتی پێکەنین، ( Nierenberg ) و ( Calero ) سێ جۆری سەرەکی دەست نیشان دەکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- بزە ( **The Simple Smile** ): لەم جۆرەی پێکەنیندا ددانەکان بەدیار نا کەون، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەو کەسە بەشداری لە قسەکردندا نا کات تەنیا بۆ خۆی پێدەکەنێت. (سەیری وێنەی 11– أ بکە)

2- **پێکەنینی سادە** ( **The Upper Smile** ): لەم جۆرە پێکەنینەدا، لێوارەکانی دەم بەرز دەبێتەوە و ددانەکانی ڕیزی سەرەوە بە دیار دەکەون، ئەو پێکەنینەش زیاتر لە کاتی بە یەك گەیشتنی دوو کەس واتە لە کاتی سلاوکردن لە برادەرێك یان پێکەنینی باوك و دایك بۆ مندالەکانیان لە کاتی لە باوەش کردنیان ئەنجام دەدرێت. (سەیری وێنەی 11– ب بکە )

3- **پێکەنینی بە دەنگ** ( **The Broad Smile** ): ئەم جۆرە پێکەنینە بە پێکەنینی دەنگ بەرز ناسراوە، کە لێوەکانی سەرەوە و خوارەوە کراوە دەبن، بەمەش ددانەکانی سەرەوە و خوارەوە بە دیار دەکەون، ئەم پێکەنینە زیاتر لە کاتی گالتەکردن و یاریکردندا دەبینرێت. (سەیری وێنەی 11– ج بکە )، (Nierenberg and Calero :1988 : 21-23 )



**وێنەی -11- أ**
**بــــزە**



**وێنەی -11- ب**
**پێکەنینی سادە**



**وێنەی -11- ج**
**پێکەنینی بە دەنگ**

لە لایەکی ترەوە زانایان پێکەنین بە وەڵام دانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە لای مرۆڤ دادەنێن و دەڵێن هەر لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنییەوە دەردەکەوێت، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکەن کە ڕەگەزی مێ زیاتر ئارەزووی پێکەنین دەکات بە بەراوورد لەگەڵ ڕەگەزی نێر لە کاتی قسەکردندا، کە ئەمەشیان گەڕاندەوە بۆ ملکەچی و سروشتی ڕەگەزی مێ لە کاتێکدا ڕەگەزی نێر زیاتر هەست بە گەورەیی و دەسەڵات دەکات بۆیە کەمتر پێدەکەنێت.

## 4-2-2 - زمانی چاو ( Eye Contact )

گوزارشت کردن بە چاوەکان بە گرنگترین شێوەی پەیوەندیکردن دادەنرێت بۆ گەیاندنی پەیام، کە دەتوانێت زۆر بابەتی ورد و ناسك و چەندین شێوە و مەبەست بگوازێتەوە، چاوەکانی مرۆڤ خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆیانن، دەتوانن ( پێکەنین، تورەیی، ماندوێتی، شلەژاوی، سەر سورمان، خۆشی) و چەندین چەمکی تر پیشان بدەن، لەبەر ئەوە مرۆڤ دەتوانێت بە چاوەکانی گوزارشت لە خۆشەویستی و رق و کینە بکات. لە کاتی قسەکردنی نێوان دووکەس هەردوولا بە بەردەوامی سەیری یەکتر دەکەن، بەلام لە کاتەکانی تر قسەکەر و گوێگر سەیری شوێنی تر دە کەن، ئەوەی جێگای تێبینییە لە کاتی قسەکردندا کەسی گوێگر زیاتر سەیر دەکات لە کەسی قسەکەر، ئەوکاتە قسەکەر سەیری گوێگر دەکات کە کاتی قسەکردنی تەواو دەبێت، وەك ئەوەی پێی بلێت: (قسەکەم وا خەریکە تەواو دەبێت).

چاوەکانی مرۆڤ وەکو زمان گفتوگۆ دەکەن، بەلام جیا لەو بەیەك شت ئەویش ئەوەیە کە زمانی چاو پێویستی بە فەرهەنگ نییە، بەلکو لە هەموو جیهاندا مایەی تێگەیشتنە. زانایانی دەروونناسی چەندین تاقیکردنەوەیان کردووە بۆ گەیشتن بە زانینی واتای جوولەکانی چاو، لە گەڵ ئەوەشدا چاوەکان بە تەنیا نابنە هۆی پەیوەندیکردن، چونکە جوولەی چاوەکان لەگەڵ جوولەکانی تری دەم و چاو و جەستەیە و لەناو ئەو کۆمەڵەدایە کە هەستەکانی مرۆڤ دەگوازێتەوە. کاریگەری چاوەکان کاتێك ئاشکرا دەبێت کە لە چوارچێوەی دەم و چاو بێت، چونکە گۆی چاو بە تەنیا هیچ شتێك پیشان نادات. چاوەکان بە درێژایی سەیرکردن، بە لێك بوونەوەی پێڵوەکان، بە سەیرکردن بە لای چەپ و بە بەکارهێنانی پێستی دەوروبەری دەتوانێت چەند واتایەك بدات.

چاوەکان جیا لەوەی کە گەیەنەری پەیامن، بەلأم لە لایەنی فسیۆلۆژییەوە شتێکی مردوون و تەنیا بە ئەندامی بینین دەژمێردرێن و لە مرۆڤی جیا جیا لە ڕووی ڕەنگەوە جیاوازن، کە هەرگیز بە تەنیا بە شێوەیەکی واقیعی توانای دەربڕینی هەستیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەخوێنینەوە و دەبیستین، چاوەکان دەتوانن (ژیر، زانا، باش، خراپ، یان بێ لایەن ) بن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەندێك مرۆڤ بە چاو پیس دەزانین و هەندێکیش بە چاو لەدەر، تەنانەت دەڵێین کە فلأنە کەس چاوزار لێیداوە.

زمانی چاو شێوەیەکە لە ئالۆگۆڕی کەسەکان، لە لایەك ورد و ناسکە و لە لایەکی تریش ئالۆزییەکی تایبەتی هەیە، ژنان و پیاوان چاوەکانی خۆیان بە شێوەیەکی جیاواز بەکار دەهێنن، ئەم نیگایانەش لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی ترو لە مەزهەبێکەوە بۆ مەزهەبێکی تر و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر جیاوازە.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر گرنگی چاوەکان لە ڕێکخستنی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییدا کراوە، (کندن) ئەوە دەردەخات کە کاتێك داوای لە دوو قوتابی کرد یەکتر ناسین ئەنجام بدەن، بینی جووڵەی چاوەکانیان لە هەموو هەستەکانی تر تایبەتیترن لە کاتی سەیرکردنیان بۆ یەکتر، بۆ نمونە کاتێك یەکێکیان قسەی دەکرد هەوڵی خۆ بەدوورگرتنی دەدا لە سەیرکردنی چاوی بەرامبەرەکەی، بەلأم کاتێك قسەکەی تەواو دەکرد پێش ئەوەی بێدەنگ بێت یەکسەر چاوەکانی بە ئاڕاستەی گوێگر بەرز دەکردەوە، وەك ئەوەی بڵێت: (ئێستا کاتی تۆیە). (موفق الحمداني:2005: 228)

حوکم کردنی ئێمە لەسەر ئاڕاستەی نیگای مرۆڤەکان تا ڕادەیەك بە چاو ڕاست دەردەچێت، لەم بارەوە دەروونناسان چەند تاقیکردنەوەیەکیان کردووە، کە ڕادەی ڕاستی ئەم حوکم کردنانە دیاری دەکەن. بە لەبەر چاوگرتنی ئاڕاستەی نیگای مرۆڤ، دەکرێت بزاندرێت کە ئەو کە سەیری چ شتێك دەکات و بە زانینی ئەم بابەتە دەکرێ پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئەو کەسە ئارەزووی چ شتێکی

هەیە، یان مەبەستی ئەنجام دانی چ کارێکی هەیە. بەم شێوەیە جوولەکانی چاو دەتوانێت کەنالێکی بەسوود و گرنگ بێت لە پەیوەندیکردنی نازمانیدا .

نیگای چاوەکان وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە شەرم بکات لەو کاتەی ئەو کەسانە خۆیان لە شوێنێکی تەنگدا دەبیننەوە، بۆ نموونە لە ناو پاسدا لەگەڵ کەسانی نەناسراو، کە وایان لێدەکات هەست بە تەنگی ئەو شوێنە بکەن، چونکە داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی ڕێگا بەوە نادات نیگاکانی لەگەڵ ئەو کەسە نەناسراوانە ئاڵوگۆڕ پێ بکات، بۆیە سەیری زەوی دەکات یان سەیری دوور دەکات کە دوور بێت لە ڕوخساری کەسەکان. هەروەها لە شارەکان کە بە گشتی خەڵکی یەکتر ناناسن، زۆربەیان لە بەیەك گەیشتنی چاوەکان خۆیان بەدوور دەگرن، بۆئەوەی لە سەر کاریان دوا نەکەون، چونکە کاتی ئەوەیان نییە هەرکەسێك ببینن و قسەی لەگەڵ بکەن، ئەم خۆ بەدوور گرتنەش بە سەیرنەکردنیان بۆ خەڵکی تر دەکرێت .

ڕۆشنبیری و کلتور ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بەیەك گەیشتنی چاوەکان، بۆ نموونە لە (ژاپۆن) سەیری گەردەنی قسەکەر دەکەن لە کاتی قسەکردندا، بەڵام لە ئەمریکا سەیری دەم و چاوی قسەکەر دەکەن بۆ پیشاندانی ئەوەی کە گوێگر گرنگی بە قسەکانی قسەکەر دەدات، لە لای عەرەبەکانیش لە کاتی قسەکردن بە تایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی مێ لە سەیرکردنی ڕوخساریان دوور دەکەونەوە، بۆیە سەیری زەوی دەکەن، هەر لەبەر ئەمەشە ئەمریکییەکان هەست بە شەرم دەکەن لە کاتی قسەکردنیان لەگەڵ عەرەبەکاندا . (موفق الحمداني:2005: 229)

لای ئێمەش بەهەمان شێوە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ ئافرەتدا کەمتر سەیری ڕوخساری دەکرێت، هەروەها چاوەکان بۆ ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕکردنی گفتوگۆ بەکاردەهێنین، یان بۆ جەخت کردنە سەر ئەوەی لە قسەکانی بەرامبەرەکەمان تێدەگەین و ئاماژەشە بەوەی کە بیدەنگین لەوەی کە هێشتا

گوێمان لە قسەکانیەتی. هەڵبەتە ئەم ئاماژانەی چاو بە گوێرەی بابەت و ـیاس و جۆری پەیوە ـندی نێوان کەسەکان جیاوازە، نـمونەی ئاماژەکانی چاو کە لە نـێوان دوو کەس ـئاڵوگۆڕ دەبـێت هەرچۆنێك بێت بە شێوەیەکی نائاگایانەیە، بۆیە ئەگەر بـمانەوێت ئاگا مان لە ئاماژە کانی چاوی خۆمان بێت لە کاتی قسەکردن کارێکی ئەستەمە، چونکە تەنا ـنەت بیلبیلەی چاوەکانیش دەبـنە هۆکاری پەیوەندیکردن، بۆ نـمونە کەسێك شتێکی لا سەیر دەبێت ـیان خول ـیای شتێك دەبـێت، ئەندازەی بیلبیلەی چاوەکانی گەورەتر دەبێت.

بۆ پیشاندانی ئەو بابەتە کە ئایا ئێمە ئاگامان لە گۆڕانکاری ئەندازەی بیلبیلەی چاوەکان هەیە یان نا؟ دەروناسێك دوو وێنە لە ڕوخساری کچێك پیشانی خەڵك دەدات، ئەم دوو وێنەیە بە تەواوەتی وەکو یەکن، تەنیا لە یەکێکیان بیلبیلەی چاوەکانی کچەکە بچووك بۆتەوە و لەوی تر ـیان گەورە. لەو کەسانەی داوایان لێکرا بوو کە بڵێن کامە وێنەیان زیاتر بە دڵە، دەنگ ـیان بەو وێنە ـیەدا کە بیلبیلەی چاوەکان تیایدا گەورەتر بوون، هەرچەندە زۆربەی ئەو کە سانەی کە بڕیار ـیان لە سەر وێنەکە دەدا ئاگایان لەم جیاوازییە نەبوو، بەڵکو هەستیار ـبوون لە ئا ست ئەم جیاوازی ـیەو ئەو چاوانەیان پێ باشتر بوو کە مەیل و خۆشییان پیشان دەدا. ( علی توکلی : 1378 : 134 )

چاو جیاوازە لە هەر ئەندامێکی تری جەستە، چونکە بەشێکە هاوپێچە ـیە مێ شك. ـیەکێك لە گرنگترین دیاردەکانی چاو، چاو هەڵتەکاندنە کە بەهۆی یەکێك لە دوو چاوەکانەوە دەکرێت، چاو هەڵتەکاندن لەوانەیە زۆر وردو خێرا بێت، لەوانەشە زۆر گەورەو کاتێکی زۆری بووێت. لە جۆری یەکەم تەنیا گۆشەی چاو دەجوولێت و لە جۆری دووەم بەشێك لە گۆی چاو دادەپۆ شێت، چاو هەڵتەکاندن لەلایەن ژن بۆ پیاو یان پیاو بۆ ژن بێت واتایەکی سێکسی یان مەیل دەگە ـیەنێت، کە لەهەر حاڵەت و بارودۆخێکدا ڕوودەدات. لە حاڵەتەکان و جۆرەکانی تردا هەر چاوێك ـبەگوێرەی

قسه و بارودۆخی قسەکەر و گوێگر واتای دەبێت، چاو هەڵتەکاندن دەتوانێت درۆیەك ڕاست پیشان بدات و بە پێچەوانەشەوە ڕاستییەك بە درۆ پیشان بدات، هەندێك جار بەبێ ئەوەی قسەیەك بگوترێت لە ڕێگای چاو هەڵتەکاندنەوە دەکرێ پەیوەندی بکرێت، یان بە چاو هەڵتەکاندن لایەنی بەرامبەر تێدەگەیەنین کە ئاگای لە قسەکانی خۆی بێت و لە گوتنی قسەیەك لەلای ئەوی تر خۆی بەدوور بگرێت. چاو هەڵتەکاندن واتاو بیرۆکەی جیاجیای هەیە، دەکرێ بە مەبەستی گاڵتە پێکردنی کەسێکی تر بێت، هەروەها چاو هەڵتەکاندن بە چاوی ڕاست و لەگەڵ جوولەی سەر کەمێك بۆ لای ڕاست، یان چاو هەڵتەکاندن بە چاوی چەپ و جوولەی سەر کەمێك بۆ لای چەپ پەیامی تایبەتی دەگەیەنن.

## 3-2 ڕۆڵی زانستی جووڵەوانی :

لە کاتێکدا ئاشکرایە کە هەموو کلتورەکان جوولە لە پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنن، بەڵام زانایان لە ناسین و دەرخستنی ئەو ڕۆڵە وردەی کە جوولەکانی جەستە هەیانە، هاوڕا نین. (شیفلن) ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا دوو قوتابخانەی بیرکردنەوە لە زانستی ڕەفتاریدا هەیە، قوتابخانەی دەروونناسی کە درێژە پێدەری تیۆرییەکانی ( داروینە ) لەوەی کە ڕەفتاری نازمانیی هەستەکان دەگەیەنێت. زۆربەی لێکۆڵەرەوانی زمان و فەرهەنگ لە ڕۆڵی هەستی ئاماژەکان و حاڵەتی ڕوخساری ئاگادارن، وەك شۆڕبوونەوەی شانەکان ئاماژەیە بە دڵتەنگی یان بەیەککێشانی برۆیەکان ئاماژەیە بە ناخۆشی و ڕازی نەبوون. قوتابخانەکەی تر قوتابخانەی پەیوەندیکردنە، کە زۆربەی ڕەگەزناس و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان دەگرێتەوە، پێیان وایە ڕەفتاری نازمانی بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندیکردنی مرۆڤ بەکاردێت. (شیفلن) سوورە لەسەر ئەوەی کە ڕەفتارەکانی پەیوەندیکردنی مرۆڤ هەم واتادار و هەم کۆمەڵایەتین بۆ تێگەیشتنی بیرۆکەی ڕەفتاری جوولەیی وەك کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ

سەبارەت بە ڕەفتاری نازمانی کە کارە کۆمەڵایەتییەکان ڕێك دەخات دەبـێت هەستیار بـێت، ئەم ڕەفتارانە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕوودەدەن و لە ئاستێکی نائاگایانەدان، تەنانەت ئەوانەی کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن لێی بێ ئاگان و هەندێك لەم جووڵانەش لە ڕەفتاری ئاژەڵاندا بەرامبەریان هەیە. (علی توکلی : 1378: 148)

ئەو کەسانەی زمانێکی بێگانە بە بێ لایەنە نازمانییەکەی فێربوونە، فێربوونەکەیان کەم و کورتی تێدایە، بە تایبەتی لەو کاتەی کە بیانەوێت لە گەڵ ئەندامانی خاوەن زمانە کە گفتو گۆ بکەن. ئاگاداربوون لە زمانی جەستەی مرۆڤ لەکاتی قسەکردن، هەروەك چۆن کاریگەرییان لە سەر پەیوەندیکردن هەیە، بەهەمان شێوە هەستیاری کەسەکان سەبارەت بە یەکتر زیاد دەکات، جگە لە مە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی کاریگەری گفتوگۆ لەسەر کە سی بەرامبەر بەدەست بهێنین و دەرك بە کەسایەتی کەسی بەرامبەر بکەین و ڕەفتارێکی گونجاومان بەرامبەری هەبێت، یان تاوەکو لە گەڵ حاڵەتی دەروونی کەسی بەرامبەر هاوتەبا بین و بتوانین کلیلی گفتوگۆ دیاری بکەین، پێویستمان بە بەکارهێنانی زمانی جەستەیە، واتە لە ڕێگای بەکارهێنانی جووڵەکانی جەستەدا ئەو شتانە بەدەست دێنین. ( ابراهیم الدیب : 2005 : 156 )

(دین بارن لۆند) بۆ پێوانی سەرکەوتنی پەیوەندیکردن لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی یەکێك لە گەڵ یەکێکی تردا، یاسایەك پێشکەش دەکات، ئەم یاسایە بریتیە لەوەی کەوا لێك تێگەیشتنی خەڵك بەندە بە نیشانە دەرکییەکان و شێوازەکانی پەیوەندیکردنیان. بە لەبەر چاوگرتنی سی ستەمەکانی بیرورا (بارن لۆند) ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك خەڵك بیروڕایان وەك یەکە لەیەکتر تێدەگەن نەك کاتێك بیروڕایان دژ بەیەکە. (علی توکلی : 1378 : 151-152 )

## 4-2 - گشتێتی زانستی جووڵەوانی:

لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە ئاماژەکان کە واتاکانیان لە نێوان کلتورەکا ـندا جـ ـیاوازە، زانا ـکان بەدوای چەند نـمونەیەکن لە ڕەفتاری تایبەت بە جوولەکانی جەستە، کە واتاکا ـیان گ ـشتی ـبێت. لێکۆڵەرەوان دەیانەوێت بزانن کە ئایا هەندێك لەو ڕەفتارانەی کە ڕەگی سروشتیان هەیە بەم شێوەیە لە نێوان هەموو مرۆڤـدا هاوبەشن؟ یان ڕەفتارە جوولەییەکان شایانی فێربوون و خوێندنن و لە بەیەك گەیشتنی کۆمەڵایەتی دێنە کایەوە ؟ لەم حاڵەتەدا دەبێت لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی ـتر جـ ـیاواز بن.

( بێردویستل ) سەبارەت بە فێربوونی جوولە ، دەڵێت: (( تا ئەوەندەی ـکە ئێ ـمە ـبزانین ـهیچ جوولەیەك یان ئاماژەیەکی جەستەیی نییە کە بە شێوەی هێما (Symbol) لە قە ـڵەم ـبدرێت، وا ـتە ئێمە نەمانتوانیوە هیچ حاڵەتێکی ڕوخساری ـیان حا ـڵەتی جە ـستەیی بدۆزیـ ـنەوە ـکە ـلە ـهەموو کۆمەڵگاکاندا واتایەکی یەکسان بگەیەنێت.))، بەلاَم (ئیبل) پێی وایە کە وێکچوونەکانی جوولەیی لە نێوان کلتورەکاندا هەیە و ئەمەش نەك تەنیا لە دەربڕینە بنەڕەتییەکاندا کاردەکات، بەڵکو لە گ ـشت کۆمەڵەی هێماکانی ڕەفتاریشدا هەیە. ئەم نـمونانەش گشت جۆرەکانی هەواڵ پرسین دەگرێتەوە، کە بریتیە لە (لە باوەش گرتن، ماچ کردن، سلاَوکردن، پێکەنین،....هتد). (علی توکلی:1378ھ: 152)

لێرەدا چەند پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئایا ئاماژەی جیهانی هە ـیە ـکە ـلە ڕووی کلتوریـ ـیەوە سەربەخۆ بێ و بۆ هەر مرۆڤێك لەهەر کلتورێك ڕاست بێت؟ ئایا ئەوجوولاَنەی کە ـهەر مرۆڤـ ـێك ئەنجامیان دەدات بەشێوەیەك یەك واتا دەگەیەنێتە مرۆڤەکانی تر، ـبەبێ لە ـبەر چاوگرتنی ڕە ـگەز و ڕەنگ و کلتور؟ بە واتایەکی تر ئایا پێکەنینێك هەمیشە ئاماژە ـبە حا ـڵەتێکی ـگەرم و ـگوڕ ـیان خۆشحاڵی دەکات؟ یان مڕومۆچی هەمیشە ئاماژەیە بە تووڕەیی؟ یان کاتێك کە ئێ ـمە ـسەرمان ـبۆ سەرەوە و خوارەوە دەبەین ئەم جوولەیە بە واتای بەڵێیە؟ ئایا هەموو ئەو جوولاَنە بۆ هەموو مرۆڤـ ـێك

گشتی و جیهانین؟ ئەگەر وایە ئایا توانای ئەنجام دانی ئەم جوولانە وەلامێکە بۆ هەستێکی بۆ ماوەیی؟ ئەگەر ئێمە بتوانین کۆمەڵەیەکی تەواو لە ئا ماژە و هێ ما بۆماوەی یەکان بدۆزی نەوە، بەم شێوەیە پەیوەندی نازمانی ئێمە وەك سیستەمی پەیوەندیکردنی مێش هەنگوی نە، چونکە جوو لەی مێش هەنگوین بۆماوەییە و پێویستی بە فێربوون نییە.

## 5-2 ئاماژە بەکارهاتووەکان لە زمانی کوردیدا:

بە سەرنج دانی ئەوەی کە باسکرا، ئەو ئاماژە باوانەی کە لە ز مانی کورد یدا بەکاردێت یاس دەکەین، ئەمەش بە مانای هەموو ئەو واتایەی کە دەیبەخشن نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی گ شتی چەند ئاماژەیەك بە نـموونە دەهێنینەوە. لە لێکۆڵینەوەی ئاماژەکاندا چەند ڕا ستییەك دەب ێت لە بەر چاو بگیرێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- جووڵەی سەر و دەست و چاو، کە بۆ سەلماندن یان نەکردنی کارێك هەندێك جار جیاجیا و تاك تاك و هەندێك جاریش بە کۆمەڵ و لەگەڵ یەك بەکاردێن.

2- ژمارەیەکی زۆر لە ئاماژە باوەکان لە نێوان خەڵکیدا بە مەبە ستی خۆ شدوانی و دە ست پێشخەرییە.

3- بەهۆی ئاماژەکان دەکرێت ئاراستە و خێرایی جووڵەکە دیاری بکرێت.

4- بەکارهێنانی دەستی ڕاست یان چەپ لە ئاماژە پێداندا ڕەچاو دەکرێت.

دەتوانین ئاماژە بەکارهاتووەکان بکەینە سێ بەش:

### 1-5-2 ئاماژەکانی سەر

- بۆ لای خوارەوە بە واتای بەڵێ.

- بۆ لای سەرەوە بە واتای نەخێر.

- بۆ یەکێك لە لایەکان بە واتای کارێك لەولا.

- جووڵەی سەر بە شێوەیەکی ئارام و بە بەردەوامی بۆ سەرەوە و خوارەوە، ئاماژەیە بە تێگەیشتن، یان بە واتای (من گوێم لێتە و تێدەگەم لەوەی کە دەیڵێی ).

- جووڵەی سەر بە لای ڕاست و چەپ لەگەڵ گوتنی یەك جار (چ ) بە واتای نەزانینی وەڵامی پێویست.

- جووڵەی سەر بۆ لای ڕاست و چەپ لەگەڵ گوتنی (چ چ چ ) بۆ دەربڕینی داخ و پەژارە.

- ڕاگیرکردنی سەر بە ناولەپی دەست لەگەڵ دانەواندنی کەمێکی چاو، ئاماژەیە بە بێزاری و بێ تاقەتی.

- جووڵەی سەر لە کۆتایی هەر ڕستەیەکدا، ئاماژەیە بەوەی کە چاوەڕێی وەڵام لە کەسی بەرامبەر دەکرێت.

## 2-5-2 ئاماژەکانی دەم و چاو

- چاو تروکاندن بە یەك چاو یان بە هەردوو چاو، بە چەند واتایەك دێت لەوانەش:

أ- دەربڕینی ڕەزامەندی.

ب- دەربڕینی خۆشی.

ت- داواکاری بۆ ئەنجام دانی کارێك بە شاراوەیی (لە پەنا).

د- گاڵتە پێکردن بەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەی یان کەسی سێیەم.

- نوقاندنی چاوەکان بە واتای بەڵێ.

- گەورەکردنی چاوەکان بە واتای سەرسوڕمان.
- تەسك کرنەوەی چاوەکان بە واتای وردبوونەوە لە قسەی قسەکەر.
- مۆڕبوونەوەی چاوەکان بە واتای تووڕەبوون.
- داخستنی چاوەکان بە واتای دەربڕینی هەست و خۆشی دەروونی، یان شەرم کردن.
- چاوتێبڕین بۆماوەیەکی درێژ، ئاماژەیە لەسەر بوونی پەیوەندییەکی قوول لە نێوان هەردوولادا،

یان ئاماژەیە بە هەڕەشەکردن ئەگەر هاتو حاڵەتی تووڕەبوونیشی لەگە ڵدا بوو، یان ئاماژە یە یە ڕێزنەگرتنی کەسی بەرامبەر.

- چاوتێبڕین بۆ ماوەیەکی کورت، ئاماژەیە بە بایەخ نەدان بە کەسی قسەکەر یان ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، یان ئاماژەیە بە نەبوونی دڵسۆزی یان واتای شەرم دەگەیەنێت.
- شۆڕکردنەوەی چاوەکان (چاو لە خوارەوە کردن) ئاماژەیە لەسەر پیشاندانی ڕەزامەندی و گوێ ڕایەڵی.
- ناسك کردنی پشتە چاو بە واتای گازاندە.
- بەیەك کێشانی برۆیەکان لەگەڵ دابەزینی چاوەکان بە واتای دڵتەنگی.
- بەیەك هێنانەوەی برۆیەکان لەگەڵ دەست بردن بۆ کەمەر (ناوقەد) بە واتای تووڕەبوون.
- بە گۆشەی چاو سەیرکردن و بەیەك نووسانی ددانەکان بە توندی، کاتێك شوێنەکە بۆ دەربڕینی توڕەیی گونجاو نەبێت.
- چاو و دەمی کراوە بە واتای گاڵتە پێکردن.
- زمان دەرهێنان بە واتای گاڵتە پێکردن یان بە درۆخستنەوەی یەکێکی تر.

- دەمی کراوە لەگەڵ گوتنی (هۆ..هۆ..هۆ) بە واتای گاڵتە پێکردن.

- گەستنی لێوی خوارەوە بە واتای سەرسوڕمان یان خەم و حەسرەت.

- دەمی داخراو لەگەڵ جووڵاندنی بەرەو خوارەوە و برۆیەکانیش بەرەو سەرەوە، بە واتای بێ لایەنی یان گاڵتە جاڕی.

- دەمی داخراو لەگەڵ جووڵاندنی بەرەو خوارەوە بە واتای (بڵێم چی؟).

- خوارکردنەوەی دەم لەگەڵ گوتنی (یێ..یێ..یێ) و جووڵەی شەویلاگی خوارەوە بە لای ڕاست و چەپ، بە واتای گاڵتە پێکردن و لاسایی کردنەوە.

- کرانەوەی دەم بە واتای سەرسوڕمان.

- دەرپەڕینی لێو(لچ هەڵهێنان) بە تایبەتی لای ئافرەتان بە واتای پەست بوون بە ڕۆژی ئەوی تر.

## 3-5-2 ئاماژەکانی دەست

- جووڵەی هەموو یان نیوەی پەنجەکان یان پەنجەی شەهادەی یەك دەست بۆ لای جەستە، بە واتای ( وەرە ) و دوور لە جەستە بە واتای (بڕۆ). (هەرچەندە ماوەی گوێگر دوورتر بێت و سۆز و خرۆشی زیاتر بێت بەشێکی زیاتر لە دەست بە جووڵە دێت).

- تێك ئالآنی هەردوو دەستەکان لەسەر سنگ بە واتای خۆ بە دوورگرتن و پارێزگاری دێت.

- جووڵەی دەست بۆ هەردوولا وەك باوەشێنەکردن بە واتای ( هەی هەی چیت کرد؟ ).

- بە هەردوو دەست باوەشێنە کردن بەرەو ڕوو بە واتای ( هەوا چەند گەرمە !).

- جووڵاندنی چەناگە بە دەستێك بە بەردەوامی بە واتای ( بابیر بکەمەوە ).

- راگرتنی پەنجەی شەهادە لە تەنیشتی سەر و نزیك چاو و نوقاندنی پەنجەكانی تر، بە واتای قووڵ بوونەوە لە شتێك یان چارەسەری كێشەیەك.
- بە دەستێك لە پشتی دەست بدرێت، بە واتای سەرسوڕمان و داخ خواردن.
- لێدانی دەست لە ڕان یان دەم و چاو یان سەر یانیش پشتە دەستەكەی تر لە كاتی بیستنی هەواڵێكی لەناكاو، بە واتای داخ و پەژارەیەكی گەورە.
- راگرتنی پەنجەی شەهادە لە تەنیشت ڕوو لەگەڵ دانانی چەناگە لە سەر پەنجەكانی تر، ئاماژەیە بە ڕەخنەگرتن.
- گەستنی ئەنگوست ئاماژەیە بە داخ و حەسرەت یان تووڕەبوون.
- دانانی پەنجەكانی هەردوو دەست بەرامبەر بەیەك ئاماژەیە بە باوەڕ بەخۆبوون یان خۆویستی و لەخۆبایی بوون.
- تێك ئالآنی پەنجەكانی هەردوو دەست، ئاماژەیە لەسەر نائارامی و شاردنەوەی شتێك، ئەو كەسەی كە ئەم حاڵەتە ئەنجام دەدات هەڵوێستێكی سلبی پیشان دەدات، ئەم حاڵەتەش سێ جۆری هەیە : (تێك ئالآنی پەنجەكان لە پێش دەم و چاو، تێك ئالآنی پەنجەكان لە سەر مێز، تێك ئالآنی پەنجەكان لەسەر كۆش یان شۆڕبۆوە).
- سڕینی ئارەقەی ناوچەوان بە پەنجەی شەهادە و خستنە خوارەوەی بە واتای ( شەرمەزارم مەكە).
- لێك خشاندنی پەنجەی گەورە لە پەنجەی شەهادە ، ئاماژە كردنە بە پارە.
- كردنەوەی قۆڵ و دەستەكان بە فراوانی بە مەبەستی لەباوەش گرتن.

- دانانی پەنجەی گەورە لە پشت نەرمایی گوێ و نووساندنی پەنجەکانی تر لە پێشەوەی نەرمایی گوێ بە واتای (گوێم لێ نییە، بەرزتر).

- هەڵتەکاندنی پەنجەی شەهادە و بەستنی پە نجەکانی تر بە واتای ( هەی زۆرزان!)، یان هەڕەشەکردن.

- کرانەوەی دەستەکان و بە دیارکەوتنی ناولەپەکان بە واتای (چارە چییە؟).

- گرتنی گوێیەکان بە هەردوو ناولەپی دەستەکان بە واتای (بەسە ئیتر نامەوێ گوێم لێ بێت).

- جووڵاندنی یەکێك لە دەستەکان بۆ لای ڕاست و چەپ بە ستوونی بە واتای (خواحافیزی).

- بە پەنجە ئاماژە کردن بۆ سەر و دەربڕینی هێمایەکی نەفی بە واتای ( نەفامی و نەزانیی).

- پەنجە لێدان لە تەختە، بە واتای بە چاو نەچوون، واتە (ماشاءالله) یان بێ دەنگ بن.

- چوار ئەنگوستی کراوەی دەست لەسەر چاو بە واتای (بەسەر چاو) واتە گوێ ڕایەڵی کردن.

- دانانی ناولەپ لەسەر سنگ و لەگەڵ کەمێك خۆ لار کردنەوەی جەستە بە واتای ڕێزلێنان.

- شەق لە ڕوومەت دان بە دەست و گووشینی روومەت بە سەرە پەنجەکان، بە واتای خەجاڵەت و شەرمەزاری.

- دانانی پەنجەی شەهادە لەسەر لێو یان لەسەر نووکی لووت بە واتای بێدەنگی.

- لێکخشاندنی دەستەکان بە خێرایی بە واتای هەست کردن بە خۆشی یان سەرما بوون.

- چوار ئەنگوستی ستوونی لەسەر هەر چاوێك بە واتای وردبوونەوە لە سەیرکردن.

# بەشی سێیەم: کاری مەیدانی

لە بەشی پێشوو باسی زمانی جەستەمان کرد کە چەند حاڵەتێك دەگرێتەوە وەك حاڵەتی ڕوخسار و حاڵەتی جەستە و ئاماژەی چاو و دەستەکان، بە گوێرەی پەیوەندیکردنی نازمانی کە ڕوو بە ڕوو ئەنجام دەدرێت بایەخێکی زۆر بە وێنە دەدرێت، بۆیە بە پێویستمان زانی باسەکە بەوەندە کۆتایی پێ نەهێنین بەڵکو کارێکی مەیدانی لەسەر بکەین، چونکە زمانی جەستە لەگەڵ زمانی قسەکردندا بەکاردەهێنین، بۆیە کە لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی قسەکردن دەکەین پێویستە باسی تەوەرە نازمانییەکەشی بکەین.

لەم کارە مەیدانییەدا، دە (10) وێنەی سروشتی لە سایتی (پێشانگای وێنەی فۆتۆگرافی و گرتەی ڤیدیۆیی)[1] هەڵبژێردراوە. لە ژێر هەر وێنەیەك پێنج (5) وەڵام یان تێبینی سەبارەت بە وێنەکە نووسراوە، کە لەگەڵ بارودۆخی پەیوەست بە وێنەکە گونجاوە، یەکێك لەو وەڵامانە بە تەواوی ڕاستە و یەك یان دوو لە وەڵامەکان نزیکە لە وەڵامی ڕاست و وەڵامەکانی تریش دوورن لە وەڵامی ڕاست، لە هەندێکیشیاندا وەڵامەکان دوولایەنن و لادانێکی تەواو لە بینەر دروست دەکات، واتە زیاتر بۆ سەرلێشێوانی بینەرە. بەم شێوەیە لە بینەر[2] داوا کراوە کە بە گوێرەی وەڵامەکانی بەرامبەر هەر وێنەیەك ئەو وەڵامەی کە پێی ڕاستە یان لەگەڵ وێنەکە دەگونجێت، دیاری بکات. پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان، داتایەکان بە ڕێژەی لە (100٪) لەبەرامبەر هەر وێنەیەك دیاریکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

(1) وێنەکان لەم سایتە وەرگیراون : www.fotosearch.ae/Iushpix/gestures-body-Language

(2) ئەو کارە مەیدانییە لە نێوان چەند کەسێکدا ئەنجام دراوە کە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەخۆی دەگرێت، ئاماژە بە ڕەگەز و تەمەن و پلەی خوێندەواری نەکراوە، چونکە تێگەیشتن بۆ زمانی جەستە تا ڕادەیەکی زۆر وەك تێگەیشتنە لە زمانی قسەکردن، هەروەك چۆن دوو کەسی خوێندەوار و نەخوێندەوار یان نێر و مێ یان گەنج و پیر لە زمانی یەکتر تێدەگەن.

**وێنەی ژمارە (1)**



A B

1– B لەگەڵ کەسێك دیداری هەیە و هەست بە نیگەرانی دەکات , بۆیە داوای یارمەتی لە A دەکات. 8٪

2- A و B بە دیتنی شتێك ترس دەیانگرێت. 18٪

3– حاڵەتی روخساری B وایپیشان دەدات کە زیاتر دەترسێت. 60٪

4– هەردووکیان گوێیان لە دەنگێك بووەو نازانن چییە. 12٪

5– هەر وەڵامێکی تر یان نازانم. 2٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (1) راستە، کە (8٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامی (3) کە نزیکە لە وەڵامی راست (60٪) ی بینەران هەڵیانبژاردووە، وەڵامی (4،2) کە بە شێوەیەکی لابەلا و دوورن لە وەڵامە راستەکە بە رێژەیەکی کەمتر هەڵبژێردراوە.

ئەگەر سەرنجی وێنەکە بدرێت کەسی (A) هیچ ترسێکی بە ڕوخسارەوە دیار نییە، بەڵکو زۆر ئاسایی سەیر دەکات، کەسی (B) یش بە هەمان شێوە ترس بە ڕوخساری دیار نییە بەڵکو نیگەرانییەکی زۆری پێوە دیارە، بۆیە هانا بۆ کەسی (A) دەبات .

**وێنەی ژمارە (2)**




1- یەکێك بانگی B دەکات . 22٪

2- A پرسیار لە B دەکات و ئەویش گرنگی پێنادات. 16٪

3– B بە هاتنی کەسێکی نەناسراو بۆ ژوورەکەیان سەرسام دەبێت. 54٪

4- هەردووکیان گفتوگۆ لەبارەی بابەتێك دەکەن. 8٪

5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم. 0٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (3) راستە، کە (54٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامی (1) کە نزیکە لە وەڵامی راست (22٪) ی بینەران هەڵیانبژاردووە، وەڵامی (2،4) کە بە شێوەیەکی لابەلا و دوورن لە وەڵامە راستەکە بە رێژەیەکی کەمتر هەڵبژێردراوە.

ئەگەر سەرنجی وێنەکە بدرێت کەسی (B) سەرسامی پێوە دیارە ئەویش بە هاتنی کەسێکی نەناسراو بۆ ژوورەکەیان، لە کاتێکدا (A) ئاگای لێ نییە .

**وێنەی ژمارە (3)**



A B

1- A شتێك بە بیر B دێنێتەوە کە پێشتر ئەنجامی داوە. 24٪

2- A نیگەرانە لەوەی کە B بە دڵتەنگی دەبینێت. 8٪

3- A داواکاریەك ئاڕاستەی B دەکات و B یش دوودڵە لە بڕیاردان. 54٪

4- A سەرزەنشتی B دەکات. 12٪

5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم . 2٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (3) راستە، کە (54٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامی (4،1) کە نزیکە لە وەڵامی راست رێژەیەکی کەمتر لە بینەران هەڵیانبژاردووە، وەڵامی (2) کە دوورە لە وەڵامە راستەکە بە رێژەیەکی زۆرکەمتر هەڵبژێردراوە.

ئەگەر سەرنجی وێنەکە بدرێت حاڵەتی جەستە و ڕوخساری (B) زۆر بە ئاشکرا دوودڵی پێشان دەدات.

**وێنەی ژمارە (4)**



A B

1- A دڵی B دەداتەوە کە نیگەران نەبێت. 30٪

2- B دڵتەنگە لەوەی گرفتێکی هاتۆتە پێش. 14٪

3- B زۆر چاوەڕێی A کردووە کە ئێستا درەنگ هاتووە لێی تووڕەیە. 6٪

4- A داواکاریەکی لە B هەیە , B ناڕازییە. 46٪

5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم. 4٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (4) راستە، کە (46٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامەکانی تر هەمووی زۆر نزیکن لە وەڵامی راست کە بۆ سەر لێشێوانی بینەر هاتووە، بۆیە لەم وێنەیەدا دەبینین وەڵامی (5) ڕێژەکەی زیاترە لە چاو وێنەکانی پێشوو.

ئەگەر سەرنجی وێنەکە بدرێت حاڵەتی (A)وا پیشان دەدات کە زۆر بە هێمنی داواکارییەك لە (B) دەکات، (B)ش هەست بە دەسەڵات دەکات بەرامبەر بە(A) بۆیە ناڕازییە بە داواکارییەکەی.

**وێنەی ژمارە (5)**



A B

1- B بێ تاقەت بووە لە قسەکانی لە A . 8٪

2- B ئاگای لە قسەکانی A نییە . 4٪

3- A نیگەرانە لەوەی کە B گرنگی بە قسەکانی نادات . 18٪

4- هەردووکیان سەیری شتێك دەکەن . 68٪

5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم . 2٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (3) راستە، کە (18٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامی (1،2) کە نزیکە لە وەڵامی راست بە رێژەیەکی کەم هەڵبژێردراوە، وەڵامی (4) کە بە شێوەیەکی لابەلا و دوورە لە وەڵامە راستەکە، کە زیاتر بۆ سەرلێشێوانی بینەر هاتووە بە رێژەی (68٪) هەڵبژێردراوە.

ئەگەر سەرنجی وێنەکە بدرێت کەسی (A) حاڵەتی ڕوخسار و جەستەی نیگەرانییەکی زۆری پێوە دیارە، چونکە (B) گرنگی بە قسەکانی نادات، ڕوخساری (B)ش زۆر ئاشکرا دیارە کە گرنگی بە قسەکانی نادات.

**وێنەی ژمارە (6)**




1- تەنیا سەری ژان دەکات . 0٪
2- پەشیمانە لە وەی کە کارێکی هەڵەی ئەنجام داوە . 78٪
3- تووڕەو دەمارگرژە لە شتێك . 8٪
4- حاڵەتێکە لە نێوان خۆشی و ناخۆشی . 10٪
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم . 4٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (2) راستە، کە (78٪) ی بینەران ـئەو وەلا ـمەیان هەڵ ـبژاردووە، وەڵامی (1) کە نزیکە لە وەڵامی راست هیچ بینەرێك هەڵینە ـبژاردووە ، وەلا ـمی (3،4) ـکە ـبە شێوەیەکی لابەلا و دوورە لە وەڵامە راستەکە، زیاتر بۆ سەرلێشێوانی بینەر هاتووە بە رێژەیەکی ـکەم هەڵبژێردراوە.

**وێنەی ژمارە ( 7 )**



1- دڵتەنگە لەوەی شتێکی هاتۆتەوە یاد . 44٪
2- تەنیا توورەیە، دڵتەنگ نییە . 2٪
3- تەنیا ماندووە . 18٪
4- تەنیا بیردەکاتەوە . 34٪
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم . 2٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (1) راستە، کە (44٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامی (4) کە نزیکە لە وەڵامی راست (34٪) ی بینەر هەڵیانبژاردووە ، وەڵامی (3،2) کە بە شێوەیەکی لابەلا و دوورە لە وەڵامە راستەکە، زیاتر بۆ سەرلێشێوانی بینەر هاتووە بە رێژەیەکی کەم هەڵبژێردراوە.

**وێنەی ژمارە (8 )**




1- بیرکردنەوەیەکی ئاسایی . 10٪
2- سەرسوڕمان بە بینینی شتێك لەگەڵ پرسیارکردن. 28٪
3- تەنیا سەری دەخورێت . 12٪
4- بە سەرسوڕمانەوە بیر لە شتێك دەکاتەوە . 48٪
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم . 2٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (4) راستە، کە (48٪) ی بینەران ـئەو وەلا ـمەیان هەڵ ـبژاردووە، وەڵامی (2) کە نزیکە لە وەڵامی راست (28٪) ی بینەر هەڵیانبژاردووە ، وەڵامی (1،3) کە ـیە شێوەیەکی لابەلا و دوورە لە وەڵامە راستەکە، زیاتر بۆ سەرلێشێوانی بیـنەر هاتووە ـیە ڕێژە ـیەکی کەمتر هەڵبژێردراوە.

**وێنەی ژمارە (9)**



1- بە تووڕەیی لە شتێك دەڕوانێت . 6٪
2- سەرسوڕماوە و نارەحەتە لە شتێك. 14٪
3- دوودڵە لە بڕیاردان . 68٪
4- هەست کردن بە ترسێکی زۆر . 8٪
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم . 4٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (2) راستە، کە (14٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامی (3) کە نزیکە لە وەڵامی راست بە ڕێژەی (68٪) ی بینەر هەڵیانبژاردووە ، وەڵامی (4،1) کە بە شێوەیەکی لابەلا و دوورە لە وەڵامە راستەکە، زیاتر بۆ سەرلێ شێوانی بینەر هاتووە بە ڕێژەیەکی کەمتر هەڵبژێردراوە.

**وێنەی ژمارە (10)**



1- هەست بە نەخۆشی دەکات . 24٪
2- دڵ تەنگە لە شتێك . 14٪
3- تەنیا سەری لێ شێواوە . 58٪
4- توورەیە لە شتێك . 2٪
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم . 2٪

لەم وێنەیەی سەرەوەدا، وەڵامی (3) راستە، کە (58٪) ی بینەران ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردووە، وەڵامی (1) کە زۆر نزیکە لە وەڵامی راست (24٪) ی بینەر هەڵیانبژاردووە ، وەڵامی (4،2) کە بە شێوەیەکی لابەلا و دوورە لە وەڵامە راستەکە، زیاتر بۆ سەرلێشێوانی بینەر هاتووە بە رێژەیەکی کەمتر هەڵبژێردراوە.

لە هەموو ئەو وێنانەی کە وەڵام درانەوە ئەوەمان بۆ دەردە کەوێت، کە دەورو بەر(Context) رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گواستنەوەی واتادا، چ ئەو واتایە بە شێوەی زمانی یان بە شێوەی ناز مانی بێت، هەروەك دەردەکەوێت لە هەندێك لە وێنەکان بە بێ گوێ دا نە دەورو بەر تەنیا وێنە کە لێکدانەوەی بۆ کراوە، ئەم لێکدانەوانەش وەڵامی زیاتری سەبارەت بە وەڵامی سەرەکی بۆ خۆی راکێشاوە، وەك وێنەی (1، 5)، چونکە زۆربەی واتاکەی پەیوەستە بە دەورووبەر، ئەوەشی کە وەڵامی راستی هەڵبژاردووە زیاتر لە حاڵەتی ڕوخسار و جەستەی کەسەکان وردبۆتەوە، لە هەندێك وێنەشدا وەڵامی راست و نزیك لە راست لەیەك دوورن، لەبارەی وەڵامە نزیکەکان لە وەڵامی راست تەنیا لێکدانەوەی وێنەکە دەبینرێت، چونکە دەورووبەری سەرەکی گفتوگۆیەکە لە وێنەکەدا دیارنییە، بۆ یە وێنەی بەبێ دەورووبەر لێڵی تێدەکەوێت و دەبینرێت کە وەڵامە راستەکان لەوا نەدا یە ڕێژە یەکی کەمتر هەڵبژێردراوە. لە هەندێك وێنەشدا کە پێویست بە بوونی دەورووبەر نا کات وەك وێ نەی (6، 7، 8، 9، 10) تاڕادەیەکی زیاتر لێکدانەوەی تەواو بۆ وێ نەکان کراوە، چونکە تەنیا حا لەتی جەستەو دەروونی کەسەکان بەسە بۆ تێگەیشتن لە زمانی جەستەیان. بەڵام بەگشتی هەر جووڵە یەك یان لەرزینێك بە تەنیا هیچ واتایەکی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا جووڵەیەك لەگەڵ دەورووبەر و شوێنی ج یا جیا واتای جیاجیا دەدات.

ئەوەی کە دەمانەوێت بڵێین ئەوەیە کە جووڵەی جەستە چ ورد و چ درشت بێت وە کو و شەکانی زمانن، ئەگەر رستە بە یەکەی زمان دابنێین، ئەوا دەبێت یەکەی جووڵەکانی جە ستەش دەورو بەر و شوێن بێت، چونکە هیچ وشە و جووڵەیەك بە تەنیا هیچ مەبە ستێك ناگە یەنێت و هەڵ بەت لەم بارەشەوە دەبێت رستە یەك وشەییەکان و چەمکە یەك جووڵەییەکان لە یێك ج یا بکەی نەوە، چونکە جووڵەیەك دەکرێ وەك رستەیەك لێك بدرێتەوە.

# ئــەنـجــام

1- پەیوەندیکردنی نازمانی یەکێکە لەو جۆرە پەیوەندییانەی کە مرۆڤ دەتوانێت لە پەیوەندیکردنی بە کەسانی تر بەکاری بهێنێت، بۆ بەدەست هێنانی تیۆرییەکی گونجاو لەم بارەوە پێویستە زۆر نیشانەی تر بایەخیان پێ بدرێت، کە ئەمانەش لە چارەسەری دەروونی بایەخێکی تایبەتییان هەیە، چونکە ئەو نەخۆشەی کە دەیەوێت کێشە هەستیارەکانی خۆی لە گەڵ پزیشکێکدا باس بکات لەوانەیە نەتوانێت سەرچاوەی ناخۆشییەکانی لە قاڵبی وشەدا باس بکات، لێرەدا پزیشکی باش لە وشە زیاتر یارمەتی لە نیشانە نازمانییەکان وەردەگرێت، بۆیە زۆربەی دەروونناسەکان بە شێوەیەکی راستەقینە خولیای پەیوەندیکردنی نازمانین و تەنیا زمان بە هۆکاری پەیوەندیکردن نازانن .

2- ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان ئەوەیە کە جۆرێك لە لێڵی چ لە ڕووی واتا و چ لە ڕووی لێکۆڵینەوە لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا هەیە، هیچ فەرهەنگێکی وشەیی یان ڕێزمانی نییە کە لە شیکردنەوەی پەیوەندیکردنی نازمانی یارمەتیدەر بێت، لە زۆربەی کۆمەڵگا و کلتورەکاندا پێویستە کارێکی زۆر بکرێت کە تیۆرییەکی زانستی ڕێك و پێك لەبارەی پەیوەندیکردنی نازمانی دابنرێت.

3- ئێمە نەك تەنیا لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی گوتن و ئەو قسەیەی کە قسەکەر دەیڵێت، بکەین، بەڵکو پێویستە هەوڵ بدەین کە لەبەر چی دەیڵێت، ئەگەر زیاتر بایەخ بە وشەکانی بدەین لەوانەیە وا بیر بکەینەوە کە تاکە مەبەستی زمان ئاڵوگۆڕی زانیارییە، بێگومان ئەمە یەکێکە لە مەبەستەکان، بەڵام بە دڵنیاییەوە تاکە مەبەست نییە، چونکە مرۆڤ ئاڵوگۆڕی بە زۆر شت دەکات وەك: پارە، کاڵا، خزمەت گوزاری، خۆشەویستی، سەرکەوتن و....هتد. لەوانەیە کەسێك بە پارە ئاڵوگۆڕی زانیاری بکات یان لە بەرامبەر خۆشەویستی یان هەڵوێستێك خزمەتێك پێشکەش بکات. لەوانەیە لێرەدا سەرەتا پێویست بێت کردارە پەیوەندییەکانی سەبارەت بە قسەکەران لە کردارە کۆمەڵایەتییە

بەرامبەرییەکانیاندا کە ئاڵوگۆڕی پێ دەکەن، دیاری بکەین، دواتر دەبینرێت کە پەیامە زمانییەکان بۆ هەندێك ئاڵوگۆڕ باشترن و پەیامە نازمانییەکانیش بۆ هەندێکی تر با شترن، هەروەها هەردووکیان ڕۆڵی سروشتی و تەواوکەریی خۆیان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لە ئە ستۆ دە گرن، وا تە پەیا مە نازمانییەکان بایەخێکی تایبەتییان هەیە لە پەیوەندیکردندا.

4- ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە دەبێت لە پەیوەندیکردنی نازمانیدا ئاماژە بە هە ێزی بی ستن و بینین بکەین، چونکە بیستن و بینین لە روانگەی وەرگری پەیام گرنگترین سەر چاوەی وەگرتنی زانیارین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەم دوو هەستە کاری وەرگرتنی پەیامەکە بە شێوەیەکی بەردەوام بەڕێوە دەبەن، هەروەها دەتوانن پەیامەکان بەشێوەیەکی هاوکات یان یەك لەدوای یەك وەربگرن، کە بۆ وەرگری پەیامیش بەشێوەیەکی دیار جێگای بایەخە. بەم پێیە بینین لەبەرامبەر بی ستن سەروترە و سیستەمی بیستن بە گوێرەی بینین کەمتر چالاکە، چونکە لە راستیدا ئێ مە ز یاتر بە چاوەکا نمان زانیاری وەردەگرین لەوەی کە بە گوێیەکانمان وەریدەگرین. هەروەها میکانیزمی سیستەمی بی ستن بەشێوەیەکی یەك لە دوای یەکە، لە کاتێکدا سیستەمی بینین توانایەکی زیاتر و سادەتری هە یە بۆ وەرگرتنی چەند شتێك لەیەك کاتدا، هەرچەندە لەوانەیە جەخت بکەینە سەر یەکێك لە لایە نەکانی نێرەری پەیام، بەڵام بەگشتی نیشانەی تریش کە لەڕێگای یان چۆنیەتی یان شوێنی جەستەی ن ێرەردا دیارە، وەردەگرین وەك: ماوەی نێوان کەسەکان و حاڵەتی ڕوخسار.

5- لێکۆڵینەوەی زمان ئەوە دەردەخات کە دیاریکردنی حاڵەتەکان دەکرێ هەم لە رێگای زانیاری بینراو و هەم لە رێگای زانیاری بیستراودا دەست بکەوێت، بەڵام پەیامی بینراو زانیاری زیاتری تێدایە لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ زیاتر پێی باشە کاتێك کە لەسەر حاڵەتی کە سەکان بڕ یار دەدات بتوان ێت بیانبینێت، چونکە نایەوێت تەنیا لە ڕێگای پەیامی بیستراو بڕیار بدات، بەڵام هەموو مرۆڤێك مەیل و

ئارەزوویان لەبارەی پەیامی بیسترِاو و بینراو وەك یەك نییە، بۆیە هەر مرۆڤێك بۆ وەرگرتـنی ـپەیامی قسەکەر سەیری شوێنی جیا جیا لە ڕوخسار و جەستەی قسەکەر دەکات.

6- لە سەردەمی ئێستادا بۆ ناسینەوەی مرۆڤـی تاوانبار پەنجە مۆر بەکاردەهێنرێت، بەلاَم لە هەندێك ولاَتدا کەسی تاوانبار لە ڕووی ڕوخسارەوە دیاری دەکرێت، بەلاَم نەبۆتە یاسایەك و ـلە ـپەراوێزدا بەکار دەهێنرێت. لە لایەکی ترەوە زمان وەك کۆمەڵێك یاسای پێکهاتەیی وشە ـلە لا ـیەك و ـبەکار هێنانی زمانی جەستە لە کاتی قسەکردندا لە لایەکی تر ئەوە دەردەخات کە ئەوەی ـلە د ـیاریکردنی ڕەهەندە کۆمەلاَیەتییەکانی پەیامێك زۆرترین کاریگەرییان هەیە پەیوەندییە پێکهاتەییەکانی ز ـمان ـنین، بەڵکو توخم و پێکهاتە نازمانییەکانە یان بە واتایەکی تر ڕەفتاری نازمانییە. کاتێکیش یەکێك دەیەوێت پەیوەندیکردن ئەنجام بدات، سەرەتا لە نێوان شێوازە کۆمەلاَیەتییەکانی زمان لەگەڵ بارودۆخی دەرەوە کە لە ژێر کاریگەری هۆکارەکانی قسەکەر و بابەتی قسەکە شێوازێکی گونجاو هەڵ دەبژێرێت.

7- ئاشکرایە ـکە هەڵـبژاردنی ز ـمان ـلە لا ـیەن قـسەکەرەوە ناکەوێـتە چوار چێوەی پێکها ـتە دەستوورییەکانی رستە، بەڵکو پێکهاتە رێزمانییەکانی رستەش دەبێت گونجاو بێت لە ـگەڵ یا ـساکانی کلتوری و کۆمەلاَیەتی ئەو شوێنەی کە پەیوەندییەکەی لێ ئەجام دەدرێت، چونکە یاسا کلتورییەکان لە کۆمەڵگایەکدا لە چوارچێوەی ڕەفتارە نازمانییەکاندا واتادار و شایانی تێگەیشتنن و پەیوەستن ـبە پێکهاتە زمانییەکان، کە بەشێوەیەکە لێك جیا ناکرێنەوە.

8- قسەکردن بە بەردەوامی لەگەڵ ڕەفتاری نازمانیدا بەشێوەیەك ـکە ڕەفـتاری ناز ـمانی ڕەهە ـندە وردەکانی دەربڕینی واتایی رستە دیاری دەکات، هەروەك قسەکردن لە ـگەڵ ڕەفـتاری ناز ـمانی ـبە تایبەتی زمانی جەستە گونجاو نەبێت ـیان ـشێوەی دەربڕیـن ـیان گو ـنجاو ـنەبێت، درو ـست ـبوونی

پەیوەندییەکە بەهۆی نەبوونی زانیاری زۆر زەحمەت دەبێت. بۆیە فێربوونی زمانی بیانی پێویستی بە زانیاری تەواو لەسەر رەفتاری نازمانی لە کۆمەڵگای زمانە بیانییەکەدا هەیە.

9- زمانی جەستە دەشێ لەگەڵ قسەکردندا تەواوکەر بێت یان خۆی بە تەنیا واتادار بێت و پەیامی تایبەتی هەبێت، تەنانەت لە کاتی قسەکردندا رەهەندە واتاییەکانی پەیامێك هەندێکجار بە بێ ئاگایانە لە چوارچێوەی جوولەی جەستە و جوولەی سەر و چاو و برۆ و دەستەکان و شێوەی هەناسەدان و حالاَتی ڕوخسار و ماوەی نێوان کەسەکان و رەفتارە نازمانییەکانی تر دەگوازرێتەوە. لەبەر ئەم هۆیەیە خوێندنەوەی قسەی کەسێك لە کاتی پەیوەندیکردن بە کەسانی تر بەبەردەوامی لەگەڵ رەفتارە نازمانییەکانی کە هەموو حاڵەتە فیزیکییەکانی لە کاتی قسەکردندا هەیە، لەگەڵیەتی .

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان


1- ئازاد رەمەزان عەلی ( 2005 ) بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە رۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان سالانی (1991–2000)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

2- رێبین رەسول و دیار عەزیز (2004 ) ئەنترۆپۆلۆژیا – لێکۆڵینەوەی تیۆری، دەزگای چاپ و پەخشی رێبین، هەولێر.

3- عبدالواحد مشیر دزەیی (2005) رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

4- محمد امین حسین (2007) زمانی جەستە، چاپخانەی ئاوێنە.


## سەرچاوە فارسییەکان


1- علی توکلی (1378) نشانه شناسی و ارتباط غیر زبانی، پایان نامه برای دریافت درجەای کارشناسی ارشد، رشتەای زبان شناسی همگانی دانشگاه فردوسی مشهد، دانشکدەای ادبیات و علوم انسانی.

2- مهدی محسنیان راد (1384) ارتباط شناسی (ارتباطات انسانی میان فردی، گروهی، جمعی)، چاپ ششم، انتشارات صدا و سیما، تهران.

## سەرچاوە عەرەبییەکان


1- ابراهيم الديب (2005 ) المحاور المحترف (آداب ومهارات)، ام القرى.

2- حسن محمد خيرالدين ( 1970 ) العلوم السلوكية، مكتبة عين الشمس، القاهرة.

3- حسين حمدى الطوبجي (1405 هـ ) وسائل الاتصال والتكنولوجيا في التعليم، دار القلم، الكويت.

4- جودة بنى جابر (2004) علم النفس الاجتماعي، دار الثقافة، عمان.

5- عاهد حسني (2001) النــفــس ، مطبعة الاصدقاء، بغداد.

6- عبدالحافظ محمد سلامة (2001) وسائل الاتصال وتكنولوجيا التعليم، الطبعة الثالثة، دار الفكر، عمان.

7- عبدة الراجحي (2004) اللغة وعلوم المجتمع، دار النهضة العربية، بيروت–لبنان.

8- فخرى جاسم سلمان (1981) العلاقات العامة، دار الكتب، موصل.

9- ماجدة السيد عبيد (2001 ) وقفة مع (الخدمة الاجتماعية)، دار الصفاء، عمان.

10- محمد الحاج خليل (1993) السلوك الانساني في الادارة التربوية، دار مجدلاوي، عمان.

11- محمد الصيرفي (2006) الاتصالات الادارية، مؤسسة حورس الدولية، الاسكندرية.

12- محمد عبدالرحمن ابازيد (2004) لـغـة الجسم ، دار الخليج، عمان.

13- محمد عبدالغني (2005) مهارات الاتصال، مركز تطوير الاداء و التنمية، مصر.

14- محمد عودة (1983) اساليب الاتصال والتغير الاجتماعي، عين الشمس، القاهرة.

15- محمد فتحي (2001) مهارات لابد منها للصعود الى القمة، دار التوزيع والنشر الاسلامية، القاهرة.

16- مجد الهاشمي (2001) الاتصال التربوى وتكنولوجيا التعليم ، دار المناهج، الاردن.

17- مصطفى عبدالسميع محمد (2005) مهارات الاتصال والتفاعل في عمليتى التعليم والتعلم، الطبعة الثانية، دار الفكر الاردن.

18- موفق الحمداني (1982) اللغة وعلم النفس، الموصل.

19- موفق الحمداني (2004) علم النفس اللغة في منظور معرفي، دار المسيرة، الاردن.

20- ناصر العديلي (1416 هـ) ادارة السلوك التنظيمي، الطبعة الاولى، الرياض .

21- نبيل عبدالهادي (2005) مهارات في اللغة والتفكير، دار المسيرة، عمان.

22- نبيهة صالح السامرائي (2003) العلوم السلوكية في التطبيقات الادارية، دار الزهران، عمان.

23- هاني السليمان (2005) الحوار (كيف تحاور الاخرين...؟)، دار الاسراء، الاردن.

24- هشام بكر حريري (1420 هـ) الادارة التربوية، مكتبة الافق.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1- Bolinger, D. (1975). Aspects of Language, 2nd ed. Harcourt Brace Jovanovich, Inc.

2- Crystal, D. (1992). An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages. USA.

3- Crystal, D. (1987). The Cambridge Encyclopedia of Language. Cambridge University press.

4- Fromkin, V.(1978). An introduction to Language, Holt Rinehart and Winston. USA.

5- Hassan, F. (1999). Paralinguistic Features in the Conversation Kurdish Male Adults in Kalar. Unpublished MA Thesis. University of Salahaddin-Hawler.

6- Hayas, C. (nd). The ABC's of Languages and Linguistics.(np).
7- L. S. Harms. (1974). Human Communication, The New Fundamentals, New York.

8- Mastarson, J. (1983). Speech Communication, United States of America. Holt, Rinehart and Winston.

9- Nierenberg, G. and Calero, H. (1988). How to Analyze Your Friends Characters Through his Movement, Lebanon: Beirut, Al-Rasheed House for Writing and Translation

10- Oxford Advanced Learner's Dictionary. (2001). Oxford: Oxford University Press.

11- Richards, J.(1985). Longman Dictionary of Applied Linguistics, Longman Group Limited

12- Trask, R. L. (1993). A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. New York. Routledge.

## ملخص البحث

الاتصال عملية مهمة فى الحياة الانسانية، فمنذ ان عاش الانسان على الارض و هو بحاجة الى الاتصال بمن حوله لغرض التفاهم وللتعبير عن عواطفه واحاسيسه، لذا فالاتصال يعد من اهم اشكال النشاط الانسانى وهو حاجة الانسانية لاشباع متطلبات حياته واستمرارها. ولتحقيق الاتصال هذا كان لابد من وجود عنصر مؤثر لكسب الاتصال حيث كانت اللغة العامل الرئيسى للتعبير عن الافكار وايصال الاحاسيس والعواطف واهم طريقة للمعرفة.

وعلى فرضية ان (اللغة اللفظية) وهى من اهم اسباب الاتصال الانسانى لا يجب ان تنسى الاسباب الاخرى مساعدة للاتصال الانسانى، هذا وقد اظهر البحث اللغوى عدم فهمنا فهما علميا فقط عن طريق الصوت والكلمة و مكونات الجملة، واظهر طرق اخرى للاتصال وهو (الاتصال غير اللفظى) مثل: الاشارة، لغة الجسد، المسافة بين الاشخاص اثناء الكلام، و كذلك اسباب مصطنعة كنوع و لون الملابس وادوات التجميل.....والخ، وكل ذلك مرتبط باللغة وأداء واجبها لغرض الاتصال.

ولغرض بيان ذلك بشكل مفصل تقدمت الرسالة بدراسة موضحة بالرسوم لعملية الاتصال هذه مكونة من مقدمة بحثت فى اسباب اختيار الموضوع وحدود البحث واهميته ، كما قسمت البحث الى ثلاثة فصول:

**في الفصل الاول:** اعتمدت الخط النظرى شمل المفاهيم والتعاريف والاهداف والنتائج وعناصر الاتصال، كما اشارت الى انواع الاتصال من وجهتيه اللفظية وغير اللفظية، مع بيان اسباب نقل المعانى واهمية ونظام الاتصال غير اللفظي.

اما الفصل الثاني: فقد اعتمدت القسم التطبيقي الخاص بلغة الجسم وحركاته، كما عرض من خلال تعريفاته واقسامه دور واهمية لغة الجسم في الاتصال. ومن خلال الثقافات المختلفة عامة و الثقافة الكوردية خاصة مستفيدة من صور توضيحية لزيادة توضيح للامثلة. وفي نهاية هذا الفصل تمت الاشارة لعدة نماذج والاشارات المستعملة فى اللغة الكوردية، مثل: الحالات الجسم و الوجه و العين و الايدي.

واختص الفصل الثالث: بصور ميدانية لـ(10) صور مختلفة الخاصة تبين لغة الجسم، مطبقا ذلك على (50) عينة لاشخاص اظهر نتائج حركاتهم عائد على الفصل.

ثم انتهت بنتائج البحث وقائمة للمصادر وملخص البحث باللغتين العربية والانكليزية.

# ABSTRACT

Communication is an important process. Since the existence of human beings on earth, communication has been an important means of understanding and expressing feelings. It is also one of the human activities to meet the needs for continuation of life. No doubt language is used to express ideas, feelings, and emotions and convey information.

Although spoken language is the most effective means of communication, the other supportive means must also be considered. New findings reveal that language cannot be studied only through sounds, words, and structures without studying non-verbal communication such as gesture, body language, proxemeics, and other artificialities like color of clothes, make up, and other properties that accompany language in performing language functions.

The thesis includes an introduction and three chapters. The introduction presents the title, the purpose, limitation, procedure, and difficulties of the study.

Chapter one is a theoretical chapter that deals with the concept, definition, aim, and channels of the process of communication as well as kinds of communication and means of transference of meaning and importance of non-verbal communication system.

Chapter two is a practical chapter that includes definition, parts, role, and importance of body language in communication. It is enriched with certain examples from different cultures with reference to certain illustrative pictures. Then at the end of the chapter certain indicative signals including body, face, eye, hand movements which are used in Kurdish language are presented.

Chapter three is a field study which includes ten pictures that express various types of body language. It is carried out among fifty persons. Then the conclusion to the chapter is presented.

Finally, the study ends with conclusion, bibliography, and abstract in Arabic and English.

# خشتەی دیاریکردنی ژمارە و ڕێژەی وەڵامەکان لەگەڵ وەڵامە ڕاستەکان

| | وەڵامی 1 | | وەڵامی 2 | | وەڵامی 3 | | وەڵامی 4 | | وەڵامی 5 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەس | ٪100 | کەس | ٪100 | کەس | ٪100 | کەس | ٪100 | کەس | ٪100 |
| وێنەی 1 | 4 | %8 | 9 | %18 | 30 | %60 | 6 | %12 | 1 | %2 |
| وێنەی 2 | 11 | %22 | 8 | %16 | 27 | %54 | 4 | %8 | 0 | %0 |
| وێنەی 3 | 12 | %24 | 4 | %8 | 27 | %54 | 6 | %12 | 1 | %2 |
| وێنەی 4 | 15 | %30 | 7 | %14 | 3 | %6 | 23 | %46 | 2 | %4 |
| وێنەی 5 | 4 | %8 | 2 | %4 | 9 | %18 | 34 | %68 | 1 | %2 |
| وێنەی 6 | 0 | %0 | 39 | %78 | 4 | %8 | 5 | %10 | 2 | %4 |
| وێنەی 7 | 22 | %44 | 1 | %2 | 9 | %18 | 17 | %34 | 1 | %2 |
| وێنەی 8 | 5 | %10 | 14 | %28 | 6 | %12 | 24 | %48 | 1 | %2 |
| وێنەی 9 | 3 | %6 | 7 | %14 | 34 | %68 | 4 | %8 | 2 | %4 |
| وێنەی 10 | 12 | %24 | 7 | %14 | 29 | %58 | 1 | %2 | 1 | %2 |

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
کۆلیژی زمان
بەشی کوردی
خوێندنی باڵا/ ماستەر

# فۆڕمی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر زمانی جەستە- لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە

ئامادەکردنی :
شنە ئەبوبەکر ئەحمەد

سەرپەرشتیار :
پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. یوسف شەریف

تێبینی :
1- پێویست بە ناو نوسین ناکات.
2- ئەم فۆڕمە تەنیا بۆ ئەنجام دانی کارێکی زانستییە.
3- بەرامبەر هەر وێنەیەك پێنج وەڵام هەیە، کامەیان بە گونجاو دەزانی دەست نیشانی بکە.
4- تکایە هەموو وێنەکان وەڵام بدەوە.

**وێنەی ژمارە (1)**

1- B لەگەڵ کەسێك دیداری هەیە و هەست بە نیگەرانی دەکات , بۆیە داوای یارمەتی لە A دەکات.
2- A و B بە دیتنی شتێك ترس دەیانگرێت.
3- حاڵەتی روخساری B واپیشان دەدات کە زیاتر دەترسێت.
4- هەردووکیان گوێیان لە دەنگێك بووەو نازانن چییە.
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم.



A B

**وێنەی ژمارە (2)**

1- یەکێك بانگی B دەکات .
2- A پرسیار لە B دەکات و ئەویش گرنگی پێنادات.
3- B بە هاتنی کە سێکی نەنا سراو بۆ ژوورەکەیان سەرسام دەبێت.
4- هەردووکیان گفتوگۆ لەبارەی بابەتێك دەکەن.
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم.



A B

**وێنەی ژمارە (3)**



A B

1- A شتێك بە بیر B دێنێتەوە کە پێشتر ئەنجامی داوە.
2- A نیگەرانە لەوەی کە B بە دڵتەنگی دەبینێت.
3- A داواکاریەك ئاڕاستەی B دەکات و B یش دوودڵە لە بڕیاردان.
4- A سەرزەنشتی B دەکات.
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم .

**وێنەی ژمارە (4)**



A B

1- A دڵی B دەداتەوە کە نیگەران نەبێت.
2- B دڵتەنگە لەوەی گرفتێکی هاتۆتە پێش.
3- B زۆر چاوەڕێی A کردووە کە ئێستا درەنگ هاتووە لێی تووڕەیە.
4- A داواکاریەکی لە B هەیە , B نارازییە.
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم.

**وێنەی ژمارە ( 5 )**



A B

1- B بێ تاقەت بووە لە قسەکانی لە A .
2- B ئاگای لە قسەکانی A نییە .
3- A نیگەرانە لەوەی کە B گرنگی بە قسەکانی نادات .
4- هەردووکیان سەیری شتێك دەکەن.
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم .

**وێنەی ژمارە ( 6 )**



1- تەنیا سەری ژان دەکات .
2- پەشیمانە لە وەی کە کارێکی هەڵەی ئەنجام داوە .
3- تووڕەو دەمارگرژە لە شتێك .
4- حاڵەتێکە لە نێوان خۆشی و ناخۆشی .
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم .

**وێنەی ژمارە ( 7 )**




1- دڵتەنگە لەوەی شتێکی هاتۆتەوە یاد .
2- تەنیا توورەیە، دڵتەنگ نییە .
3- تەنیا ماندووە .
4- تەنیا بیردەکاتەوە .
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم .

**وێنەی ژمارە ( 8 )**




1- بیرکردنەوەیەکی ئاسایی .
2- سەرسوڕمان بە بینینی شتێك لەگەڵ پرسیارکردن.
3- تەنیا سەری دەخورێت .
4- بە سەرسوڕمانەوە بیر لە شتێك دەکاتەوە.
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم .

**وێنەی ژمارە ( 9 )**



1- بە تووڕەیی لـە شتێك دەڕوانێت .
2- سەرسوڕماوە و نارەحەتە لـە شتێك.
3- دوودڵە لە بڕیاردان .
4- هەست کردن بە ترسێکی زۆر .
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم .

**وێنەی ژمارە ( 10 )**



1- هەست بە نەخۆشی دەکات .
2- دڵ تەنگە لـە شتێك .
3- تەنیا سەری لێ شێواوە .
4- توڕەیە لـە شتێك .
5- هەر وەڵامێکی تر یان نازانم .

حكومة اقليم كوردستان- العراق
وزارة التعليم العالى والبحث العلمى
جامعة صلاح الدين- اربيل

# لغة الجسم

## دراسة وصفية ميدانيية

رسالة مقدمة
الى مجلس كلية اللغات فى جامعة صلاح الدين- اربيل وهى جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى اللغة الكوردية

مقدمة من قبل
**شنه ابوبكر احمد**
بكالوريوس/ جامعة صلاح الدين- اربيل/ 2001

باشراف
**أ. م. د. يوسف شريف سعيد**

| | | |
|---|---|---|
| 2008 الميلادي | 1428 الهجري | 2707 الكردي |
| ( كانون الثاني ) | ( ذوالحجة ) | ( بفرانبار ) |

Kurdistan Regional Government - Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Salahaddin University – Hawler

# BODY LANGUAGE
## A Descriptive Field Study

A THESIS
SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE COLLEGE OF LANGUAGES
SALAHADDIN UNIVERSITY – HAWLER IN PARTIAL FULFILMENT OF
THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER OF ARTS IN
KURDISH LANGUAGE AND LINGUISTICS

**BY**
**SHNA ABUBAKIR AHMAD**
**BA – Salahaddin University- 2001**

**Supervised By**
**Dr. YOUSIF SHARIF SAEED**
**Assistant Professor**

| | | |
|---|---|---|
| **2707 (Kurdish)** | **1427 (Hijri)** | **2008 (AD)** |
| **(Bafranbar)** | **(Thulhija)** | **(January)** |